ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان
پەیامی قیبلە

ئیسلام و سیاسەت

دوو چەمک و یەک هەڵوێست

پەیامی حوکمڕانی

زنجیرەی
١٥

د.عومەر عەلی
٢٠١٨

زنجیره (١٥)

پەیامی حوکمڕانی

ئیسلام و سیاسەت

دوو چەمک و یەک هەڵوێست

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: ئیسلام و سیاسەت، پەیامی حوکمڕانی
نوسەر: عومەر عەلی
دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد
چاپخانە:
تیراژ:
نرخ:

ژمارە (   )ی ساڵی (   )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی:

الحمد لله الذي علم بالقلم ، علم الإنسان ما لم يعلم ، والصلاة والسلام على نبي الأمم ، سيدنا محمد الأجل الأكرم ، وعلى آله وصحبه ، ومن تبعهم بإحسان إلى اليوم الأعظم ، وبعد .

کاتێك دیراسەتی شەریعەتی ئیسلامی دەکەین کۆمەڵە شتانێك زۆر زەق و ڕوون دەبینرێت کە خۆ کەڕ کردن لە ئاستیان نادادگەریەکی ڕوون نیشان دەدات. لەگەڵ بێ ئاگای ئەو کەسەی کە بەشێوەیەك ناوزەندیان دەکات پێچەوانەیە لەوەی کە لە شەرع خۆیدا هاتووە! لەوانیە بڵێین ئەی باشە ئەو کەسە بۆ ئەم کارە دەکات؟ وەڵامەکەی زیاترە لە یەك هۆکار... هۆکارەکان زۆرن، بەڵام دەتوانین کورتیان بکەینەوە لە چەند دێڕێکدا وە یان بیان کەین بەچەند کۆمەڵێکەوە لەوانە:

١-نەشارەزای و تێنەگەشتن لە دەقە شەرعیەکان.

٢-هەبوونی شارەزایەکی زۆر کەم کە نەگەشتۆتە ئەو ڕادەی دەرك بە ڕاستیەکان بکات.

٣-دەستی ناحەزانی ئیسلام کە بەبێ گوێدانە حوکمە سەرەکیەکان ڕەدی دەکاتەوە.
٤-هەبوونی دووڕوو لەنێو مسوڵمانانادا کە بەشێوەکی نادیار زۆر جار کارەکان دەکات، وە ئەم خاڵەش هەماهەنگیەکی هەیە لەگەڵ خاڵی پێشوودا.
٥-کاریگەری ناحەزانی ئیسلام لەسەر مسوڵمانان ئەمەش لە هەندیك کەسدا دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی وا کاریگەری لەسەر دروست بووە زۆر جار ڕاستیەکان نابینێت.
وە زۆرێکی تریش... بۆ ئەوەی زۆر ڕۆنەچین لەگەڵ ئەم جۆرە بیرۆکانەدا وەیان هۆکارانەدا پێویستمان بە هەڵوێستەیەکی واقعی هەیە لەسەر خودی ئیسلام خۆی وە تێڕوانینمان بۆ بنەما سەرەکیەکان بەشێوەیەکی قوڵ هەرچەند بە بڕوای ئێمە ئەگەر مرۆڤەکان بە ئینسافەوە تێڕوانینێکی خێراش بکەن لەسەر ئیسلام زۆرینەی ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت... بەڵام کە لە ئەرزی واقیعدا دەبینین بە پێچەوانەوەیە ئەمەش ئەوە بەبیر دێنێتەوە کە دیارە بەو چاوەوە ئەو تێڕوانینە نەکراوە، وەیان کراوەو بەڵام یەکێك لەو هۆکارانە هەیە کە لە پێنج خاڵدا کورتمان کردەوە.
بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی کە ڕۆژانە بەرگوێمان دەکەوێت لە چەندەها ڕێگەی جیاوازەوە وەك میدیاکان و سایتەکان و دەوروبەرمان پێویستمان بە وورد بوونەوەیەك هەیە لە خودی ئیسلام خۆی نەك سەیری دەمی خەڵك کردن و بزانین کێ ڕاست دەکات لەکاتێکدا خۆمان ڕاست نەناسین، چونکە ئەگەر خۆمان ڕاستمان نەناسی ئەو کاتە زوو تێدەکەوین چونکە تێکەڵیەك دروست دەبێت لەکارەکاندا، بەڵام ئەگەر ڕاستمان ناسی ئەوکات پێوەرێکمان پێ یە بۆ گفتوگۆکانی دەوروبەرمان هەرکە بیرۆکەیەك درا بە گوێماندا پێش ئەوەی بدەین بەلا ملمانداو ئەشهەدوی بۆ بکەین دەیدەین

لەو پێوەرە، ئەگەر دەرچوو لەو تاقیکردنەوە ئەوکات بەبێ دەمارگیری لێی وەردەگرن، ئەگەر کابراش خۆی بۆخۆی چاك نەبوو..وە گەر لە پێوەرەکە دەرنەچوو شایانی ڕەد کردنەوەیە ئەگەر کابرایەکی چاکیش ئەو فکرەی دابێت بەبەر گوێمان. چونکە مرۆڤەکان شایەنی هەڵەن ناکرێت ئێمە هەر بەسیماو ڕواڵەت بخەڵەتێین، چونکە ئەگەر وابوو ناگەینە مەبەست هەر لە سەرەتای ڕێگەدا وەیان نیوەی ڕێگەدا پەکمان دەکەوێ و هەموو ڕێسەکەمان دەبێتەوە بەخوری. وە مرۆڤی مسوڵمان ئەگەر ڕاست بکات لەگەڵ خوای خۆی و دینەکەیدا دەبیت لێ ببڕێت بۆی نەك تەنها بە ووتە بەڵکو بە کردەوەش وە ئەو لێبڕانە چۆن دەردەکەوێت لە کۆمەڵە شتانێکدا یەکێك لەوانە گەڕانە بەدوای ڕاستیداو خۆ پڕچەك کرنە، لە زانیاریە ئاینیەکاندا، وەگەر وامان نەکردوو پشتگوێمان خست ئەوکات ناڕاستیمان دەردەخات بەرانبەری. ئەڵبەت ئەگەر عوزر نەبوو لەم پشتگوێ خستنە چونکە بارودۆخی مرۆڤەکان جیاوازن وە خوای گەورەش داوای زیاتر لە توانای خۆمانی نەکردووە وەك دەفەرموێ [لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا][1]. زانیاری ئاینی گرنگیەکی یەکجاری هەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا بۆیە دەبینین لە شەرعیشدا زۆر پێداگری کراوە لەسەر فێربوون و فێرکای وە قورئان خۆی بۆ خۆی شایەتحاڵی ئەم ڕاستیەیە، ئاشکرایە یەکەم ئایەت کە دابەزی بە بخوێنە دەستی پێکرد وەك دەفەرموێ [اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ][2] هەروەها لە فەرموودەشدا زۆر جار تەئکید لەسەر خوێندن کراوەتەوە وەك دەفەرموێ [من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين][3] باسەکەمان لەسەر عیلم نی یە، ئاشکرایە بەڵگە زۆر زۆرن، لەسەر ئەوەی کە ئیسلام هانمان دەدات بۆ فێربوون و بەدواداچونی ڕاستیەکاندا هەتا لە کتێبە زۆر بەنرخەکەی

١ سورەتی البقرة ئایەتی ٢٨٦
٢ سورەتی العلق ئایەتی ١
٣ ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە

ئیمامی بوخاریدا بەشێکی تێدایە بەناوی (العلم) زانیاری کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئایەت و فەرموودەی تێدان لەسەر عیلم و زانیاری. لەبەر چی ئەم باسەمان هێناوە ناو ئەم ووتانەوە بۆ ئەوەی تەمبەڵی نەکەین لە ئاستی فێربووندا چونکە گرفتی زۆرینەی کێشەکان لە دووریمان لە زانیاریەوە دەست پێ دەکات. خۆ ئەگەر مسوڵمانەکان هەموویان خۆیان پێداگریان بکردایە لەسەر فێربوون و بەدواچونی زانیاریەکان ڕۆژەکە نەدەگەشتە ئەم ئاستەی ئێستاو هەرکەس بێت و بەناو دینەوە گومان بۆ دین دروست بکات!

بۆ خۆ پڕ چەك کردنمان لەسەر ئەم پەیامە پاکە دەبێت بەردوام لە هەوڵ و برەوداندا بین، بۆ زیاتر زانیاری ڕاست و دروست لەسەر قورئان، فەرموودەکان، هەموو ئەو بڕگانەی تر کە لە ئەوەوە سەرچاوە دەگرن وەك کۆڕەوی زانایان، هاوشێوە (القیاس) هەروەها عادەتی خەڵی (العرف) وە لەم کتێبەدا بەکورتی بریتیە لە باسێکی گشتی لەسەر قورئان و ناساندنی لەگەڵ فەرموودەدا، دواتر گەشتێك بەناو قورئانداو ئەو زانیاری و حوکمانەی لە قورئاندا هەیە چی یە؟ ئایا قورئان هەرباسی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە خۆی دەکات و تەنها لە عیبادەتدا کۆبووەتەوە یان باسی تر لە قورئاندا هاتووە؟ ئایا ئەگەر ئیسلام تەنها پەیوەندی ڕۆحی نێوان خوای گەورەو بەندەکانیەتی بۆ باسی وردەکاری پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیش یاسای بۆ دانراوە لە قورئاندا؟ ئایا ئەو هەموو بەسەرهات و باسی حوکم لە قورئاندا هۆکاری باسکردنی چی یە؟ ئایا ئەو سزانەی کە یاسای ڕێگری بۆ دانراوە کێ هەڵدەستێت بەو ڕێگریە؟ ئایا گەر ئیسلام تەنها پەیوەندی ڕۆحی نێوان خوای گەورەو مرۆڤەکانە ئەگەر مرۆڤەکان سەرپێچیان کرد کێ بەرپرسە لە ڕاست کردنەوەیان؟ ئایا ئەگەرکەسێك نەیوست ئەو پەیوەندیە ڕۆحیە هەبێت و پەیوەندی ڕۆحی کەسانی تریش تێك بدات کێ پێی بڵێ قوربان تۆ سنوری خۆتت بەزاندووە؟ ئایا ئەو هەموو یاسایانەی

له قورئاندا باسکراوە حیکمەتی چی یە؟ ئایا گەر ئیسلام هەر باسی پەیوەندی ڕۆحیە بۆ قورئان بە تەواوی باسی ئەوە پەیوەندیە ڕۆحیەشی نەکردووەو هەندێکی وازلێێناوە بۆ سونەت تا ڕوونی بکاتەوە؟ ئایا گەر پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت بیزانیایە ئیسلام هەر پەیوەندی نێوان خوای گەورەو مرۆڤە چ پێویست دەکرد ئاشکرای بکات و توشی ئەو هەموو چەرمەسەریە بێتەوەو هەر لە ئەشکەوتی حەراء بەردەوام نەبوو لەسەر پەیوەندی خۆی و خوای گەورە؟ خۆ تا ئاشکرای نەکردبوو بە پیاوە ڕاستگۆو ئەمینەکە ناسراوبووا! دواتر ئەگەر فاکتەرێکی گرنگ لە پێشی نەبوایە کێ کاری بەسەریەوە هەبوو لە ئەشکەوتی حەراء؟ باشە دوای ئەوەش کە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کە بەتانی دا بەسەرخۆیداو بۆ ئایەتی تر دابەزی و داوای هەستانی لێکرد؟ ئایا ئەو هەموو ئایەتەی کە بە شێوەی فەرمان دابەزیووە بۆ سەر پێغەمبەر فەرمانەکان بۆ کێ یە؟ ئایا ئەو هەموو فەرمانەش چی تێدایە؟ هەر دەڵێ عیبادەتەکانت بکەو تەواو؟ ئایا عیبادەت خۆی چی یە؟ ئایا خراپەکاری نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی عیبادەتیش؟ ئەی بۆ گلەی لەو کەسانە دەکەن کە نوێژ دەکەن و کاری خراپیش دەکەن؟ ئایا نوێژ و عیبادەت بۆ ئەوە نی یە لە خراپە بتگێڕێتەوە؟ ئایا جۆرەکانی خراپەش باس نەکراوە لە قورئانداو ڕیسای بۆ دانەنراوە کە چۆن مرۆڤەکانی لێ دوور بخرێتەوە؟ ئایا ئەو هەموو وشەی حوکمە لە قورئاندا باسی چی دەکات؟ دەکرێت حوکم بەبێ حاکم؟

بە قەبارەی کتێبێك پرسیار هەڵدەگرێت ئەو یاسانەی لە قورئاندا چوارچێوەی بۆ کێشراوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورەو مرۆڤ و مرۆڤەکان، بەڵام پێم سەیرە قورئانێك کە پارێزراوەو بە ئاسانی لە گشت جێگەیەك دەست دەکەوێت و وەك کتێبەکانی تر سەدان بەرگی جیاوازی نی یە! بەڵکو هەر یەك بەرگە کەچی کەسانێك بەناوی ڕۆشنبیرەوە ئاگایان لەو

ناوەرۆکە نی یەو بەناوی خوێندەواریەوە نەخوێندنەوەو نەخوێندەواری خۆیان نیشان دەدەن لەسەر شاشەکان!
١٣٠٠ ساڵ حوکم بە قوئان کراوە لەسەر زەویداو تۆ ئاگات لە و مێژوەش نەبێت! هەربۆیە ئەو کەسانەی کە ئیسلام بچوك دەکەنەوە تەنها لە عیبادەتدا خۆشیان عیبادەتەکەش ناکەن! ئەوەی کە قەناعەتیشیان پێیەتی پیادەی ناکەن! بەڵام نەخێر ئەمانە ئەگەر قورئانیشیان نەخوێندبێتەوەو شارەزاشی نەبن هەر ئەوە دەزانن کە خۆیان ڕاست ناکەن! بەڵام وەك چۆن هەندێك کەس ئیسلام بۆ مەرامی خۆی بەکار دێنێت ئەوانیش دژایەتی کردنی ئیسلام بۆ خۆیان بەکار دێنن! ئەو کەسانەی دژایەتی ئیسلام دەکەن خۆیان و ڕەوشتی خۆیان باش ناسیوەو دەزانن خوڕەوشتی خۆیان لەگەڵ ئیسلام یەکناگرێتەوە! لەبری ئەوەی خۆیان ڕاست بکەنەوە هەوڵ دەدەن ئیسلام لاربکەنەوە! بەڵام ئیسلام مادەیەکی دونیایی نی یە بە هێزی چەند کەسێك لاربکرێتەوە! ئامێرو هێزەکان خۆیان دەپسێن و هەوڵ و ئامێرەکان بە فیڕۆ دەدەن و ئەسپانەو پلایس و ئامێرەکانیان پێی ناکات!
مێژووی ئەو هەوڵانە شاهیدن کە هەم خۆیان و ئامێری زۆریان بە فیڕۆداوە لەو پێناوەداو ئیسلام هەر بە ڕێکی ماوەتەوەو ئەوە ئەوانن خۆیان خەسار کردووە.
بەشارەزا بوون لەو بنەمایانە خۆی بۆخۆی وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ئیسلام و سیاسەت دوو شتی لێك جیاوازن مسوڵمان دەبیت کەنارگیر بێت و هەریەکەو بۆخۆی لەماڵی خۆی نوێژو عیبادەتی خۆی بکات و قوڕوقپ لێی دابنیشێ ! ئیتر هەرکەس دێت هەرچی دەکات لەژێر هەرناوێکدا مافی خۆیەتی بەڵام تۆ هیچ مافی دەستێوەردانت نی یە، ئەمە سیاسەتە بقەیەو نابێت توخنی بکەویت! وەهەندێك زۆر لێزانەتر دەیڵێن دەڵێن: ئیسلام ئاینێکی پاکە نابێت تێکەڵاوی سیاستی بکەیت چونکە سیاسەت پیس و درۆیە؟! وەڵامەکەشی

ئەگەر بەسەرنجەوە بدرێت ناپاکی خۆیان دەردەخات چونکە ئەو سیاسەتەی کە ئەوان پێڕەوی دەکەن دیارە درۆو پیسە هەروەك خۆیان بەو شێوە ناوی دەبەن. بەڵام بێگومان سیاسەتی ئیسلامی سەرچاوەکانی لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە هەڵ دەهێنجرێت جا لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ درۆو ناپاکیدا یەکناگرنەوە. چۆن دەکرێت بەناوی دینەوە سیاسەت بکرێت بەڵام لەسەر درۆو ناپاکی. بێگومان نەشیاوەو بەهیچ شێوەیەك نابێت جا گەر خۆمان بۆخۆمان ڕۆشتینە ناو ووردەکاریەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت وە ئومێد دەکەین لەم کتێبەدا بتوانین هەندێك لەو ڕاستیانە بخەینە ڕوو.
بە پشت بەستن بە تەنها قورئان و فەرمووده گشت ئەو گومانانە پوچەڵ دەبێتەوە کە بەناوی ئیسلامەوەو بەناولێنانی خود بە ڕۆشنبیرو شارەزا لە بواری ئاینی و ئیسلامی سیاسی قسەی بەتاڵ لەسەر ئیسلام بکرێت. هەربۆیە گەر بە خێرایش بەسەر قورئاندا بڕۆیت دیمەن و ناوەرۆکی ئایەتەکان خۆیان دەدوێن! گەر هەرکەس گومانی هەبوو لە قورئان و وا تێگەیەنرابوو کە قورئان تەنها پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوای گەورەیەو خوای گەورە کاری بەسەر حوکمڕانیەتی سەر زەویەوە نی یە ئەوا پێویستە ئەمجارە لە بری ڕۆمانێك با قورئان بخوێنێتەوە؟ بۆکات بۆ ڕۆمانێك و بەسەرهاتێکی خەیاڵی جێگەی بایەخ بێت و قورئان ئەو گرنگیەی نەبێت؟ یان ئەوەتا ئەو کەسانە خۆیان دەیانەوێت لە دونیای خەیاڵدا بژین یان ئەوەتا پێویستە دەست بدەنە ئەو قورئانەو بیر لە ژیانی واقعی بکەنەوە
لێرەدا جێگەی خۆیەتی بچینە سەر ناساندنێکی قورئانی پیرۆز و هەندێك لە ناوەرۆکەکەی بکۆڵینەوە، کە بەداخەوە لە تیڤیە کوردیەکانەوە بەرنامەی کتێب ناسیان هەیەو هەرجارەو کتێبێك بە بینەران دەناسێنن بەڵام ئەم کتێبە بە بەردەوامی دەشاردرێتەوە بە پێچەوانەوە بەخەڵکی دەناسێنرێت.

تێگەیشتن لە قورئان

دەست پێدەکەین بە چەند وتەیەکی بەڕێز مامۆستا صلاح الدین کە لە کتێبەکەیدا بەناوی قورئانی پیرۆز چۆن بخوێنینەوە نوسیویەتی «هەر لەیەکەم «بسم الله»ی قورئانەوە پێش چواردە سەدە تا ئەمرۆ دوو هێز شەڕیانە لەسەر قورئان .. یەکێکیان ئەیپارێزێ و بە مەردوومی رائەگەیەنێ ..ئەوی تریان ئەیشارێتەوەو تورەکەی سەوزو سووری بۆ هەڵ ئەدورێ و هەردەم بەناوی شتێکەوە لە مەیدانی پەیڕەوی دووری ئەخاتەوە. بێگومان هەر دوکیشیان ناحەقیان نی یە..! چونکە ئەو تامەو لەزەتەی قوتابیانی قورئان وەریان گرتووە لە قورئان زۆر لەوە گەورەترە لە سەرو ماڵ و خوێن و گیان و گەل و نیشتیمان .. هەروەها ئەو چەپۆکەی دووژمنانی قورئان بەریان کەوتووە لە قورئان زۆر شایانی ئەوەیە لەوە زیاتر هەوڵی خوێناوی بۆ بدەن بۆ دواخستنی مەرگی پڕ لە شەرمەزاریان. بەڵام دژایەتی قورئان زۆر لە شەڕە قۆچ لەگەڵ بەردەکانا بێ جێگە ترە.. چونکە قورئان فەرمایشتی خوایەو لەگەڵ خوادا ئەمێنێ .. هەرکاتێ ئەو ناحەزانە توانیان بەری رەورەوی مانگ و خۆرو گژو گیا سەوز بوون و باران بارین و مردن و ژیان بگرن ئەوسا ئیزنیان بێ، رێ بە ڕەوڕەوی دەستوری ژیاننامەی خواش بگرن. قورئان دەفتەری نووسراوەی ئەم بوونەوەرەو جیهانەیەو تەعلیماتی چۆنێتی خەلیفایەتی خوایە لەسەر زەویدا.. بۆیە تا زەمین بمێنێ و تاکە مرۆڤێکی لەسەر بمێنێ ئەبێ قورئانیشیان بۆ بمێنێ»[٤] زۆر بەداخەوە دەڵێین زۆر جار دەبینین و دەبیستین لێرەو لەوێ کەسانێك دەنوسن لەسەر قورئان، وە بەشێوەیەکی وا نیشانی دەدەن بەپێچەوانەی ئەوەی کە قورئانەکە خۆی باسی دەکات. شتەکان لنگەو قوچ دەکەنەوە، ئەمەش کارێکی تازە

٤ صلاح الدین محمد بهادین لا ٥-٦

نیە کە لەوبارەوە دەکرێت ئەگەر بێتو سەیرێکی مێژووی ئیسلامی بکەین هەر لەسەرەتای هەڵهاتنی ئەم ڕووناکیەوە کۆمەڵێك دژایەتیان کردووەو هەموو هەوڵێکیان خستۆتەگەڕ بۆ لەناوبردن و ناشرین کردنی لەلای تەواوی خەڵکی و بەتایبەت مسوڵمانان و گومان دروست کردن لەدڵیاندا بەرانبەر قورئان. هەوڵەکانیشیان بەزەرەری خۆیاندا شکاوەتەوە، چونکە نەیان توانیوەو ناتوانن بە هیچ شێوەیەك بەربەست بن لەبەردەم ئەو ڕووناکیەدا، هەتا ئەگەر کەسیش نەبێت پشتیوانی بکات... واقیعەکە شایەتی ئەمەیە دەبینین هەر هێرشێك دەکرێتە سەر ئیسلام چ بەنوسین فیلم وێنە...هتد دەبینین چۆن لە هەموو لایەکەوە بەرپەرچ دەدرێنەوە! خوای گەورە خۆی ئەو بەڵێنەی داوەو هەر قورئانەکە خۆشی شاهیدحاڵی ئەو ڕاستیەیە (إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحفظون)[5] واتە ئێمە قورئانمان دابەزاندووەو هەرخۆشمان دەشی پارێزین، تەنها ئەو ئایەتە بەڵگەیەکی زۆر زۆر بەهێزە بۆ ڕەد دانەوەی زۆرێك لە ناحەزان و دژە قورئانان، لەگەڵ گۆڕانی ئەو هەموو سەردەمە جیاوازانەوە کە دوای دابەزاندی قورئان هاتوون، هیچ کۆمەڵێك نەیان توانیوە هەتا گۆڕانکاریەکی بچوکیش لە قورئاندا دروست بکەن، لەگەڵ ئەو هەموو ناحەزانی ئیسلامە جۆراو جۆرەدا هەر لەسەردەمی پێغەمبەرمانەوە درودی خوای لێ بێت هەتا ئێستا، هەر ئەمە خۆی بۆ خۆی وەڵامدانەوەیەکی زۆر گرنگە ئەگەر بێتو تۆزێك بە وردی بڕوانینە مەسەلەکە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاس بۆ خوا زانایان و خۆشەویستانی ئیسلام و قورئان لێنەگەڕاون هەروا ناحەزانی ئیسلام تانەو تەشەر لەقورئان و ئیسلام بدەن، لەهەموو لایەکەوە بەهەموو شێوەیەك بەرپەرچ دراونەتەوە، ئەم بەرپەرچ دانەوەش نهێنیەکی زۆر گەورەی تیا دەبینین، ئەویش ئەوەیە چ وا لەزانایان وەیان دۆستانی قورئان دەکات کە هەستن بەم کارە، خۆ ئەگەر ناحەزان دەسەڵاتیان

---

٥ سورەتی **الحجر ٩**

لە پشتەو بۆ کۆمەڵێك مەرام و بەرژەوەندی ئەم کارە دەکەن!!! خۆ مسوڵمانان بەپێچەوانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئازار دەدرێن بە هەستانیان بەم کارە!! بەشیوەیەکی خراپ وەسف دەکرێت، لەگەڵ ئەوەدا ئازاردان و بریندار کردنی هەست و نەستی ئەو هەموو مسوڵمانە بەئاسایی و ئازادی وەسف دەکرێت!!! بەڕاستی زۆر سەیرەو حوکمێکی زۆر نا عادیلانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەك لێی بێدەنگە!!؟ پێمان وایە ئەم ڕاستیانە شاراوە نیە هەموومان تاڕادەیەك ئاگامان لێیە لەبەرئەوە وازی لێدێنین. ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە شتێکی بەڵگە نەویستە کە قورئان و ئیسلام پارێزراوە لەلایەنی خواوە، بەڵام هۆی تانەو تەشەرو بەخراپ باسکردنی کاریگەری دەبێت لەسەر مسوڵمانان ئەگەر بێت و ئاگایان لە قورئان نەبێت، هەر بۆیە زۆر جەخت دەخەینە سەر ئەوەی کە گرنگە شارەزایمان هەبێت لەسەر ئیسلام و قورئان بەتایبەتی، چونکە قورئان یەکەم سەرچاوەو وە گرنگترین سەرچاوەیە، هۆی شارەزایمان دەبێتە کلیلی گومان و دودڵی و هەموو ئەو شتانەی کە ناحەزانی ئیسلام دەیانەوێت مسوڵمانانی توش بکەن، لێرەدا جێگەی خۆیەتی تۆزێك لەسەر قورئان بنوسین بە ئومێدی زیاتر چونمان بەرەو قورئان و ڕەواندنەوەو لابردنی هەر گومانێك ئەگەر دروست بوو بێت، هەرچەند ئەو شتانەی کە ناحەزانی ئیسلام دەیدەنە پاڵ ئیسلام لەڕاستیا شێکی تازە نیە لە پێشتریشدا هەمان دژایەتی بووە، ئەمەی کە ئەمڕۆ دەکرێت زۆرێکی هەر دووبارە کردنەوەی ئەوانی پێشووە!! تاڕادەیەك ئەمەش دڵخۆشمان دەکات! بۆ؟ چونکە ئەوانەی پێشتر هیچیان پێ نەکرا گومانمان لەوەدا نیە ئەمانیش هەروا دەبن،سەرەتا مسوڵمانێتی کە سەری هەڵدا تەنها لە یەك کەسەوە دەستی پێ کرد کە پێشەوامان بوو درودی خوای لێ بێ چونکە هێزێکی ئیلاهی لە پشتەوە بوو گەیشتە مەرحەلەی دەوڵەت و وە تەشەنەی کرد بۆهەموو چواردەوری لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتیەشدا، بێگومان

ئەوانەی ئەمڕۆش بەهیچ ناچێ جگە لە سەرشۆڕبوون و ئاخیرەت شەڕی نەبێ.
هەرچەند خوێنەرانی بەڕێز قورئان زۆر لەوە گەورە ترە کە ئێمە بتوانین حەقی تەواوی خۆی پێ بدەین، بەڵام هەتا ئەگەر کەمێکیش بێت ئومێدمان وایە بەرەو زیاترو زیاتر بڕوات و وە دڵەکانمان پێی گەش بێتەوە. ئەوەی کە مەبەستمانە لەم نوسینەدا ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە لە قورئاندا هەیە وەك وەڵامێك بۆ ئەوانەی کە ئیسلام تەنها لە پەیوەندی مرۆڤ و خوای گەورەدا تەسك دەکەنەوە.
نوسین لەسەر قورئان چەند لایەنێك دەگرێتەوە.
١- چونێتی خوێندنەوەو زانیاری تەجوید.
٢- زانیاری قورئان «علوم القران».
٣-تەفسیری قورئان و هۆی دابەزاندی ئایەتەکان.
بۆ هەریەکێك لەوانە چەندەها کتێب هەیە زۆر بە وردی باسی دەکات، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەکورتی تیشك بخەینە سەری تەنها ئاماژە کردن و ناساندن و تایبەتمەندیەکانیەتی بە شێوەیەکی گشتی بەئومێدی دروست بونی خۆشەویستیمان بۆی زیاتر. بۆ ئەوەی سەرەتایەك بێت بۆ چونەناو زانیاریەکانی تری بەدرێژی ان شاء الله.

قورئان

قورئان ناوی کتێبێکی عەرەبیە کە دابەزێنراوەتە خوارەوە لەلایەنی پەروەردگاری جیهانیانەوەو لە ڕێگەی جبرەئیلەوە بە وەحی بۆ پێشەوامان محمد درودو سەلامی خوای لێ بێت، کە دەست پێدەکات لە سورەتی فاتیحەوە وە کۆتایی پێدێت بەسورەتی الناس[٦] لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە ووشەی عەرەبی سەرەنجامی ئەو دژایەتیانەی کە کراوە، زۆر بەداخەوە دەڵێین هەندێك لە کوردەکانمان وایان لێهاتووە حەساسیەتیان بەو ووشە بێت، وەکو ناحەزان دەڵێن قورئان بە عەرەبیەو بۆ عەرەب هاتووە، بەڵام ئەو قسانە هەمووی پڕو پوچ و بێ ئاگاییە لە قورئان وە قورئان هەر خۆی ڕەدی ئەوانەی تێدایە، قورئان هیدایەت و ڕەحمەتە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بە بێ جیاوازی لە نێوان هیچ تیرەو هۆزێکا، ئەگەر عەرەبیش بە هی خۆی بزانێ و شانازی پێوە بکات ئەویش هەر هۆی نەشارەزاییە، چونکە قورئان بۆ خۆش بەختی هەموولایەکە، دەبێت جێگای خۆشبەختی هەموو لایەکیشمان بێت، لە مێژووی ئیسلامەتیشدا ئەو ڕاستیانە دەبینین بۆ نمونە ئەگەر هەر سەرنجێکی خێراش بەسەردەمی پێشەوامان درودو سەلامی خوای لێ بێت بدەین، دەبینین چۆن هەموو ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی پەروەردە دەکردو دەیکردن بە برای یەکتر، لەسەر ئەو بنەما پەروەردەی دەکردن. ئەگەر تەنها ووشەیەکی ببیستایە بۆنی دەمارگیری لێبهاتایە زۆر بە توندی توڕە دەبوو لەگەڵ ئەوەدا کە خۆی سەلامی خوای لێ بێت زۆر زۆر هێمن بووە. بەڵام ئێستە لەسەدەی بیست و یەکدا زۆر بەئاشکرا دەمارگیری و عونصوریەت لەناو خەڵکانی بەناو پێشکەوتووە دەبینین، ئەوە ڕاستیەکە لای هەمووان ئاشکرایە ئێرە جێگەی ئەو باسە نیە ئەگینا بە بەڵگەوە

---

٦ عبدالله بن یوسف الجدیع لا ١٠٥

دەمان سەلماند دەكرێت بكرێتە باسێكی سەربەخۆ. یەكێك لە چاكەكانی خوای گەورە بەسەرمانەوە ئەوەیە كە هەروا وازی لێنەهێناوین، بەڵكو ئەم قورئانەی بۆ ڕەوانە كردووین تا ببێتە مایەی ڕێنمونیمان، ئەو قورئانەی كە فیطرەتی پاك خۆی دەگەڕێتەوە لای[٧]

ناوەكانی قورئانی پیرۆز

قورئان خوای گەورە ناوی بردووە بە چەندەها ناو بەناوبانگترین ناو ناوی «قورئانە» وەكو دەفەرمووێ (ان هذا القرءان يهدی للتی هی اقوم) [٨] [٩] واتە «بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاكترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە«. هەروەها «الكتاب» وەكو دەفەرموێ(لقد انزلنا اليكم كتبا فيه ذكركم)[١٠] واتە «سوێند بەخوا بێگومان ئێمە كتێبێكمان رەوانە كردووە بۆتان كە یادەوەریە و سەربەرزی ئێوە لە شوێنكەوتنیایەتی « «الفرقان» وەك دەفەرموێ (تبارك الذی نزل الفرقان علی عبده ليكون للعالمين نذيرا)[١١] واتە «بەرزو پیرۆزو پاك و بڵندە ئەو زاتەی كە قورئانی دابەزاندووە تا ببێتە جیاكەرەوەی راست و ناراست كە لە حوكمەكانیشدا دەردەكەوێت، واتە هەر ناوی قورئان خۆی بۆ خۆی مانای سیاسەتیش هەڵ دەگرێت ئەویش بە جیاكاری كارەكان، بۆ سەر بەندەی خۆی محمد (صلی الله عليه وسلم) تا ببێتە هوشیاركەرەوەو بێداركەرەوەی دانیشتوانی جیهان لە هەموو سەردەمێكدا» وە «الذكر» وەك دەفەرموێ (انا نحن نزلنا الذكر وانا

٧ مناع القطان لا ٧
٨ سورەتی الاءسراء ٩
٩ مناع القطان لا٢٠
١٠ سورەتی الانبياء ١٠
١١ سورەتی الفرقان ١

له لحفظون)[12] واته ئێمه قورئانمان دابەزاندووەو وە هەر خۆشمان دەیپارێزین. وە «التنزیل» وەك دەفەرموێ (وانه لتنزیل رب العالمین)[13] واته «بەڕاستی ئەم قورئانه لەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە ڕەوانەکراوە». ئەوە چەند ناوێك بوون له ناوەکانی قورئانی پیرۆز.

سیفەتەکانی قورئانی پیرۆز

خوای گەورە قورئانی وەسف کردووە بە چەندەها وەسف بۆ نمونه «النور» وەکو دەفەرموێ (یاایها الناس قد جاءکم برهن من ربکم وانزلنا الیکم نورا مبینا)[14] واته «ئەی خەڵکینە بەڕاستی له لایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراتان بۆ هاتووە (کە محمد پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم)و نوورو ڕووناکیەکی ئاشکراشمان بۆ دابەزاندوون (کە قورئان)ە». وە هەروەها «مبارك» وەك دەفەرموێ (وهذا کتب انزلنه مبارك مصدق الذی بین یدیه)[15] واته« ئەم (قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە ، دامان بەزاندوە، ڕاستی کتێبەکانی پێشوو دەسەلمێنێت (بە تایبەت تەورات وئینجیل، کە ئەوانیش له لایەن خواوە ڕەوانه کراون)». هەروەها «مبین» وەکو دەفەرموێ (جاءکم من الله نور وکتب مبین)[16] واته«بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناکیەکی ئاشکراتان بۆ هاتووە (کە محمدی پێغەمبەرمانه صلی الله علیه وسلم) هاوڕێ لەگەڵ کتێبێکی ڕوونکەرەوەدا (کە قورئانە)». وە «بشری» وەك دەفەرموێ (مصدقا لما بین یدیه وهدی وبشری

---

١٢ سورەتی الحجر ٩
١٣ سورەتی الشعراء ١٩٢
١٤ سورەتی النساء ١٧٤
١٥ سورەتی الانعام ئایەتی ٩٢
١٦ سورەتی المائدة ١٥

للمؤمنين)[17] واته«کتێبه پێشوەکان بەڕاست دادەنێت و ڕێنموویی (بۆ چاکه) دەکات و مژده بەخشیشه به ئیمانداران». وه «عزیز» وەك دەفەرموێ (ان الذین کفروا بالذکر لما جاءهم وانه لکتب عزیز)[18] وەته«بەڕاستی ئەوانەی که باوەڕیان نەبووه بەو قورئانه لەکاتێکدا بۆیان هات، بێگومان ئەو قورئانەش کتێبێکی زۆر به نرخ و ناوازەو سەرکەوتووه«. وه «مجید» وەك دەفەرموێ (بل هو قرءان مجید)[19] واته«(ئەوەی ئەوان دژایەتی دەکەن) ئەو قورئانه بەرزو بڵندو پایەدارەیه«. وه «بشیر و نذیر» وەك دەفەرموێ (بشیرا ونذیرا)[20] واته ئەم قورئانه مژده دەرو ترسێنەره[21]. گەر بێت و سەرنج بدەینه ئەو ناو سیفاتانه زیاتر گەورەی و فەڕو بەرەکەتی قورئانەکەمان بۆ دەردەکەوێت، قورئانێك هەر له ناوەکەیەوه ئەوه هەموو ماناو چەمکانەی تێدا بێت بۆ ژیان چۆن دەکرێت له کایه گرنگەکانی ژیان جیا بکرێتەوه، قورئانێك بەو هەموو پرۆژه بەهێزانەوه چۆن دەکرێت له کایەکانی ژیان دووربخرێتەوەو لەبریدا بەدوای پرۆژەی تر بگەڕێن!.

تایبەتمەندیەکانی قورئان

١-قورئانی پیرۆز وتەی خوای گەورەیه، دابەزێنراوەته سەر پێشەوامان درودی خوای لێ بێت له ڕێگەی جبرەئیلەوه وەکو له سەرەوەش ئاماژەمان پێ کرد بەڵام لەبەر ڕیز بەندی خاڵەکان بەگرنگمان زانی لێرەش ئاماژەی پێ بکەینەوه.
٢-دەربڕین و مانای لەلایەن خواوەوەیه، بەم شێوەیه بۆیه به فەرموودەکانی پێشەوامان درودی خوای لێ بێت پێیان ناوترێت قورئان.

١٧ سورەتی البقرة ٩٧
١٨ سورەتی فصلت ٤١
١٩ سورەتی البروج ٢١
٢٠ سورەتی فصلت ٤
٢١ مناع القطان:٢١-٢٢

٣-هەمووی عەرەبیە وەکو خوای گەورە خۆی دەفەرموێ (کتب فصلت ءایته قرءانا عربیا لقوم یعلمون)[٢٢]» کتێبێکە؛ ئایەت و فەرمانەکانی بەش کراوەو جیاکراوەتەوە (ئیمان وکوفر، حەڵاڵ و حەرام چاکەو خراپە..هتد)، قورئانێکە بە عەرەبیەکی رەوان بۆ کەسانێك کە دەیزانن و شارەزاییان هەیە (لە زمانەوانی و زانستەکان).
« هەروەها دەفەرمووێ (وهذا لسان عربی مبین)[٢٣] واتە « ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی پاراو روون و ئاشکرا دارێژراوە « دیارە ئەو زمانەش تایبەتمەندی گرنگی خۆی هەیە هەربۆیە خوای گەورە زمانەکەی بۆ قورئان هەڵبژاردووە.
٤-بەشێوەیەکی ڕاست و دروست گەشتووە پێمان (قطعی الورود الینا) بێ کەم و کوڕی وەك خۆی هەر چۆن لەلایەن خواوە هاتووە، خوای گەورە دەفەرمووێ (واوحی الی هذا القرءان لانذرکم به ومن بلغ)[٢٤] واتە «من ئەم قورئانەشم بەوەحی و نیگا بۆ هاتووە تا ئێوەو هەموو ئەوانەی پێیان گەیشتووە ئاگادارو بێدار بکەم».
٥-پارێزراوە لە هەموو بۆ زیاد کردن و کەم کردنی وەك خوای گەورە دەفەرمووێ (إنا نحن نزلنا الذکر وإنا له لحفظون)[٢٥] واتە ئێمە دامان بەزاندووەو هەر خۆشمان دەی پارێزین، هەر لەسەردەمی پێشەوامان درودی خوای لێ بێت ئەو هەوڵە دراوە عیلم و تەکنەلۆژیای ئەمڕۆش دەسەوسانە لەو جۆرە هەوڵانە.
٦-خودی قورئان خۆی موعجیزەیە، ئەمە تایبەتمەندیەکی قورئانە کە هیچ وتەیەك ناتوانێت هاوشان و هاوشێوەی بێت، هیچ کەسێك ناتوانێت نە سورەتێك وە یان زیاتر و کەمتر بهێنێ وەك قورئان. وەك خوای گەورە دەفەرمووێ (قل لئن اجتمعت الاءنس والجن علی ان یاتوا بمثل هذا القرءان لا یاتون بمثله ولو

٢٢ سورەتی فصلت ٣
٢٣ سورەتی النحل ١٠٣
٢٤ سورەتی الانعام ١٩
٢٥ سورەتی الحجر ٩

كان بعضهم لبعض ظهيرا)[٢٦] واتە «ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: سوێند بەخوا ئەگەر هەموو ئادەمیزاد و پەریەکان کۆببنەوەو (هەوڵی بەردەوام بدەن تا) قورئانێکی وەکو ئەمە دانێن و بیهێننە (مەیدان) ناتوانن کاری وا بکەن و ناتوانن لە وێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتکیرو یارمەتیدەری یەکتری». هیچ کەس ناتوانێت هەتا وەکو لەفزی قورئانیش بهێنێ وەکو خۆی دەفەرمووێ (الله نزل احسن الحدیث کتبا متشبها مثانی تقشعر منه جلود الذین یخشون ربهم ثم تلین جلودهم وقلوبهم الی ذکر لله)[٢٧] واتە «خوا جل جلاله جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە کە ئەم قورئانەیە ، (لە خوانی دارِشتندا) بابەتەکانی لەیەك دەچن ، هەندێك باسیشی بەشێوازی جیاواز تیادا دووبارە بۆتەوە ، جا کارکردی ئەم قورئانە ئەوەیە کە: تەزوو دەهێنێت بە گیان و پێستی ئەو کەسانەدا کە ترسی پەروەردگاریان لە دڵ و دەروووندا هەیە ، پاشان گیان و پێست و دڵیان نەرم ئامادەو چالاك دەبێت بۆ یادی خواو خواپەرستی». هەروەها کەس ناتوانێت حوکمێك بهێنێ وەکو حوکمی قورئان وەك دەفەرمووێ (ومن احسن من الله حکما لقوم یوقنون)[٢٨][٢٩] واتە «کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاك و بەجێ بێت، (بەتایبەت) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە« قورئانێك کە هەتا وشەی حوکمی تیدایەو بە ڕاستەوخۆ باسی دەکات چۆن دەکرێت جیا بکرێتەوە لە حوکمڕانی؟!، کەسانێك کە ئیسلام بە پرۆژەیەکی نێوان مرۆڤ و خوای گەورە وێنا دەکەن جگە لە نەخوێندەواریان هیچی تر دەرناخات بە دکتۆراشی هەبێت بەلام جاهیل و نەزانە بە قورئان و ناوەرۆکەکەی.

٢٦ سورەتی الاءسراء ٨٨
٢٧ سورەتی الزمر ٢٣
٢٨ سورەتی المائدة ٥٠
٢٩ عبدالله بن یوسف الجدیع لا١٠٥-١٠٨

ئەو حوكمانەی كە لە قورئاندا هەیە

ئەو حوكمانەی كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە سێ جۆرن.
یەكەم: ئەو حوكمانەی كە پەیوەنی بە عقیدەوە هەیە بیرو باوەڕ بۆ نمونە بیرو باوەڕ بە خوا، فریشتەكان، كتێبە ئاسمانیەكان، پێغەمبەران ڕۆژی دوای..هتد
دووەم: ئەو حوكمانەی كە پەیوەندی بە ڕەوشت و ڕەفتارمانەوە هەیە.
سێیەم: ئەو حوكمانەی كە پەیوەندیان بە كردارەوە هەیە، ئەمەش دەكرێت بە دوو بەشەوە.
بەشی یەكەم: پەرستنەكان (عیبادات) ئەو كردەوانەی كە پەیوەندی هەیە بە مرۆڤەكان لەگەڵ خوای پەروەردگارا وەكو نوێژو ڕۆژو زەكات و حەج و ئەو جۆرە شتانە لە بواری پەرستشدا.
بەشی دووەم: پەیوەدنی مرۆڤەكان لەگەڵ یەكتریدا بۆ نمونە وەكو پەیوەندی ژن و ژنخوازی، جیابونەوە، كڕین و فرۆشتن، كوشتن، سنورەكان، سیاسەتی دینی و وە چەندەهای تر[30]. كە لە قورئاندا هەموو قورئان خوێنێك چاوی پێیان دەكەوێت، جا ئەو كەسانەی كە دەڵێن ئیسلام تەنها پەیوەندی مرۆڤەكانە لەگەڵ خوادا ئەگەر بەو مانا بڵێن كە هەمووی دەچێتە ئەو چوار چێوەوە ئەوە ڕاستەو وایە چونكە هەر كارێك دەكەین دەبێت وەكو پەرستش و عیبادەت سەیر بكرێت، ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێ كە تەنها پەیوەندی مرۆڤەكانە لەگەڵ خوادا وەك دەڵێن بۆخۆت نوێژو ڕۆژو بگرەو تەواو، ئیسلام و سیاسەت نابێ!!، ئەوە شتێكە لەگەڵ ئاینی ئیسلام دا نەگونجاوە قورئانەكە شاهیدی حاڵی ئەو ڕاستیەیە ئەگەر بێت و سەیری قورئان بكەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەكەوێت ئەو هەموو ئایەتەی كە باسی حوكم و دادگەری و بەڕێوەبردن دەكات دەبێت

٣٠ هەمان سەرچاوە لا ١٠٨-١٠

سەرنجیان بۆ ئەو ئایەتانە چی بێ!! بەڵام زۆر ئاشکرایە تەنها بۆ چەواشەکاریەو هەر لەبەر ئەوەیە کە بەلامانەوە گرنگە جەخت کردنەسەر زانیاری دەربارەی قورئان.
گەر کەسێك بۆ تەنها جارێکیش قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوەو عەرەبیەکی چاك بزانێت با تەفسیرەکانیش نەخوێنێتەوە هەر دەگات بەو ئەنجامەی کە ئیسلام و سیاسەت دوو چەمکی هاوتەریبن، شتێك نی یە بەناوی جیاکردنەوەی سیاسەت و جێگەی نابێتەوە لە مەفاهیمە قورئانیەکەدا، جگە لەوانەش هەموو ئەو یاسا نەگۆڕانەی بەرچاو دەکەوێت کە بە گۆڕینیان هیچ سودێك بە مرۆڤایەتی ناگەیەنێت، کاتێك کە باس لە گۆڕین دەکرێت خۆ هەموو گۆڕینێك پێشکەوتن بەرهەم ناهێنێت بەڵکو زۆر گۆڕین حەیابردن و دوورکەوتنەوە لە سروشتی پاك و ڕاستی خۆت دەگەیەنێت، ڕەگەزێکی نێر کە خۆی دەکات بە ڕەگەزی مێ تەنها حەیای خۆی دەبات و ئاستەنگ لەسەر ژیانی خۆی دروست دەکات! کە ڕازی نابێت بەو سروشتە پاکەی خوای گەورە دەبێت هەوڵێکی زۆرو تێچوویەکی زۆریش سەرف بکەیت تا بتوانیت خۆت بگۆڕیت و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە پیاو خۆی کرد بە ژن چ تەیرێکی لێ دەردەچێت؟ هەیە خوای گەورە وەك تاقیکردنەوەیەك مرۆڤەکان بە نوقسانی دروست دەکات کە نە نەنێرە نە مێیە وەك پێی دەڵێن نێرەموك، بەڵام ئەو نێرانەی خۆیان دەگۆڕن بە مێ بە حساب نە نێرە نە مێیە نە نێرەموکە، بەڵکو تەنها تەیرێکە حەق وایە لە حەدیقەدا دایبنێنن بۆ مەزەی گەشتیاران و پەندی لێ وەرگرن.
گۆڕینی یاسا نەگۆڕەکانی قورئان هەروەك ئەو نموونە وایە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوەی کە شەرع خۆی ڕێگەی داوە بۆ گۆڕانکاری هەموو ئەوانە پێشکەوتن بەرهەم دەهێنێت.

تێگەیشتن لە سونەت

زۆر جار زۆر شت کەباس دەکرێت وەیان دەخرێتە ڕوو لەسەر شتێك هەموو ئەو کەسانەی دەیبیستن وەیان دەیخوێننەوە بۆچۆنێك وەیان تێگەیشتنێکیان دەبێت بۆی، ئەویش بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە پێشتر وەریان گرتووە، جا ئەو زانیاریە دەکرێت وەکو خۆی نەبوو بێت! بۆ نمونە لێرەدا باسەکە باسی سونەتە ئێمەش نمونەیەکتان لەسەر سونەت بۆ دەهێنینەوە، تێگەیشتن لە سونەت لای زۆرێك بە شتێکی ئیختیاری دەزانن، یانی بە کردنی شتێکی باشەو بەنەکردنی ئاساییە. دەکرێت بڵێین ئەو تێگەشتنە تەنها بەشێك دەگرێتەوە، ئەگینا سونەت زۆر لایەنێکی کەی هەیەو تێگەشتن لێی کارێکی هەروا سادەو ساکار نیە. تێگەشتن لە سونەت چەند لایەنێك دەگرێتە خۆ، زانیاری فەرموودە، چۆنێتی دەرهێنانی، ئێمە لێرەدا نە باس لە زانیاری فەرموودە (علوم الحدیث) دەکەین وە نە لە چۆنێتی دەرهێنانی (التخریج) دەکەین بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی باس لە سونەت و، وە جۆرەکانی دەکەین، لە کۆتایدا بۆمان دەردەکەوێت کە سونەت چییەو وە چەند جۆری هەیە، وەڵامی ئەو پرسیارەش کە دەڵی سونەت کارێکی ئیختیاریە بە کردنی وەیان بە پێچەوانەوە گرفتێك نابێ. هیواداریـن وامان لێبێت خۆمان بۆ خۆمان بەدوایدا بڕۆین بۆ زانیاری زیاتر. هەرچەند هەشە هەر بەتەواوی سونەت ڕەد دەکاتەوە کە ئەمە زیاتر لە ناو عەرەبەکاندا هەیە کە بەناوبانگن بە قورئانیەکان کە بە ڕای ئێمە دەبوو ناویان دژە قورئانیەکان بوایە، چونکە کەسێك قورئانی بێت نابێت دژی قورئان بێت بەڵام وەك هەر هیزێکی تری دژە دینی و هەڵخەڵەتێنەر لەناو دائیرەی ئیسلامدا ناوێکی وایان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە.

وەك ئاشکرایە لای ئەهلی عیلم هەتا زۆرینەی خەڵکیش کە سونەت دووەم

سەرچاوەی شەریعەتە قورئان یەکەمەو وە دووهەم سونەتە(الحديث). پێش ئەوەی بچینە ناو سونەتەوە بە وردی پێمان باشە پێناسەیەکی کورتی سونەت بکەین.

پێناسەی سونەت لە ڕووی زمانەوانیەوە:

واتە ڕێگە ژیان دەلالەت دەکات لەسەر شتێك کە ڕاهاتبیت لەسەری وەکو دەڵێن (سونەتی فڵانە کەس) دەکرێت ئەم سونەتە چاك بێت وەهەروەها دەکرێت خراپ. وە سونەت دەکرێت بەشتێك بوترێت کە ڕاهاتبیت لەسەری بۆ نمونە (سونەتی فڵانەکەس ئەوەیە هەموو شەو هەڵ دەستێت بۆ شەو نوێژ). یان (فڵانە کەس هەموو بەیانیەك قورئان دەخوێنێ) هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ (سُنَّةَ اللَّهِ فِي الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلُ وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا)[٣١] هەروەها سونەتی گەردوون بۆ نمونە هەموو ڕۆژ خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێ و لە خۆرئاواوە ئاوا دەبێت[٣٢].

پێناسەی سونەت لە ئیستیلاحدا:

ئەوەیە کە لەلایەن پێغەمبەرمانەوە صلى الله عليه وسلم دەرچوو بێت جگە لە قورئان جا ئیتر ئەوەی کە لێی دەرچووە چ بە گوفتار بێت وەیان بە کردەوە بێت وەیان بە بێ دەنگ بوون بوو بێت لێی (التقرير). بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێت سونەتی گوفتار ئەوەیە پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلم فەرمانی

٣١ الاحزاب ٦٢
٣٢ (عبدالله بن يوسف الجديع لا ١١٩)

بەکردەوەیەك دابێت[٣٣].
بۆ نمونە فەرموودەی نیەت هێنان وەك لەم فەرموودەدا بەم شێوە هاتووە:
{إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى فمن كانت هجرته إلى دنيا يصيبها أو إلى امرأة ينكحها فهجرته إلى ما هاجر إليه}[٣٤] هەروەها فەرموودەی نوێژ کردن (صلو کما رئیتمونی اصلی) هەروەها فەرموودەی بێدەنگ بوون بۆ نمونە کارێك کراوە لەلای پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم کراوە وەیان بۆیان گێڕاوەتەوە ئەویش بێدەنگ بووە لێی، چونکە شتێکی نەگونجاوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بێدەنگ بێت لەسەر کارێکی ناڕەوا. ئێستە زیاتر ئەم سێ بەشە ڕوون دەکەینەوە لە ژێر ناوی جۆرەکانی سونەتدا.

جۆرەکانی سونەت

سێ جۆر سونەتمان هەیە وەك لە سەرەوەش ئاماژەیەکمان پێکرد وە بەم شێوەیە:
١-سونەتی ووتە(قول).
٢-سونەتی کردەوە(فعل).
٣-سونەتی بیدەنگ بوون (التقرير).
هەریەکێك لەوانە وردەکاری تێدایە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.
یەکەم:سونەتی ووتە واتە (قولية) ئەم سونەتە دوو جۆر هەڵدەگرێت:
أ) ووتەی ڕاستەوخۆ بۆ نمونە فەرموودەی پێغەمبەرمان درودی خوای لێ

٣٣ (عبدالله بن يوسف الجديع ل١١٩)

٣٤ متفق عليه

بێت(انما الاعمال بالنيات)[35] ئەمە ووتەیەکەو لە دەمی پێغەمبەرمان درودی خوای لێ بێت بیستراوە.

ب) ئەو شتانەی کە مانای ووتە وەردەگرێت بۆ نمونە وەکو ووتەی هاوەڵانی پێغەمبەر کە گێڕاویانەتەوە وەکو (امر رسول الله صلى الله عليه وسلم بكذا) واتە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت فەرمانی پێکردین بە ... وە هەروەها (نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم عن بكذا) پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت فەرمانی نەکردنی لێ کردین بە...وە چۆنێتی زۆرێك لە کردارەکان وەك زۆرێك لەو فەرموودانەی کە بەدەستمان گەشتوون ئەو فامەی لێ دەکرێت، هەروەها ووردەکاری فەرموودەکان ئەوە لە زانیاری زاراوەکانی فەرموودەدا باس کراوەو بۆ ڕۆشتنە بنج و بناوانی دەبێت لەوێوە لێیان تێ بگەین هەرچەند زۆرن ئەو زانایانەی کە ڕۆشتوونەتە ناو ئەو ووردەکاریەوەو هیچێکی وایان بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوەو وە کارەکەیان کردۆتە کاکڵەیەك و خستوویانەتە بەردەم خوێنەران، زۆرن ئەو زانایانە وەك: ابن الصلاح الشهرزوری، شێخ البانی، ابن باز وە هەروەها...

دووەم: سونەتی کرداری ئەو سونەتانەی کە ویستوویەتی ببێتە تەشریعێك بۆ ئومەتی ئیسلامی لە کاتی خۆیداو دوای خۆی ... بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە دروست نەبێت و بڵێ چۆن بزانین کام کرداری پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت ویستوویەتی ببێتە تەشریع و وەکام کردار نەیویستووە هەرچەند ئەویش هەر ئاشکرایە بۆ نمونە چۆنێتی نوێژ ڕۆژو حەج وە هەروەها ئەم کردارانە جێگەی پرسیار نین و ئاشکرایە دەلالەت لە تەشریع دەکەن بەڵام زانایان هەم ئەوەشیان جیا کردۆتەوە کە کام کردار ویستی پێی تەشریع بووە وەیان بە پێچەوانەوە، چونکە سەروەرمان درودی خوای لێ بێت هەروەك هەموو

٣٥ متفق عليه

کەسێکی تر مرۆڤە لە چۆنێتی جموجوڵ و هەڵسوکەوتی و کاری ڕۆژانە بۆ نمونە: دەخەوێت هەڵدەستێت ڕێ دەکات دەچێتە بازار وە هەموو ئەو کردارانەی کە هەر کەسێك پێویستی پێیان دەبێت، هەروەها حەزو ئارەزووی لە هەندێك شت و وە بە پێچەوانەوە بۆ هەندێك شتی تر، بۆ نمونە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت حەزی لە ئاوی ساردو ساردەمەنی کردووە، هەروەها حەزی لە خواردنی (الضب)[٣٦] نەکردووە جا ئەمە حەزێك بووە ناکرێت وەك تەشریع سەیر بکرێت وە هەر لە سەردەمی خۆشیدا هاوەڵی وا هەبووە تا الضب وەستابایە خواردنی تری نەدەخوارد وە پێغەمبەریش درودی خوای لێ بێت ڕێگری لێ نەکردووە، لێرەدا لەوانەیە هەندێك جۆرە بۆچونێکی دروست ببێ و بڵێ ئەمە پێچەوانەی کردارەکانی پێغەمبەرە! درودی خوای لێ بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بە پێچەوانە ناژمێردرێت چونکە ئەم کارەی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت ویستی پێی تەشریع نەبووە، بێ دەنگی خۆشی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ئەو ڕاستیە دەسەلمێنی، لێرەدا جێگەی خۆشیەتی بڵێین ئەی ئەگەر کەسێك بۆ نمونە ئاوی ساردی خوارد وەیان الضبی نەخوارد و بڵێی لەبەر ئەوە کە پێغەمبەر وا بووە درودی خوای لێ بێت ئەو کاتە چی یە، وەڵامەکەی دەتوانین بڵێین خێری دەگات، بۆ ئەوەی کە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت هەیە، لەبەر ئەو ئەو کردارانە دەکات، نەك لەبەر خودی کردارەکە، چونکە ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بوایە تاوانبار نەدەبوو، هەروەك دەبێت ئەوەش بزانین کە زۆرجار ئێمە ساردەمەنی دەخۆین لەوانەشە خۆشمان حەزمان لێی بێت، جا ئەوکاتە هەمان حەزمان لەگەڵ حەزی پێغەمبەردا درودی خوای لێ بێت یەکدەگرێتەوە، جا کەوابوو مەرج نی یە خواردنی ساردەمەنی خێرمان بگات لەو ڕووەوە، هەروەك گرنگیشە ئەگەر نەخۆشیەکی وامان بوو نابێت بخورێن وەهەتا

٣٦ جۆرە گیاندارێکە وەك مارمێلکە وایەو لە دەشتدا دەژی

گەر سونەتیش بێت ئەمەیان باسێکی ترەو دەچێتە بوارێکی ترەوە، تەنها بۆ زیاتر ڕوونی درێژەمان بەو نمونەیە دا.
سێهەم: سونەتی بێ دەنگ بوون (التقريرية) ئەم جۆرەش ئەو سونەتەیە کە شتێك کرا بێت بە ئامادەبوونی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت وەیان بە ئامادەبوون نەبوو بێت بەڵام دواتر پێیان ڕاگەیاندبێت، ئەویش بێ دەنگ بوو بێت لەسەری و ئیعترازی نەگرتبێت.
ئەو سێ جۆرەی کە باسمان کرد سونەتی لێوە دامەزراوەو لە پێغەمبەرەوە درودی خوای لێ بێت پێمان گەشتووە، بەڵام ووردەکاری زیاتری لێوە وەردەگیرێ لەهەریەك لەو سێ بەشە، چۆنێتی کردارەکانی وەیان ووتەکانی وە ڕۆشتنی بە چی بوارێکدا، بۆ نمونە جاری وا هەبووە پرسیاریان لێ کردووە لە بوارێکدا بەهۆی جیاوازی بوارەکان وەڵامەکان دەکرێت بە کۆمەڵە بەشێکەوە کە دوای وەفاتی خۆی درودی خوای لێ بێت زانایان لێکدانەوەیان هەبووە بۆی و دابەشیان کردووە بە بەشەکاندا، چونکە ووڵات دوای خۆی زۆر گەورەتر بوو، هەروەها تەشەنەشی کرد بۆ ووڵاتانی چواردەوری و تا گەشتە ئەو ئاساتەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر زۆر بەربڵاو بوو. ئەو وەڵامانە هەموو ئەم جۆرانەی تێدایە وەك:
١-وەڵامدانەوەی سیاسی، ئەڵبەت نەك ئەو سیاسیەی کە عەلمانی ئەمڕۆ شێواندویەتی و بە درۆ ناوزەندی دەکەن! نمونەی ئەو جۆرە وەڵامانە وەك: دابەش کردنی زەوی و زار، سەندنەوەی تۆڵە، سەرپەرشتیاری سەربازی، دابەشکردنی ئەو ماڵانەی کە لە شەڕەکاندا دەگیرا، دابەشکردنی ئەو سامانەی کە لە بەیتول مالدا بووە، ئەم جۆرە وەڵامانە وەیان باشتر بڵێین حوکمانە دەکرێت نمونەی زیندوو بێت بۆ سەرکردەو حاکمەکان سودی لێ وەربگرێت، ئەوەشی کە دەوترێت ئیسلام و سیاسەت پێکەوە ناگونجێت وەڵامیان بۆ ئەم کردارانەی

پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت چی یە؟!.
٢- وەڵامدانەوەی لە بواری قەزادا کە دەکرێت قازی سودیان لێ وەربگرێت، وەك: چەسپاندی قەرز، گەڕانەوەی مافەکان وە هەڵوەشانەوەی خێزان...تاد.
٣- وەڵامدانەوەی لە بواری پەرستنەکاندا وەك نوێژو ڕۆژوو کرداری حەج و وە هەروەها، ئەم جۆرە دەکرێت مامۆستا ئاینیەکان سودی لێ وەربگرن وەیان گونجاوە هەموو کەسێکی تریش سودیان لێ وەربگرێت، ئەوانەی کە دەڵێن ئیسلام نێوان مرۆڤ و خوای گەورەن دیارە تەنها سەیری ئەم خاڵەیان کردووە یان هەر ئەمان بیستووە!.
بەو شێوەیە دەکرێت فەرموودەکان بناسرێنەوەو سنورەکانیان بۆ دیاری بکرێت هەروەك دەشکرێت هەندێك فەرموودە لە چەند بوارێکدا سوودمەند بن.
لێرەدا گرنگیشە چەند خاڵێك هەیە ئاماژەیان پێ بکرێت لەو کردەوانەی کە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت وازی لێ هێناون، ئەویش چەند بوارێك دەگرێتە خۆ لەوانە:
١-هەندێك لەو شتانەی کە وازی لێ هێناوە بەهۆی حەرامیەوە بووە کە ئەمە ئاشکرایە.
٢-هەندێك لەو شتانەی کە وازی لێ هێناوە لەبەر ئەوە بووە کە لە شەرعدا باش نەبووە نمونە وەك تەوقە کردن لەگەڵ ئافرەتدا.
٣- هەندێك لەو شتانەی کە وازی لێ هێناوە لەبەر ئەوە بووە کە خۆی وەك تەبع حەزی لێ نەکردووە وەك خواردنی الضب. لە کاتێکدا خالیدی کوڕی وەلید ڕەزای خوای لێ بێت بەبەرچاویەوە خواردوویەتی و پێغەمبەریش درودی خوای لێ بێت سەیری کردووە.
٤-هەندێك شت لەوانەی کە وازی لێ هێناوە لەبەر مافی بەرانبەر بووە وەك خواردنی سیرو پیازو ئەوشتانە لەبەر فریشتەکان. هەروەها وازهێنانی ئێمەش

لەم بوارەدا لەبەر کەسانی تر بۆ نمونە کاتی جومعەو جەماعەت.
٥- هەندێك شت لەوانەی کە وازی لێ هێناوە لە ترسی ئەوە بوو نەوەك فەرز ببێت لەسەر ئومەت، چونکە خەڵك بەو شێوە ڕوانیویەتە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت هەموو شتێك کە ئەو بیکات ئەمانیش دەبێت بیکەن هەر بۆیە دەبینین زۆرجار پێغەمبەر حەزی لە زۆر لەعیبادەتەکان کردووە کە زۆر بیانکات بەڵام لەبەر خەڵکی وازی لێ هێناوە.
٦-هەندێك شت لەوانەی وازی لێ هێناوە لەوانە بووە کە کێشەیەکی تێدا نی یە بۆ بەرانبەر وەك ئەو دوو جاریەی کە تەپڵیان لێ دەدا.
٧-هەندێك شت لەوانەی کە وازی لێ هێناوە لەبەر کردنی کارێکی باشتر لەوانە هەروەك لە سورەتی الشورادا ئایەتی ٤٠دا هاتووە {وجزوا سیئة سیئتة مثلها، فمن عفا وأصلح فاجزه علی الله}.
٨-هەندێك لەو شتانەی کە وازی لێ هێناوە کە خودی کارەکە داواکراو بووە بەڵام لەبەر بەرگری کردن لە کارێکی خراپتر وازی لێ هێناوە، نمونەی ئەمەو وەك ئەوەی کە بە عائیشەی ووت گەر لەبەر ڕوودان و کاردانەوەی خراپ نەبوایە مەککەم دەڕوخاندو سەرلەنوێ بەجوانی دروستم دەکردەوە.
لێرەدا گرنگە بۆ پاڵپشتی ئەو ووتانەی کە لە سەرەوەیە حوجەت و بەڵگەی سونەت بسەلمێنین چونکە گەر بەڵگەی بەهێزی سونەتمان بەسەرەوە نەبێت بۆ ئەو هەموو ووردەکاریە بکەین؟ بەڵام بێگومان هەروا کارێکی ئاسان نی یەو مێژووی ئەو هەموو زانایانەش کە ژیانیان لە پێناو دا سەرف کردووەو وە بگرە کێشەیەکی زۆریشیان بۆ هاتووەتە پێشەوە جگە لە هیلاك و دەردی سەری خۆیان بخە ئەولاوە هەروا کارێکی ساکار نی یە، گەر چی ڕایەکی شازی زانایەکیش هەبێت بەڵام هەموو ئەمانە بە ڕەئێکی شازو نا سروشت ناسرێتەوە، گەر چی ڕای شازیش هەر بووە لە زۆرێك لە شتەکانی تریشدا، لێرەدا ووتەیەکی

بەڕێز شێخ عبدالله یوسف جدێعم دەکەوێتە بیر کە لە کاتی وانە ووتنەوەدا پێی ووتین:" ئەگەر ئێمە دوای ڕای شاز بکەون هیچ شتێك نی یە لەشەرعدا ڕایەکی شاز نەهاتبێت لەبارەیەوە، جا گەر ئێمە تەنها ئەو ڕایانە وەرگرین دواتر شتێك نامێنێتەوە پێی بوترێت دین، دەبینین دەستمان لەدوای هەمووی دەرچووە!".

جا بۆیە هەموو هاوزمانانم بەبیر دێنمەو دەبێت زۆر ووریا بین لەو کردارانەمان نەوەك بەگوێ گرتن تەنها لە ووتارێك وەیان خوێندنەوەی نامیلکەیەك زۆر کاری گرنگ هەیە بیان دەین بە بادا، لە کاتێکدا لەوانەیە ئێمە لە ئەسڵی کارەکە نەگەشتبین جا ئەگەر دوو دڵیەکمان بۆ دروست بوو ڕێگا بۆ ڕەواندنەوەی زۆرە نەوەك هەر زوو حوکمی پێش وەخت بدەین، کێ دەزانێ چەندەها کەس بەو حوکمە کوێرانە چەندەها کەسی گومڕا نەکردبێت... هەتا لەوانەیە ئەم حوکمە پێش وەختەش زاناشی گرتبێتەوە، هەروەك چۆن مامۆستا ناسری سوبحانی دەڵێ: کاتێك باسی ناسیخ و مەنسوخ کرا لە قورئانداهەر وا زانا بوو دەینوسی لەسەرناسیخ و مەنسوخ، دواتر کەسێکی تر لەو زیاتر، وەك وا بێت ئەگەر کەسێك زیاتر لە قورئان نەسخ بکاتەوە ئەوە زیرەك تر بێت. بۆچی ئێمە ئیجماعمان هەیەو وە ئیجماعیش سێهەم بنەمای سەرچاوەی شەریعەتە، بۆ بۆ کارێکی وا سودیان لێ وەرنەگرین و هەر زوو بە بۆچونی زانایەك ئەو کۆمەڵە زانایانەمان لەبیر بچێتەوە، زۆر هەڵدەگرێ و جێگای زۆر مشتومرە بەڵام لێرەدا وازی لێ دەهێنم و دەڕۆمە سەر حوجەتی سونەت کە بەئاشکرا لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوەو چەند جۆرێکن وەك:

حوجەتی سونەت

١-هاوشێوە بوون و یەکسانی سونەت لەگەڵ قورئاندا هەروەك قورئان شایەتحاڵی ئەم ڕاستیەیەو دەفەرموێ لە ئایەتی ٣و ٤ی سورەتی النجمدا {وما ینطق عن الهوی* ان هو الا وحی یوحی} بۆیە پێغەمبەر کەسێکی ئاسایی نی یەو لەخۆیەوە قسە ناکات پەیوەندی نیگا(وحی) هەیە لە نێوان ئەو خوادا، هەروەك لە فەرموودەی میقدادی کوڕی مەعدیدا هاتووە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێ{ الا انی أوتیت الکتاب ومثله معه} [٣٧] ئاشکراشە ئەوە چی یە کە لەگەڵ قورئاندا داویەتی فەرموودەکانە.

٢- یەکسانی گوێ ڕایەڵی خوای گەورە لەگەڵ گوێڕایەڵی پێغەمبەردا درودی خوای لێ بێت، وەك دەفەرموێ لە ئایەتی ٨٠ی سورەتی النساء دا { من یطع الرسول فقد أطاع الله } گوێ ڕایەڵی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت لەگەڵ گوێ ڕایەڵی خوای گەورەدایە، هەر لەهەمان سورەت و ئایەتی ٥٩دا دەفەرموێ { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً }

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بە کێشەتان، ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم، (کە پیادە کردنی قورئان و سونەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتار کردنتان) بەو شێوەیە چاکترو ڕونترو ڕەوانترە.

ئەو ئایەتانە بەڵگەی ڕوونن لەسەر حوجەتی سونەت وە ئەو کەسانەی کە جۆرە

---

٣٧ حدیث صحیح أخرجه أحمد رقم ١٧١٩٤

دوو دڵیەکیان هەیە دەربارەی وەڵامیان چی یە بۆ ئەو ئایەتانەو وە زۆرێکی تریش کە بە ئاشکرا ئاماژە کردنە بە وەرگرتنی سونەت، ئایا وەرنەگرتنی سونەت ڕەد دانەوە قورئانیش نی یە؟ خۆ قورئان یەکەم سەرچاوەو گرنگترین سەرچاوەی شەریعەتە کە لە قورئاندا ئاماژەی ڕاستەوخۆو ڕوونی تێدا بێت بۆ فەرموودەکان چۆن تەوقیفی ئەم کردارەیان دەکەن.

٣-ئاماژەکردنی قورئان بۆ هەندێك کردارو ڕوونکردنەوەی کردارەکە لە سونەتدا، هیچ کەسێك نی یە کە خۆی بە مسوڵمان بزانێ و باوەڕی تەواوی بە نوێژ نەبێت،یان بە زۆرێکی تری عیبادەتەکان و ئەحکامەکان، لە کاتێکدا لە قورئاندا تەنها ئاماژەی پێ کراوەو سونەت ڕوونی کردۆتەوەو چۆنیەتیەکەی لێکداوەتەوە، بۆ نمونە نوێژ گەر لە سورەتی الفاتحة کە یەکەم سورەتی قورئانی پیرۆزە بکەینەوەو تا سورەتی الناس کە کۆتا سورەتی قورئانە نابینین بڵێ نوێژەکان چەند ڕکاتەو چۆن بیانکەین، بەڵام چەندەها جار دەبینین کە دەفەرموێ نوێژ بکەن و وە هەتا هەڕەشەی توندیش بەرانبەر نوێژ نەکەرانیشی تێدایە، گەر ئێمە سونەت واز لێ بهێنین تەوقیف و ڕێگا چارەمان چی بێت بۆ هەموو ئەو شتانە، بەبڕوای من ئەو کاتە لەبیری سونەتدا دەبێت هەرکەسەو بۆخۆی سونەتێك دابمەزرێنێت، جا توخوا چی کرا! ووتە بە پێزو پیرۆزەکانی پێغەمبەر واز لێهێنراو لە جێگەیدا ووتەی کەسانی تر هێنرا!.

٤-فەرمان کردنی خوای گەورە بە وەرگرتنی سونەت وەك زۆر بە ڕاشکاوی لە قورئاندا هاتووە: { وما اتكم الرسول فخذوه وما نهكم عنه فانتهوا} سورەتی الحشر ئایەتی ٧ وە هەروەها { فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسكم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما } سورەتی النساء ئایەتی ٦٥ هەروەها { وما كان لمؤمن ولا مؤمنة اذا قضى الله ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من امرهم } سورەتی الاحزاب ئایەتی ٣٦ هەموو ئەو

ئایەتانە ئەگەر هەر تۆزێك عەرەبیش بزانین پێویستمان بە بە ڕوونکردنەوەی ماناکانی نابێت.
٥-ئەو قورئانەی کە بەدەستمان گەشتووە لەلایەن هەر ئەو پێغەمبەرەوەیە کە سونەتەکەشیمان بە دەست گەشتووە. بۆیە لێرەدا پێمان وانی یە دوو دڵیەکمان هەبێت بەرانبەری لەبەر ڕوونی بەڵگەکان، بەڵام بێگومان ئەوە هەیە کە هێزی سونەت ناگاتە قورئان، قورئان کۆمەڵە تایبەتمەندیەکی خۆی هەیەو وە هەروەها سونەتیش تایبەتمەنی خۆی، سونەت زیاتر بەدوادا چوونی دەوێت بۆ گەشتن بەو سونەتانەی کە ڕاست و دروستن، بەڵام قورئان ئاشکرایە، لێرەدا نامانەوێت هەموو جیاوازیەکان بخەینە ڕوو لەبارەی قورئان و سونەتەوە، بەڵام هەروەك چۆن لەقورئاندا زۆر جار کە باسی نوێژ دەکات هەر دوا بەدوای باسی زەکاتیش دەکات. بۆ ئێمە سونەت لەگەڵ قورئاندا وایە دوو شتن تەواوکەری یەکترین و هەردووکیان لەلایەنی خواوە لە دەمی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت بەدەستمان گەشتووە.

ئەو حوکمانەی کە لە سونەتدا هاتووە

ئەو حوکمانەی کە لە سونەتدا هاتووەو زیادە دەکرێت بۆ سەر قورئان وەیان ڕوونتر بڵێین ڕوونکردنەوەیەکە بۆ سەر قورئان، سێ جۆرن کە بەم شێوەیە:
١-ئەو حوکمانەی کە حوکمە قورئانیەکان دڵنیا دەکاتەوە، واتە لە قورئاندا هەمان شت هاتووە وە لە سونەتیشدا هەر هاتووەو هاوتان لە باسکردنی حوکمەکە. بۆ نمونە باسکردنی حەرامێتی ئازاردانی دایك و باوك، وەیان بەدڕەوشتی و مەشروباتی سەرخۆشکەر، ئەوانە هەروەك چۆن لە قورئاندا باسی خراپی و حەرامیان کراوە لە سونەتیشدا هاتووەو حەرامی ئەو کارانە ڕوون دەکاتەوە.

٢-ئەو حوكمانەی كە حوكمەكانی قورئان ڕوون دەكاتەوەو ووردەكاریەكانی باس دەكات، بۆ نمونە وەك ڕوونكردنەوەی نوێژ، زەكات، ڕۆژوو، حەج. هەروەها چەندەها شتی تر.
٣-ئەو حوكمانەی كە لە قورئاندا سەرباسی كراوەتەوە دواتر لێی بێدەنگ بووە، سونەت هاتووە باسی كردوون، وەك حەرامی ئەو شتانەی كە چنگیان هەیە، هەندێك لە گیاندارانی تر. هەروەها كۆكردنەوەی دوو ئافرەت لە ژێر مارەی یەك پیاودا كە ئەو دوو ئافرەتە یەكێكیان پوری ئەوی تر بێت.

حوكمەكانی سونەت دەكرێن بە دوو بەشەوە

دەقەكانی سونەت وەك دەقی قورئان وان لە ڕووی دەلالەت كردنەوەو دەكرێن بە دوو بەشەوە:
بەشی یەكەم: بڕاوەتەوە گومان هەڵناگرێت، وەك لەم فەرموودەدا هاتووە { في الركاز الخمس } [٣٨] لێردا مەبەست الخمسە كە نە زیاتر وە نە كەمتر هەڵناگرێت و جێگای مشتومڕ نی یە كەسیك ناتوانێت بڵێن الخمس كە پێنج یەك دەكات بیكات بە چوار یەك وە یان شەش یەك چونكە ڕوون و ئاشكرایەو بڕاوەتەوەو گومان هەڵناگرێت.
بەشی دووهەم: نەبڕاوەو گومانهەڵگرە، هەندێك لە فەرموودەكانی پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت نەبڕاوەتەوە نەك بەو واتایەی كە وازی لێهێنرا بێت بەڵكو بەو واتایەی كە گومانهەڵگرە، گومانهەڵگریش مەبەستمان لە ڕاستی و ناڕاستی نی یە چونكە ئەوە مەسەلەیەكی ترە بەڵكو مەبەستمان لێكدانەوەو

٣٨ بەشێكە لە فەرموودەیەكی متفق علية

لێ تێگەشتنی فەرموودەکەیە کە جێگەی مشتومڕە وەك ئەو فەرموودەی کە دەفەرموێت { لا صلاة لمن لم يقرأ بفاتحة الكتاب } [39] بۆیە دەبینین زانایان ڕایان جیاوازە لەوەی کە ئایە ئەو کەسەی کە فاتیحەی بە تەواوی نەخوێند وەیان هەندێکی بۆ ئەوەی نوێژەکەی بە نوێژ بۆ حساب نەکرێت، چونکە هەردوو بەشەکە هەڵدەگرێت چ تەواوی فاتیحە هەمووی بێت وەیان هەندێکی بێت هەروەك دەشکرێت هەڵەش بژمێردێت، چونکە ئەوکاتە فاتیحەکە بە نوقستانی دەردەچێت، مەبەست لە گومانهەڵگر ئەوە نی یە کە گومان لە دروستی حەدیسەکە بکرێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە دەکرێت لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.

خۆ گەر سەیری قورئانیش بکەین دەبینین لە سەدا هەشتای قورئان موحکەمە، واتە هەر کەس عەرەبیەکی باش بزانێت لێی تێ دەگات و ڕوونە، لە سەدا بیستی موتەشابهە واتە گومانهەڵگرە نەك بۆ ڕەدکردنەوەی بەڵکو بۆ لێکدانەوەی ماناکانی، ئەوەش زانایان هاتوون و ئیجتیهادیان کردووەو ڕاڤەیان کردووە[40].

لێرەدا پێویستە هەموو ئەوکەسانەی کە بە گومانەوە دەڕواننە سونەت هەڵوێستەیەك بکەن و بیرێك بکەنەوە لە ڕابردویان و ئەم پرسیارانە لە خۆیان بکەن. ئایا لە چ ڕوویەکەوە ڕەدی سونەت دەکەنەوە؟ هۆکارەکان چین؟ لە شارەزایی و دوای وورد بوونەوەیەتی لێی؟ ئایا ڕای زۆرینەی زاناکانیان بینیوە لە سەری؟ ئایا خۆتان بە یەکێك لەو زانایانە دەژمێردێن؟ چەند پەرتوکی ئوسوڵی فیقهتان بەراورد کردووە؟ وە تەفسیرتان بۆ ئەو ئایەتانە چی یە؟ چۆن نوێژ دەکەن گەر سونەت ڕەد دەکەنەوە؟ چۆن زەکات دەدەن؟ چۆن حەج دەکەن؟ وەڵامەکەی و حوکمەکەش هەر خۆتان بیدەن. هەربۆیە دوژمنانی ئیسلام بەچەندین شێوە گومان لەسەر ئیسلام بڵاو

٣٩ متفق علية

٤٠ (عبدالله بن يوسف الجديع ل١٢٠-١٤٨)

دەکەنەوەو هەوڵی بچوک کردنەوەی دەدەن، دەمێك سونەتی لێ دەکنەوە دەمێك سیاسەتی لێ دەکەنەوە، بەڵام هەموو لێکردنەوانە تەنها پەڕوباڵکردنی خودە نەك ئیسلامە، هەموو ئەو ئایەتانەش لە خوارەوە هاتوون ڕاستی و ئەنجامەکان زیاتر دەستنیشان دەکات.

گەشتێك بەناو قورئاندا

گەشتێك بەناو قورئاندا و دەرهێنانی هەندێك لەو ئایەتانەی کە وشەی حوکمی تێدایەو هەڵوێستەکردن لەسەر ئەو ئایەتانەو تێڕامان تێیدا بەبێ دەستکاری کردن وەك چۆن لە تەفسیرەکاندا هاتووە.

پێغەمبەران و پەیامەکانیان بۆ چەسپاندنی عەدالەت و کەمکردنەوەی ناکۆکی هاتووە

كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ ۚ وَمَا ٱخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۖ فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ مِنَ ٱلْحَقِّ بِإِذْنِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ يَهْدِى مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ[٤١]

مەردم گشت یەك بەرەبوون: (ئیبن جەریر) دەڵێ: نێوان (ئادەم ونوح) دە سەدەبوو، ئەو خەڵکە هەموو لەسەر هەق و راستیی بوو، پاشان هەراو ناکۆکیەکیان بوو لێکترازان و ئەوسا بۆ یەکخستنەوەیان پێغەمبەر گەلێکی نارد، وەك دەفەرموێ: {کان الناس أمة واحدة} لەسەرەتاوە هەموو خەڵك یەك دەستەو یەك بەرە بوون، گشت لەسەر ئاینێکی پاك و راست و دروست بوون، بەبێ یەکتر نەئەژیان، ئەبو هاوکاری یەکتریان بکردایە، کەچی وردە وردە

٤١ البقرة ٢١٣

لەئەنجامدا جیاوازیی وناکۆکی کەوتە نێوانیانەوەو لێکترازان {فبعث الله النبیین مبشرین ومنذرین} ئینجا خوا پەیامبەرانی نارد موژدە دەربن (بە پاداشت، بۆ ئەوانەیان بڕوایان هەیە) ترسێنەریش بن (بۆ ئەوانەیان، جیاوازیی و ناکۆکی دەکەن). {وأنزل معهم الكتاب بالحق} وە کتێب ونامەی هەق و ڕاستیشی لەگەڵ ناردن؛ وا دەرئەکەوێ کە هەرپەیامبەرەی نامەی تایبەتی خۆی پێبووە، ئیتر قەوارەکەی زۆر بووبێت، یان کەم، نووسرابێتەوە یان نا {لیحكم بین الناس فیما اختلفوا فیه} تا ئەوەی بوویە کێشەی نێوانیان و، ناکۆکیی و دووبەرەکییان تێیدا هەبوو، بۆیان شی بکاتەوە، واتە: نابێ حوکمی لابەلایی بۆ خۆی بڕیار بداو هەق و ناهەق تێکەڵ بکا بەڵکو پێویستە یاسایەکی خوایی ئەو کارە بکاو، هەق وناهەق لێك بکاتەوە {وما اختلف فیه إلا الذین أوتوه} خۆ هەر ئەوانەیان لەو بەرنامەو کتێبەدا ناکۆکبوون، کە لەپێشدا کتێبیان پێدرابوو {من بعد ما جاءتهم البینات} ئەویش پاش ئەوهەموو بەڵگەو نیشانە روونانە بۆیان هاتن {بغیا بینهم} جیاوازیی ودژایەتیەکەشیان هەر لەبەر ئێرەیی و حەسادەتی ناوخۆیان بوو تاوایکرد پێك نەیەن، واتە: وەنەبێ ڕاستییەکانیان لێ ون بووبێت، نەخێر بەڵکو تەنها حەسادەت بوو دەستە دەستەی کردن و ڕووبەڕووی یەك وەستان وهەقیان لێگومبوو {فهدى الله الذین آمنوا لما اختلفوا فیه من الحق بإذنه} ئینجا ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو، خوای گەورە بەفەرمانی خۆی شارەزاو ڕێنوێنی کردن وتێیگەیاندن کەهەق وراستیی لەچیدایەو قسەو بۆچونی کێ راستە {والله یهدي من یشاء إلى صراط مستقیم} خوا حەز لەهەرکەسێ بکات ڕێنمایی ئەکات بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست و کێشەکەی یەکلا دەکاتەوە. سەرنجێك: لەوەئەچێت هەموو ئوممەت وگەلێك پەیامبەرێکی بووبێ بە نامەیشەوە، بەڵام بەهۆی دوورکەوەتنەوەی زەمان تێکەڵ وپێکەڵیان کردبێت، بۆیە لای فارسەکان وهیندییەکان هەندێ نامە وکتێب هەیە باسی ئایینیانی تێدایە.

نموونەی پشت کردنە حوکمی خوا لەناو جولەکەدا

أَلَم تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلكِتَٰبِ يُدعَونَ إِلَىٰ كِتَٰبِ ٱللَّهِ لِيَحكُمَ بَينَهُم ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنهُم وَهُم مُّعرِضُونَ[٤٢]
ئەی پێغەمبەرسەیری ڕەوشتی ئەو جولەکانە بکە، کە هەندێك لە فەرمایشتی خودایان پێدراوە، کە تەوراتە، ئەگەر داوایان لێ بکرێت بکەونە شوێن فەرمانی خودا، هەندێکیان قایل نابن و پشتی تێ دەکەن.

نموونەی گۆڕینی ڕاستیەکان لای مەسیحیەت

إِذ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَومِ ٱلقِيَٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرجِعُكُم فَأَحكُمُ بَينَكُم فِيمَا كُنتُم فِيهِ تَختَلِفُونَ[٤٣]
بیهێنەرەوە یادت کاتێ خوا فەرمووی ئەی عیسا من تۆ دەمرێنم و (گیانت) بەرز دەکەمەوە بۆ لای خۆم وە پاک کەرەوەی تۆم لە (هاودەمی) ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون وە پەیڕەوانی (ڕاستەقینەی) تۆ بەرز دەکەمەوە بەسەر بێ بڕوایاندا تا ڕۆژی دوایی پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای منە ئینجا بڕیار دەدەم لە نێوانتاندا لەو شتانەی کە تیایاندا جیاوازو ناکۆکن.

٤٢ ال عمران ٢٣
٤٣ ال عمران٥٥

لادان لە ڕاستیەکان و شێواندنی هەتا عیبادەتیش لای مەسیحیەت

مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادًا لِّي مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُواْ رَبَّٰنِيِّـۧنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ[٤٤]

هیچ پێغەمبەرێ بەکەس نالێ بمپەرستن: گاورەکان دەیانگووت: عیسا فەرمانیداوە کەدەبێ ئەو بپەرستین! ئینجا خوا لەوەڵامیانا فەرمووێ: {ماکان لبشر أن یؤتیه الله الکتاب والحکم والنبوة} بۆ هیچ مرۆڤێك ڕەوانییە کەخوا کتێب و نامەی دابێتێ و فێری وەردەکاریی و لەکارزانی کردبێ و پلەی پەیامبەرێتی پێ دابێت (وەکو عیسا) {ثم یقول للناس کونوا عبادا لی من دون الله} پاشان بەخەڵکی بڵێت: وەرن لەباتی خوا ببنە بەندەی من و، من بپەرستن ، هەرگیز ئەوە رووی نەداوەو نابێ {ولکن کونوا ربانیین} بەڵکو بەخەڵکیان هەرئەمە گوتووە: وەرن ببنە زاناو، ملکەچی تەواوی فەرمانەکانی خوابن و، خوو سیفەتی خوایی بگرن {بما کنتم تعلمون الکتاب وبما کنتم تدرسون} چونکە ئێوە مەردم فێری نامەکەی خوا ئەکەن و، دەرسی خواناسی ئەخوێنن، پەیامبەری خوایش عیسا لەمە بەولاوە هیچ شتێ ناڵێت دەئیتر ئێوە ئەو درۆ شاخدارەیە بۆئەکەن؟!

دادگەری لە حوکمدا! حوکم نەك عیبادەت!

إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّواْ ٱلْأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِٱلْعَدْلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعًۢا بَصِيرًا[٤٥]

هەرچی ئەمانەت بێ بیدەنەوە دەسی خاوەنەکەی: {إن الله یأمرکم أن تؤدوا

٤٤ ال عمران ٧٩
٤٥ النساء ٥٨

ألأمانات إلى أهلها} بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدا کە هەموو ئەمانەت و سپاردەیەك بدەنەوە دەست خاوەنەکەی {وإذا حکمتم بین الناس أن تحکموا بالعدل} و هەرکات دادگایی نێوان مەردوم دەکەن، بە دادگەرانە و یەکسانیی داوەریی بکەن، واتە: بەلای هیچ کەسێکدا دامەبڕن، پێغەمبەر دەفەرموێ: (إن الله مع الحاکم مالم یجر، فإذا جار و کله الله إلى نفسه) ئیبن ماجە: ٧٧٥/٢، واتە: خوا پشتگیری لە(داوەر) دەکا هەتا ناهەقیی نەکا، هەرکە ناهەقییکرد، خوا وازی لێدێنێ و دەیداتە دەستی خۆی! {إن الله نعما یعظکم بە} بەڕاستیی خوای بەهەق بەجوانترین شێوەو، بەشێوازێکی زۆر چاك ئامۆژگاریتان دەکات، کەوابوو ئێوە ئەو سپاردانەی لاتان بدەنەوە بەخاوەنەکانیان و، هەمووکاتیش بەدادگەرانە بڕیار بدەن {إن الله کان سمیعا بصیرا} بێگومان خوا هەمیشە ژنەوایە بۆ گشت شتێ، بینایە بۆ دیارو نادیار. پێغەمبەریش دەفەرموێ: (إد الأمانة إلى من أئتمنك، ولا تخن من خانك). پێشەوا ئەحمەد: ٤٠٤/٣. واتە: سوپاردە بدەوە دەستی خاوەن سپاردەکە، هەرگیز خەیانەت و گزی مەکەن، تەنانەتی لەگەڵ ئەوکەسەشدا خەیانەتی لێکردوویت.

ئیمان بەبێ ڕازی بوون بە حوکمی خوا ڕەد کراوەتەوە لە قورئاندا

فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا[٤٦]

تا شەرعی خوا نەکەنە بەرنامە، موسڵمان نین: {فلا وربك لا یؤمنون} نەخێر وەك ئەوە نییە دووڕووەکان دەیزانن، سوێندبێ بەپەروەردگارت ئەی پێغەمبەر نابنە باوەڕدار {حتی یحکموك فیما شجر بینهم} تا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی

٤٦ النساء ٦٥

نێوانیان تۆ دەکەنە داوەر {ثم لا یجدوا فی أنفسهم حرجا مما قضیت} و ئەوساش بەرامبەر بەوبڕیارەی تۆ داوتە، هیچ تەنگیەکیان دەست نەکەوێ لەدەروونیاندا {ویسلموا تسلیما} و بەچاکیش تەسلیم و ملکەچ ببن. بەڵێ دەبێ ملکەچی و رەزامەندیی تەواومان بۆ هەموو بڕیارەکانی خواو پەیامبەر هەبێ، وەك لەسوورەتی (نوور:٥١)یشدا هاتووەو دەفەرموێ: (إنما کان قول المؤمنین إذا دعوا إلی الله ورسوله لیحکم بینهم أن یقولوا سمعنا و أطعنا ..). رێنماییەکانی ئایەتی (٦٤-٦٥): ١- دەبێ گوێرایەڵی لەهەموو (ئەمر)و (نەهی)یەکانی پێغەمبەر بکرێ. ٢- هەموو گوناحێ گەورەو بچووك سنوور بەزاندن و ستەمەو دەبێ تەوبەی لێبکرێ. ٣- پێویستە بەهەموو بریارێکی خواو پێغەمبەر. رازی بین

قورئان بۆ حوکم کردن دابەزیووە بە حەق

إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا[٤٧]

بێگومان ئێمە دامان بەزاندۆتە سەر تۆ ئەم قورئانە بەڕاستی بۆ ئەوەی بڕیار بدەی لە نێوان خەڵكیدا بەو بڕیارەی کە خوا نیشانی داویت وە بۆ ناپاکان مەبە بە پارێزەر و داواچی.

٤٧ النساء ١٠٥

حوكم كردن تەنها بۆ خوایە هەرئەویش چاكترینە

قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ[48]

بڵێ بێگومان من بەڵگەیەكی ئاشكرام لە لایەن پەروەردگارمەوە هەیە كەچی ئێوە بڕواتان پێ نەهێنا ئەو (سزای) ئێوە پەلەی هاتنی دەكەن بە دەست من نی یە فەرمان ڕەوایی تەنها بۆ خوایە حەق و ڕاستی باسی دەكات وە ئەو چاكترینی بڕیاردەر و جیاكەرەوەیە.

حوكمی خوا لە باسی خواردندا

خۆ ئەگەر بە یاسا قەدەغە كرا حەیوان سەربڕدرێت ئەوسا مسوڵمانان چۆن گۆشت پەیدا بكەن لە نێوان حوكمی خواو حوكمی پەرلەماندا؟!

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِۚ أُحِلَّتۡ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلۡأَنۡعَٰمِ إِلَّا مَا يُتۡلَىٰ عَلَيۡكُمۡ غَيۡرَ مُحِلِّي ٱلصَّيۡدِ وَأَنتُمۡ حُرُمٌۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ مَا يُرِيدُ[49]

ئەی بڕواداران بەڵێنەكانتان ببەنە سەر حەڵاڵ كراوە بۆتان (گۆشتی) ئاژەڵ و چوارپێ (مەڕ و بزن و وشتر و ڕەشە وڵاغ) بێجگە لەوەی كە دەخوێنرێتەوە بە سەرتان دا (حەرامن) دروست نی یە ڕاو بكەن لە كاتێكدا ئێوە لە ئیحرام دابن بەڕاستی خوا هەرچی بوێت بڕیاری بۆ دەدات.

سَمَّٰعُونَ لِلۡكَذِبِ أَكَّٰلُونَ لِلسُّحۡتِۚ فَإِن جَآءُوكَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُمۡ أَوۡ أَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡۖ وَإِن تُعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيۡـٔٗاۖ وَإِنۡ حَكَمۡتَ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِٱلۡقِسۡطِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ[50]

خودا لێرەدا ئەم فەرمایشتەی دووبارە كردەوە، تا بزانرێت لاریی و خراپەكاریی

٤٨ الأنعام ٥٧
٤٩ المائدة ١
٥٠ المائدة ٤٣

ئەو جولەکانە تا چ ڕادەیەك بووە. { اكالون للسحت...} دەفەرمویت: ئەوانە زۆر حەرام خۆرن، جا حەرامەکە سوو (ربا) بێت، یان بەرتیل(رشوة) بێت، یان کڕین و فرۆشتنی پڕ فڕوفێڵ بێت.. ئەی پێغەمبەرئەگەر ئەوانە هاتن بۆ لات بۆ ئەوەی لە کارێکیاندا بڕیارو حوکمێك بدەیت، ئەگەر خۆت ویستت، ئەوە حوکم بدە لە نێوانیانداو دادوەرییان بکە، ئەگەر نەشت ویست پشتیان تێبکەو گوێیان مەدەرێ.. ئەگەر گوێیان نەدەیتێ هەرگیز ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن، بەڵام گەر لە نێوانیاندا حوکمت کرد، ئەوە هەق و ڕاستیی چۆنە، بەو شێوەیە حوکمیان بکە، جا ئیتر ئەوان پێی ڕازی بن یان نا.

وَكَيۡفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوۡرَىٰةُ فِيهَا حُكۡمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوۡنَ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَٰٓئِكَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ[٥١]

عەجایبە ئەوان چۆن تۆ بە حەکەمی خۆیان دادەنێن، لە کاتێکدا کە خۆیان تەوراتیان لایەو، ئەو پرسیارەی لە تۆی دەکەن، حوکمی خودا بە ئاشکرا لە تەوراتدا هەیە، ئەوانە دابیان وایە پاش ئەوەی حوکمی پرسیارەکەیان بۆ ڕوون دەکەیتەوە، پێی ڕازی نابن و پشتی تێدەکەن، چونکە دەیانەوێت حوکمی خودا بەشێوەیەك بێت کە خۆیان دەیانەوێت، ئەوانە باوەڕیان بەتۆ نیەو باوەڕی تەواویان بە تەوراتیش نیەو، هەر ئیماندار نین.

پەیامە ئاسمانیەك بۆ حوکم پێکرن دابەزیوون

إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ بِمَا ٱسۡتُحۡفِظُواْ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُواْ عَلَيۡهِ شُهَدَآءَۚ فَلَا تَخۡشَوُاْ ٱلنَّاسَ وَٱخۡشَوۡنِ وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗاۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ[٥٢]

٥١ المائدة ٤٣
٥٢ المائدة ٤٤

کارکردن دژی فەرمانی خوا، لەدین وەڕگەڕانە: {إنا أنزلنا التوراة فيها هدى و نور} ئێمە تەوراتمان نارده خوارێ، بێ شك بۆ هەموو خێرو چاکەیەك، ڕێنمایی و ڕووناکایی تێدایە {يحكم بها النبيون الذين أسلموا للذين هادوا} هەموو ئەو پەیامبەرانەی (بەنی ئیسرائیل) -کە بەرفەرمان و ملکەچی بڕیاری خوابوون- هەر بەو تەوراتە داوەریی مووساییەکانیان دەکرد، واتە: ئێستا جوولەکە لەڕێی ڕاست لایانداوە {والربانيون والأحبار} و زانا خواناس و شەرع زانەکانیشیان هەروا {بما استحفظوا من كتاب الله} و ئەوانەش کە پارێزگاری تەوراتیان پێ سپێررا بوو پاش نەوەی یەکەم کەنەهێڵن تێکەو لێکە بکرێ {وكانوا عليه شهداء} و شایەتیش بوون لەسەری ودەیانزانی ڕاست و هەقە، نەك وەکو ئێوە ئەی یەهوودی سەردەم! کە تەوراتتان گۆڕی و حوکمتان پێنەکرد! {فلا تخشوا الناس واخشون} کەوابوو لەمەردم مەترسن، بەڵکو دەبێ تەنها لەمن بترسن و، بەرفەرمانم بن {ولا تشتروا بآياتي ثمنا قليلا} ئایەت و نیشانەکانی من بەبەهایەکی زۆر کەم مەفرۆشن، هەق مەشارنەوە و کیتمانی مەکەن، خوا چۆن فەرمان دەدا، ملڕاکێشن و تەسلیم بن {ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون} هەرکەسێك بەو کتێب وبەرنامە خوا ناردوویەتی حوکم و بڕیار نەدات، ئیتر لەبەرئەوە بێ کە بەکەم و کورتیی بزانێ، یان هەر بڕوای پێ نەبێ، وە یان لەبەر هەر هۆیەکی تربێ، دیارە هەرکەسێکی وا لەوکافرو بێ باوەڕانە لەچوارچێوەی دینی خوا دەچێتە دەرێ. (شێخ حەسەنی بەسریی) دەڵێت: ئەم ئایەتی (ومن لم يحكم بما أنزل الله) ئەگەرچی دەربارەی جولەکە هاتبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا گشتگیرە و، هەموو موسڵمانان و خاوەن دینێك دەگرێتەوە. (عەلی کوڕی ئەبی تەڵحە)ش لە (ئیبن عەباس)ـەوە دەڵێ: ئایەتی: (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون) مانای ئەوەیە کە: هەرکەسێ ئینکاری و نکووڵی هەرشتێ لە(ما أنزل الله) بکا، پێی کافر دەبێت، بەڵام ئەوکەسە

کەباوەڕی پێدەکاو، حوکمیشی پێناکا، دەبێتە پیاوێکی ناهەقیکارو فاسیق/ ئیبن جەریری تەبەریی. (ئیبن تاوس)یش دەڵێ: (ولیس کمن یکفر بالله و ملائکته و کتبه و رسله. و قال الثوری: من ابن جریج عن عطاء قال: کفرٌ دون کفر ، ظلم دون ظلم، وفسق دون فسق (ئیبن جەریر) واتە: ئەوکەسە کە باوەڕی بەشەریعەتی ئیسلام هەیەو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت، حوکمی پێناکات، ئەمە وەکو ئەوە نییە کەباوەڕی بەخواو بەفریشتەو، بە کتێب و پێغەمبەرەکان نەبێ. (سەوری)یش دەڵێ: ئەوجۆرە کەسانە، جۆرە کافرێکن وکافری تەواو نین. گەلێ لەزاناکان دەڵێن: ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەر پیاوێك ژنێکی کوشت، لەباتیدا دەکوژرێتەوە، بەبەڵگەی ئەم فەرموودانەش: (إنّ الرّجُلَ يُقْتَلُ بالمرأة) نەسایی. یان ئەم فەرموودە: (المُسْلِمُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ).

غەرامەی کەسی تاوانکار

گریمان دین تەنها عیبادەتە ئەی ئەم ئایەتە چ دەکات لەناو قورئانداو وە دەبێت لە کوێی عیبادەتەکانی وەك نوێژو ڕۆژ کۆی بکەینەوە!
وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ[٥٣]
تۆڵەی چاوو لووت و گوێ و، هەر زەخمێکی تر: {وکتبنا علیهم فیها} ئێمە لەتەوراتدا لەسەر (بەنی ئیسرائیل)مان نووسیی و بڕیارماندا {أن النفس بالنفس} کە تۆڵەی کوشتنی گیانێك، گیانێکە، واتە: ئەرکەسێك کوژرا، تەنها بکوژەکەی دەکوژرێتەوەو، نابێ دەس بۆکەسێکی تر ببرێت {والعین بالعین}

٥٣ المائدة ٤٥

وچاو لەباتی چاو {والأنف بالأنف} و لووت لەباتی لووت {والأذن بالأذن} و گوێ لەباتی گوێ {والسن بالسن} و ددان لەجیاتی ددان {والجروح قصاص} و هەموو زام و برینێکیش، بەگوێرەی خۆی قیساس و تۆڵەی هەیە، کەچی لەگەڵ ئەو بڕیارەدا، هێمان هەرسەرپێچیان کردو، بۆخەڵکی خۆیان ئامادەبوون، تۆڵە بکەنەوە، بەڵام بۆ دانەوەی هەقی خەڵکی تر، لارو لاساربوون و، گەلێ لەبڕیارەکانی خوایان گۆڕی! {فمن تصدق به} جا هەرکەسێ لە کابرای تاوانبار خۆش بوو و بەخشیی و کردیە خێر {فهو كفارة له} ئەوکارەیە دەبێتە کەفارەت و سڕینەوەی گوناحەکانی و، خواش لەو خۆش دەبێ {ومن لم يحكم بما أنزل الله} و هەرکەسێك بەپێی ئەو بەرنامەیە خوا ناردوویەتی داوەریی و بڕیارنەدات {فأولئك هم الظالمون} بێ سۆ لە ڕیزی ستەمکاران وسنووردەرچووان دەبن.

وشەی حوکم لە یەك ئایەتدا دووبارەش دەبێتەوە

وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ[٥٤]

وليحكم أهل الإنجيل بما أنزل الله فيه} وە شوێنکەوتووانی (ئینجیل)یش، دەبێ هەربەپێی ئەو ڕێنماییانە خوا تێیدا دایبەزاندوون بڕیار بدەن، واتە: بڕوایان بەهەمووی هەبێ و، حوکم بەهەموویشی بکەن {ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الفاسقون} و ئەوکەسانەش بەوبەرنامە -خوا ناردوویەتی- بڕیارو حوکم نەدەن، دیارە یاخیی و ناپاك و لەسنوور دەرچوون. بەڵێ.. خوامان تاك و تەنیایە، بەدیهێنەرو دروستکەرمان تاك و تەنیایە، پاشاو خاوەنمان تاك و تەنیایە، کەوابوو دەبێ حاکم و دادوەریشمان (واتە: شەریعەتی ئیسلام) تاك و

٥٤ المائدة ٤٧

تەنیابێ، دانەری حوکم و ئەحکام، هەردەبێ تاك و تەنیابێ، وە هەرخواش مافی لابردن و گۆڕینی بڕگەو ماددەیەکی هەیە، دەبێ لەیەك شەریعەتیش پەیڕەوی بکرێ، بێگومان قەبووڵکردنی ئیسلامێکی ئاوا، لای خوا پەسەندەو بەدینداری دادەنرێت، پێچەوانەی ئەمەو حوکم بە غەیری (ما أنزل الله)..(کوفرو زوڵم وفیسقە). ڕێنماییەکانی ئایەتی (٤٤-٤٧): ١- دەبێ هەر لەخوا بترسین و، هەر فەرمانەکانی ئەویش جێبەجێ بکەین، ئینکاری یاساکانی خواو، حوکم پێ نەکردنیان و، سووکایەتی پێکردنیان و پەسەندکردنی هەندێکی و پشتگوێ خستنی هەندێکی تری، بێ شك کوفرە. ٢- تۆڵەو (قیساس) و خوێن لە نەفس و، لە برین و زەخمەکاندا واجیبە، بۆ نموونە: هەردوو چاو خوێنی تەواوی دەکەوێ، یەك چاوی ساغ نیو خوێن، لووت خوێنی تەواو، هەردوو گوێ خوێنی تەواو، یەك ددان پێنچ وشتر، هەردوو لێو خوێنی تەواو ، زمان خوینی تەواو. ٣- زیادەڕەوی لەتۆڵەدا -دووکەس لەباتی یەك کەس، یالەباتی بکوژەکە خزمێکی بکوژرێتەوە- کارێکی حەرامە لەکتێبی (ئینجیل)یشدا تۆڵە و قیساس هەر هەبووە، کەوابوو ئێوەش - عیسایی و مووسایی- کار بەوبڕیارانە بکەن.

لادان لە حوکی خوا ئارەزوو پەرستیە

وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَكُمۡ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمۡۖ فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ[٥٥]
هەر بەقورئان بڕیار بدە: پاش باسکردنی (تەورات) دێتە سەرباسی قورئان

٥٥ المائدة ٤٨

و، رایدەگەیەنێت کەدەبێ تەنیا بەوحوکم و بڕیار بدەن، بۆیە دەفەرموێ: {و أنزلنا إليك الكتاب بالحق} ئەم کتێبەی (قورئان)یشمان، هاوڕێ لەگەڵ هەموو ڕاستییەکدا ناردە خوارێ بۆت {مصدقا لما بين يديه من الكتاب} تەسدیقی ئەو کتێبانەش دەکات بەرلەخۆی هاتوون {و مهيمنا عليه} و چاودێرو پارێزەرو شایەتیشە بۆیان، ئەمینداری هەموو کتێبەکانی بەر لەخۆیەتی، ئەم هەر شتێکی بەراست، یان ناراست دانا، هەر ئەوەیە {فاحكم بينهم بما أنزل الله} دەسا تۆش لەنێوان گشت خەڵکاندا، تەنانەتی جوولەکەو گاورەکانیش هەر بەپێی ئەوبەرنامەیە کاربکەو بڕیاربدە، خوا ناردوویە {ولا تتبع أهواءهم عما جاءك من الحق} ولەو هەق و ڕاستییە لەخواوە بۆت هاتووە لامەدە و، مەکەوە شوێنی هەواو ئارەزوویان {لكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا} بۆ هەریەکێ لەئێوەش ئەی موسڵمانان و ئەهلی کیتاب! یاساو بەرنامەیەکمان دانا، بۆئەوە کاری پێبکەن و لێی لانەدەن، واتە: پلە بەپلە بەدوای یەکدا کتێب وبەرنامەمان بۆناردن، هەتا کۆتا بەرنامە (قورئانی پیرۆز) ئیتر پاش هاتنی ئەو، دەبێ هەموو لەدەوریا خڕ ببنەوەو، کار هەربەو بکەن {ولوشاء الله لجعلكم أمة واحدة} خۆئەگەر خوا ویستبای هەمووتانی دەکردە یەك گەل و یەك و ئوممەت و، هەرلەسەرەتاوە یەك بەرنامەشی بۆ دادەنان {ولكن ليبلوكم فيما آتاكم} بەڵام بەوشتانە پێمانداون ویستی تاقیتان بکاتەوە، تادەرکەوێ کێ گوێڕایەڵە، کێش سەرپێچی دەکا، ئەمڕۆ دین و ئایینێکە، سبەینێ شەریعەت و بەرنامەیەکە، هەتا دەرکەوێ کامتان بەئاسانی و بێ چەندوچۆن تەسلیم دەبێ و بەرفەرمانە {فاستبقوا الخيرات} کەوابوو گشتتان پێشبڕکێ بکەن، بۆئەنجامدانی هەموو کارێکی چاکەو خێر {إلى الله مرجعكم جميعا} دڵنیاشبن هەموو هەر بۆلای خوا دەگەڕێنەوە {فينبئكم بما كنتم فيه تختلفون} ئەوساش زۆر بەوردی لەوشتانە ئاگادارتان دەکا، ناکۆکی و کێشەتان بوو، پاشانیش هەرکەسە بەپێی

کاروکردەوەی خۆی، پاداش و تۆڵە وەردەگرێت.

ئاگاداری لەلادان لە حوکمی خوا

وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعۡضِ ذُنُوبِهِمۡۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ[٥٦]

بەقورئان کێشەی مەردم بخەملێنە: {وأن احكم بينهم بما أنزل الله} دیسان دەبێ هەر بەو بەرنامە لەناو جوولەکە و گاورو خەڵکانی تریشدا ، حوکم و بڕیار بدەیت، خوا ناردوویە {ولا تتبع أهواءهم} نابێ شوێنی هەواو ئارەزووی ئەوانە بکەوی و، چەواشەت بکەن. (ئیبن عەباس) دەڵێ: تاقمێ لەزانایانی یەهوود وەك (ئیبن سوریا، کەعب ، شاس) خڕ بوونەوەو گوتیان: با بچینە لای موحەممەد بەڵکو بتوانین لەخشتەی بەرین و فریوی بدەین، چونکە خۆئەویش هەر وەك ئێمە ئادەمییە، بچین پێی بڵێین کە: لە فڵانە مەسەلەدا پشتگیری لەئێمە بکە، ئەوسا ئێمەیش لەهەندێ شتا پەیڕەوی لەتۆ دەکەین، دیارە خۆیشت چاك دەزانی کە: ئەر ئێمە شوێنت کەوین، هۆزەکانی تریش چاومان لێدەکەن، بەڵێ هەستان و چوونە لایی و، مەبەستەکانیان لا درکان، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك بەگوێی نەکردن و، نەیانتوانی لەڕێی ڕاست بیترازێنن، ئینجا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی: {واحذرهم أن يفتنوك عن بعض ماأنزل الله إليك} هۆشیاربە! لەو ڕێنمایانەی خوا بۆی ناردوی، لاڕێت نەکەن و کلا نەبیت {فإن تولوا} ئینجا ئەگەر لە داوەریی و بڕیاری تۆ، ڕوویان وەرگێڕاو، نەهاتنە سەرنەخشەی تۆ {فاعلم أنما يريدالله أن يصيبهم ببعض ذنوبهم} چاك بزانە کە:

٥٦ المائدة ٤٩

خوا دەیەوێ -بەهۆی تاوانەکانیانەوە- تۆڵەیان لێ بسێنێت {وإن كثيرا من الناس لفاسقون} خۆ بێگومان زۆرینەی خەڵك لەڕێ دەرچوون و لایانداوە.

حوکمی جگە لە ئیسلام دواکەوتن و بۆ دوا گەڕانەوەیە

أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ[٥٧]
دابی جاهیلییەتی بەر لەئیسلام مەهێننەوە {أفحكٰم الجاهلية يبغون} ئاخۆ ئەمانە دەیانەوێ، داب و یاسای جاهیلیەتی بەر لە ئیسلام زیندوبکەنەوە و بریارو حوکمی خوا، وەلانێن وەك ئەوان؟! {ومن أحسن من الله حكما} جا دەبێ بڕیارو حوکمی کێ جوانترو باشتر بێت ، لەحوکم و فەرمانی خوا {لقوم يوقنون} بۆئەوانە کە هیچ شك و گومانێکیان نییەو، ئەهلی یەقینن؟ چونکە هەرئەمانە چاك دەزانن کە شەریعەتی ئیسلام لەهەموو بەرنامەکانی تر گونجاوترە بکرێتە دەستوورو سەرچاوەی دەستوور، بێ دین و لادەرەکان نازانن و تێناگەن، ئامادەش نابن تێبگەن!. (تەتار)ـەکان بەیاساکەی (جەنگیزخان) کاریان دەکرد! کە پێك هاتبوو لە چەند فەرمان و بریارێکی تێکەڵ لەدینی ئیسلام و جوولەکەو گاور، هاوڕێ لەگەڵ هەندێ راووبۆچوونی خۆشی، پاشان چینی پاش ئەوان کەهاتن پەیڕەوییان لێکردو فەزڵیاندا بەسەر شەریعەتی خوادا! دیارە کاری ئاوا، دەرچوونە لەئیسلام و، مرۆڤی پێ کافر دەبێ، پێغەمبەر دەفەرموێ: (أَبْغَضُ الناسِ إلى الله مَنْ يَبْتَغِي فى الإسلام سُنَّةَ الجاهليةِ، و طَالَبَ دمَ امرئٍ بغير حق، لِيُرِيقَ دَمَهُ) تەبەریی. کەوابوو زۆر پێویستە کە: موسڵمانان بەتایبەتی حکومەت ودەوڵەتەکان بگەڕێنەوە بۆلای بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام و، هەر ئەویش بکەنە یاساو دەستوور بۆ ولات ڕێنماییەکانی ئایەتی (٤٨-٥٠): ١- دەبێ

---

٥٧ المائدة ٥٠

له هەمووشتێکدا هەر بەقورئان و سوونەت، حوکم و بریار بدرێت، نابێ هیچ شەریعەت و بەرنامەیەکی تر، بکرێ بە یاساو بەرنامەو حوکم و بڕیاری پێ بدرێ. ٢- نابێ پەیڕەوی لە هەواو ئارەزوی خەڵکی بکرێ. ٣- حیکمەتی جیاوازیی نێوان شەریعەتە ئاسمانیەکان، ئیبتیلاو تاقیکردنەوەیە. ٤- زۆربەی زۆرینەی موسیبەت و بەڵا هەر لەگوناحەوە سەر هەڵدەدا. ٥- شەریعەتی ئیسلام لەگش شەریعەتەکانی تر، لەهەموو روویەکەوە تێرو تەسەل ترە.

عیبادەت و حوکم و سنورەکان پێکەوە گرێدراوە لە قورئاندا

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ هَدۡيَۢا بَٰلِغَ ٱلۡكَعۡبَةِ أَوۡ كَفَّٰرَةٞ طَعَامُ مَسَٰكِينَ أَوۡ عَدۡلُ ذَٰلِكَ صِيَامٗا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمۡرِهِۦۗ عَفَا ٱللَّهُ عَمَّا سَلَفَۚ وَمَنۡ عَادَ فَيَنتَقِمُ ٱللَّهُ مِنۡهُۚ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ[58]

نێچیر کوشتن لەئیحرامداً حەرامە: {یا أیها الذین آمنوا} ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە! {لاتقتلوا الصید وأنتم حرم} هەتا لە ئیحرامدان هیچ جۆرە نێچیرێکی وشکانی مەکوژن، گۆشتی بخورێ، یا نەخورێ {ومن قتله منکم متعمدا} هەرکەسێکتان بەدەست ئەنقەست کوشتیی و لەئیحرامیشدا بوو، بەڵام لەم گیانلەبەرو جانەوەرانە نەبوو کە ناویان لەبوخاریی و، موسلیمدا هاتووە: (خمس فواسق یقتلن فی الحل والحرم : الغراب، والحدأة، والعقرب، والفأرة، والکلب العقور) واتە: ئەم پێنج شتە گشت کاتێ لەحەرەم و لەدەرەوەیدا کوشتنیان مۆڵەتی پێدراوە: قەلەڕەشە، داڵە کۆلارە، دووپشك، مشك، سەگی لاگیر {فجزاء مثل ما قتل من النعم} لە تۆڵەی ئەوەدا دەبێ وێنەی نێچیرە

[58] المائدة ٩٥

کوژراوەکە لەمەڕو بزن و وشترو گا کەفارەت بدات {یحکم به ذوا عدل منکم} دوو کەسی دادگەریێ زاناشتان بڕیاری لەسەربدەن و بڵێن: ئەمە بۆبارتەقاو کەفارەتی نێچیرە کوژراوەکە دەشێ {هدیا بالغ الکعبة} ئەو کەفارەتە بهێنێتە هەرێمی کابەو هەرلەوێش سەری ببڕێ و، بیداتە هەژاران {أوکفارة طعام مساکین} یان لەجێی قوربانیە کە ئەگەر هاووێنەی حەیوانە کوژراوەکە نەبوو خواردن بدرێ بەخەڵکانی بێنەواو هەژار، هەر هەژارەی مشتێ خۆراك {أو عدل ذلك صیاما} یان بەئەندازەی قیمەتی ئەو نیچیرە چەند رۆژ ێك بە رۆژوو بن، واتە: دەبێ حەیوانە کوژراوەکەبکرێ بە پارەو، ئەو پارەیە چەندە خواردن بکات، لە باتی هەر مشتەی رۆژێك بە رۆژوو بن {لیذوق وبال أمره} تاتۆڵەی ئەوسەرپێچییەی خۆیە بچێژێ {عفاالله عما سلف} خوا لەکاری سەردەمی نەفامیی و پێش ئەم قەدەغە کردنەیە خۆش بووە {ومن عاد فینتقم الله منه} ئینجا کەسێك بچێتەوە سەرباری نیچێر کوشتن دوای حەرام بوونی، خوا تۆڵەی لێدەکاتەوە {والله عزیز ذو انتقام} چونکە خوا زۆربە دەسەڵات و، تۆڵە سێنە، هەرکەسێك لەفەرمانەکانی سەرپێچی بکات ، زۆر بەئاسانی دەتوانێ تولەی لێ بسێنێ.

ثُمَّ رُدُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ مَوۡلَىٰهُمُ ٱلۡحَقِّۚ أَلَا لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَهُوَ أَسۡرَعُ ٱلۡحَٰسِبِينَ[٥٩]

ثم ردوا إلی الله مولاهم الحق} لەپاشان دوای زیندووو بوونەوە هەموو دەگەڕێنەوە لای خوا، کەگەورەو سەروەری ڕاستەقینەی هەموانە {ألا له الحکم} دەبا گشت هۆشیار بن! کە داوەریی و بڕیار هەربەدەستی ئەوە {وهو أسرع الحاسبین} بە خێراتر لە هەرحیسابگرێکیش حیسابی گشتیان دەکا. ڕێنمایەکانی ئایەتی (٥٩ - ٦٢): ١- مەودای دەسەڵات و تواناو حیکمەتی خوای خاوەن بەزەیی بێ سنوورە. ٢- هەمووکارێکی غەیب و نادیار، دیارو ئاشکرا تەنیا خوا خۆی دەیزانی. ٣- مەودای (قەزا) و(قەدەری) خوا هەمووشتێ دەگرێتەوە, تەنانەتی

٥٩ الأنعام ٦٢

هەرگە لاداریك لەدار بەربێتەوە, ئاگای لێیەتی. ٣- (مەعاد)و لێپرسینەوەو تۆڵەو پاداش، بڕیارێکی حەتمیی خوایەو هەر پێش دێت .

جێگەی پرسیارە هەڵبژاردنی حوکمی غەیری خوای گەورە

أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡتَغِي حَكَمٗا وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ مُفَصَّلٗاۚ وَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡلَمُونَ أَنَّهُۥ مُنَزَّلٞ مِّن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّۖ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُمۡتَرِينَ[٦٠]

أفغير الله أبتغى حكما} پێیان بڵێ: ئاخۆ ڕەوایە جگە لە خوای بەدەسەڵات کەسێتر بکەمە داوەری نێوانمان؟ هەتا شایەتی بدات کاممان ڕاست دەکات ؟ {وهو الذى أنزل إليكم الكتاب مفصلا} کە هەر ئەویشە ئەم قورئانەی بە ڕۆشنکراوەیی دابەزاندۆتە خوارەوە بۆتان و، سەرجەم بڕیارەکانیشی ڕوونن {والذين آتيناهم الكتاب} خوَ ئەوانەیش وا نامەمان پێداون {يعلمون أنة منزل من ربك بالحق} چاك دەزانن کە ئەو قورئانە لەلای پەروەردگارتەوەیەو، گشتیشی ڕاست و دروستە {فلا تكونن من الممترين} دەسا تۆ هەرگیز لەخەڵکانی دوودڵ و بەگومان مەبە، گومانت نەبێ کە ئەم قورئانە خوا ناردوویە

وَجَعَلُواْ لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنَ ٱلۡحَرۡثِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ نَصِيبٗا فَقَالُواْ هَٰذَا لِلَّهِ بِزَعۡمِهِمۡ وَهَٰذَا لِشُرَكَآئِنَاۖ فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمۡ فَلَا يَصِلُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَىٰ شُرَكَآئِهِمۡۗ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ[٦١]

کارو کردەوەی خوانەناسان!: {وجعلوا لله مما ذرأ من الحرث والأنعام نصيبا} لەبەروبووی ئەو کێڵگەو کشت و ئاژەڵ و مەڕوماڵاتە خوا خۆی دروستیکردبوو، هەر بەشێکیان بۆ خوا دانا !! بەشەکەی تریان جیایان کردەوە بۆ گەروەو بتەکانیان ! {فقالوا هذا لله بزعمهم} ئەوساش بێ بەڵگەو لێکدانەوە، بەڵکو

٦٠ الأنعام ١١٤
٦١ الأنعام ١٣٦

هەربەخەیاڵی خۆیان وتیان: ئەمە بۆخوایە!! {وهذا لشرکائنا} وئەمەیش هی هاوبەش و (بتەکان)مانە {فما کان لشرکائهم فلا یصل إلی الله} جا ئەوەی هی بت و هاوبەشەکانیان بوو، هەرگیز نەئەگەیشتە لای خوا {وما کان لله فهو یصل إلی شرکائهم} کەچی ئەوی بەشی خوابوو ئەگەیشتە لای بتەکانیان !! دیارە لەکارو بۆچوونێکی زۆر نارەواو هەڵەدا بوون، چونکە لەوەگەڕێ کەشەریکیان بۆ خوا دانابوو، لە دابەشکردنەکەیشدا هەر ناراست دەرچوون، ئەوەتە بەشەکەی خوایش دەخەنە سەربەشی بتەکانیان و، لەوەیشدا هەر درۆیانکرد! {ساء ما یحکمون} چ خراپ بڕیارێك ئەدەن، چونکە هێمان بتەکانیان لاخۆشەویستر بوو لەخوا.

وَإِن كَانَ طَآئِفَةٞ مِّنكُمۡ ءَامَنُواْ بِٱلَّذِيٓ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ وَطَآئِفَةٞ لَّمۡ يُؤۡمِنُواْ فَٱصۡبِرُواْ حَتَّىٰ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ بَيۡنَنَاۚ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ[٦٢]

شوعەیب _ سەلامی خودای لێ بێت_ پێی ووتن: کۆمەڵێك لە ئێوە باوەڕتان هێناوە بەوەی کە بۆ من نێرراوەتە خوارەوە _ کە ئاپینی ئیسلامە_ و شوێنم کەوتوون، هەندێکی تریشتان باوەڕتان پێی نیەو ڕێگایش لە باوەڕهێنانی خەڵك دەگرن.. جا کەمێك دڵ فراوان بن و سەبرتان هەبێت، تا خودا لە نێوانماندا بڕیاری خۆی دەدات.. خودا چاکترین بڕیاردەرو (حاکم) ە.. خودای گەورە ئەمە دەکات تا دەربکەوێت کێ لەسەر هەق و ڕاستی یەو، کێیش لە ڕێگا ڕاستەکە لایداوە؟ .. ئینجا هەریەکەو بەپێی کارنامەی خۆی جەزای دەدرێتەوە.

---

٦٢ الأعراف ٨٧

لادان لە حوکمی خوا هاوەڵ دانانە، چ حوکمێکە ئەوە

قُلۡ هَلۡ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهۡدِي لِلۡحَقِّۗ أَفَمَن يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّيٓ إِلَّآ أَن يُهۡدَىٰۖ فَمَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ[٦٣]

هەروەها ئەی پێغەمبەر! (صلی الله علليه وسلم) پێیان بڵێ: ئایا هیچ کام لەو بتانەی دەیانپەرستن توانای نیشاندانی ڕێگای ڕاستیان هەیە؟! لە وەڵامی ئەم پرسیارەیشدا هیچ ناڵێن و بێ وەڵامن... تۆیش پێیان بڵێ: ئەوە خودای بەرزی بێ وێنەیە کە ڕێگای حەق و ڕاستیی بەهۆی هیدایەتی ئایینەوە نیشان دەدات، وە بە هیدایەتی عەقڵ و ژیری و بە هیدایەتی هەست و بە هیدایەتی ئیلهام و شت خستنە ناو دڵ، ڕێنماییتان دەکات و حەق و ڕاستییتان بۆ دەردەخات.. جا ئایا ئەوەی ڕێگای حەق و ڕاستی نیشان دەدات، شایانترو پێویسترە پەیڕەویی لێ بکرێت و بپەرسترێت، یاخود ئەوانەی کە توانایان نیە ڕێنمایی بکەن و ڕێگای ڕاست نیشان بدەن، مەگەر خۆیان هیدایەت بدرێن و بخرێنە سەر ڕێگای ڕاست؟! وەکو بتەکانیان کە خۆیان ناتوانن لەجێگەی خۆیاندا بجوڵێن، مەگەر بگوێزرێنەوە.. ئەی بتپەرستینە! ئێوە بۆ بیر ناکەنەوەو، چیتانە وا بت دەپەرستن و بڕیاری بتپەرستیی دەدەن؟! ئەمە چۆن بڕیاردانێکە؟!

قورئان حوکم بە حەق دەکات، ئایا لە قورئان حەقانی تر هەیە

وَٱتَّبِعۡ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيۡكَ وَٱصۡبِرۡ حَتَّىٰ يَحۡكُمَ ٱللَّهُۚ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ[٦٤]

ئەی پێغەمبەرتۆ شوێن ئەوە بکەوە کە بە وەحی بۆت دێت، کە قورئانی پیرۆزە، وە صەبرو ئارامت هەبێت لەسەر ئەو ئازارو نارەحەتیانەی کە لەلایەن قەومەکەت

٦٣ سونس ٣٥
٦٤ سونس ١٠٩

و غەیری قەومەکەتەوە دووچارت دەکرێت، تاخودا لە نێوانتاندا حوکم دەکات.. خودا گەورەترین و چاکترین دادوەرەو، جگە بەحەق زیاتر حوکم بە هیچ شتێکی تر ناکات.

إن ٱلحكم إلا لله

مَا تَعبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسمَآءً سَمَّيتُمُوهَآ أَنتُم وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلطَٰنٍۚ إِنِ ٱلحُكمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعلَمُونَ[٦٥]

ما تعبدون من دونه إلا أسماء} ئەوەش بزانن ئەوانەی ئێوە ’بەدەر لەخوا‘ دەیانپەرستن چەند (ناو)ێکی بێ ناوەڕۆکن {سميتموها أنتم وآباؤكم} و ئێوەو باوو باپیرانتان بەئارەزووی خۆتان ناوتانناون و کردووتانن بە خوا! {ما أنزل الله بها من سلطان} خوا هیچ بەڵگەیەکی بۆراستی پەرستنی ئەوانە نەناردووە. جا یوسف ئەیەوێ رۆشنتر بۆیان باس بکات، بۆیە دەڵێت: {إن الحكم إلا لله} گشت حوکم و بڕیارێك تەنهاو تەنها هی خوایە, دەبێ تەنها ئەو حاکم و بڕیار بەدەست بێت {أمر ألا تعبدوا إلا إياة} فەرمانیداوە کە: ئێوە دەبێ تەنها ئەو بپەرستن و گوێرایەڵیی هەر لەوبکەن، نەك لەسەرۆك عەشیرەت، نەك لەگەل و نەتەوە، نەك لەوڵات و نیشتمان، نەك لە حیزب و گرووپ و خێڵ..هتد {ذلك الدين القيم} هەر ئەو ئایین و دینە راست و ڕەواو پایەدارە، کە بانگتانم کرد بۆی، دەسا ورياو بەئاگابن وشوێنی بتان مەکەون {ولكن أكثر الناس لا يعلمون} بەڵام زۆربەی ئەو مەردمە نازانن ئاییني یەکخواپەرستی راست و رێکە، خوای باڵادەست لەجێگایەکی تردا دەفەرموێ: (وما أكثر الناس ولو حرصت بمؤمنين) یوسف/١.٣) جائێستا دەست دەکات بەماناو لێکدانەوەی خەونەکانیان، بۆیە

---

٦٥ یوسف ٤٠

دەفەرموێ:

وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍۖ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ[٦٦]

یاقووب دەڵێ: لەیەك دەرگاوە مەچنە ناو: {وقال يا بنى لا تدخلوا من باب واحد} باوكیان وتی: كوڕەكانم! كەنزیكی شار دەبنەوە، هەموو پێكەوە لەیەك دەرگاوە مەچنە ناو شارەوە. بەڵێ.. لەبەر هەر هۆیەك بوو(یەعقووب) وەكو سۆزی باوكایەتی-ئەو وەسیەتەی بۆكوڕەكانی كرد؟ هەرچەندە گەلێ تەفسیرو ریوایەت هەیە بۆدیاریكردنی هۆیەكەی، وە هەریەكەشیان شتێك دەڵێت، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكیان بەدەستەوە هەبێ و، لەگەڵ دەقی قورئانەكەدا بگونجێت! خۆ گومانیش لەوەدا نییە كە ئەگەر ئەوشتەی وا یەعقوب كوڕەكانی خۆی لێ دەپارێزێ (چاو)ی پیس بوایە، (وەك ئەوانە دەڵێن)، وەیان هەرشتێكی تری دیاریی، ئەوا ئەو كاتە قورئانەكە خۆی دیاریی دەكرد، خۆ ئاشكرایە لەم قورئانەدا تەنها هەر ئەوەندە هاتووە كە فەرمووی: (إلا حاجة فى نفس يعقوب قضاها) واتە: تەنها نیازو سۆزێكی دەروونیی بوو لە دڵی (یەعقووب) دا، بەرامبەریان دركانی و هیچی تر، كەوابوو دەبێ راڤەكەرانی قورئانیش لەوسنوورەدا بووەستن و پەنجە نەخەنە سەر هیچ شتێك و راسپاردەكەش وەك خۆی بەڕەهاو بەرفراوانی بهێڵنەوە، دیارە هەر ئەمەش شیاوە بۆ ڕاگرتنی ئەدەب و وێڵ لەگەڵ قورئاندا. هەمووشمان چاك دەزانین كە یەعقووب (علیه السلام) بەرامبەر كوڕەكانی مەترسی شتێكی هەبوو بۆیان ئەگەر لەیەك دەرگاوە بچنە ناو شاری میسرەوە هەرچەندە راسپاردەكەش هیچ بڕیارێكی خوای پێ بەرپەرچ نەدرایەوە.. كەوابوو بۆ ئێمەیش هەروا چاكە كە ئەو وەسیەت و راسپاردەیە بە رەها بهێڵینەوەو دیاریی نەكەین و، هەرتەنها لەگەڵ دەقی قورئانەكەدا بڕۆین

---

٦٦ یوسف ٦٧

{وادخلوا من أبواب متفرقة} و لەدەروازەی جیا جیاوەوە بچنە ژوورەوە {وما أغنی عنكم من الله من شئ} هەرچەندە من بەم تەگبیرو راوێژانەش ناتوانم هیچ قەزاو بڕیارێکی خوا لەئێوە دوور بخەمەوە خۆی چۆنی بڕیار دابێت، هەرگیز ناگۆڕدرێ و هەرواش دەبێت {إن الحكم إلا لله} چونکە بڕیارو فرمان تەنها بۆ خوایەو بەس {عليه توكلت} پشتم بەو بەستووە {وعليه فليتوكل المتوكلون} جا کەسانێکیش کە هەر ئەو بەشیاوو بەکار ساز دەزانن، دەبا تەنها پاڵ بەوەوە بدەن و پشت بەو ببەستن. ڕێنمایەکانی ئایەتی (٦٣-٦٧): ١- تەوەککولی تەواوی یەعقووب(عليه السلام) بەرامبەر بەخوای خۆیی و، ناسینی ئەسماو سیفەتەکانی وەك شیاویەتی، هەقیشە وابێ، چونکە یەکێکە لەپێغەمبەرانی خوا (عليه السلام) . ٢- وەرگرتنی پەیمان و مۆرو ئیمزا بۆ کارە گرنگەکان، هەرچەند لەبەرامبەر خزمانی نزیکیشەوە بێ. ٣- خۆ پاراستن لە (چاو)ی پیس هیچ زیانێکی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ بڕوات وابێ کە ئەوەیش لەحوکم و بڕیارەکانی خوا هیچ شتێ ناگۆڕێ. ٤- پشت تەنها بە خوا ببەستەو، ئیتر بەدڵنیاییەوە کارەکانت راپەڕێنە.

هەڕەشە لە لادانی حوکی خوای گەورە

أَوَ لَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا نَأۡتِي ٱلۡأَرۡضَ نَنقُصُهَا مِنۡ أَطۡرَافِهَاۚ وَٱللَّهُ يَحۡكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكۡمِهِۦۚ وَهُوَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ[٦٧]

أولَم يروا أنا نأتی الأرض ننقصها من أطرافها} ئایا ئەو بێ باوەرو بتپەرستانە نەیاندی کەچۆن هەمووکات و ڕۆژێ موسڵمانەکان زاڵ دەکەین بەسەریانداو، دەسەڵات و هێزی ئەوان لەزەوییدا کەم دەکەینەوە؟ واتە: ئایا نەیاندی کە

٦٧ الرعد ٤١

هەر ڕۆژەی پارچەیە زەوییان فەتح ئەکرێ و، مەودای دەسەڵاتیان نامێنێت؟ {والله یحکم لا معقب لحکمة} و هەرحوکم و بڕیارێ خوا دەیدا هیچ کەسێك دەسەڵات و توانای نیە ڕێگری بکاو ڕەتی بکاتەوە {وهو سریع الحساب} زۆریش بەپەلە بەحیساب و پرسینەوەی خەڵکدا ڕائەگات.

پەندو ئامۆژگاری لە چیرۆکە قورئانیەکاندا

فَلَمَّا ٱسۡتَيۡـَٔسُواْ مِنۡهُ خَلَصُواْ نَجِيّٗاۖ قَالَ كَبِيرُهُمۡ أَلَمۡ تَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ أَبَاكُمۡ قَدۡ أَخَذَ عَلَيۡكُم مَّوۡثِقٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَمِن قَبۡلُ مَا فَرَّطتُمۡ فِي يُوسُفَۖ فَلَنۡ أَبۡرَحَ ٱلۡأَرۡضَ حَتَّىٰ يَأۡذَنَ لِيٓ أَبِيٓ أَوۡ يَحۡكُمَ ٱللَّهُ لِيۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡحَٰكِمِينَ[٦٨]

دەکەونە مەشوەرەت لەگەڵ گەورەکەیاندا: {فلما استیئسوا منه خلصوا نجیا} جاکە بێ هیوا بوون یوسف بنیامین ئازادکا ئەوجا لە خەڵکەکە دوورکەوتنەوەو کەوتنە چپەو سرتە سرت و دۆزینەوەی چارەسەرێك {قال کبیرهم ألم تعلموا أن أباکم} برا گەورەکەیان هەڵیدایەو گوتی: مەگەر ئێوە نازانن و لەبیرتان نەماوەکە باوکتان {قد أخذ علیکم موثقا من الله} پەیمانێکی بتەوی بەناوی خوا لێوەرگرتن کە(بنیامین)بپارێزن و بیبەنەوە بۆی {ومن قبل ما فرطتم فی یوسف} و خۆبەر لەوەش لەڕادە بەدەر دەربارەی یوسف خراپەتانکرد! {فلن أبرح الأرض حتی یأذن لی أبی} جا لەبەر ئەوە دڵنیابن کەهەرگیز من لەم وڵاتی (میسر)ـە ناچمە دەرێ، هەتا بابم ئیزن دەدا بەگەڕانەوەم، چونکە شەرمەزاریە بۆم بەو هەواڵەوە بچمەوە بۆلای {أو یحکم الله لی وهو خیر الحاکمین} یان خوا بڕیارێکی نوێم بۆ دەدا، واتە: بە بنیامینەوە دەگەڕێمەوە، خۆ خوایش لەهەموو بڕیاردەرێك چاکترە. حوکمی جگە لە خوای گەورە (ساء) کە وشەی لۆمەیە بۆی بەکار هاتووە

---

٦٨ یوسف ٨٠

يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلقَومِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓۚ أَيُمسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَم يَدُسُّهُۥ فِي ٱلتُّرَابِۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحكُمُونَ[69]

يتوارى من القوم من سوء ما بشر به} له ناخۆشی و خراپی ئەو مژدەیەی پێی دراوە، لەخەڵك خۆی دەشارێتەوەو، حەز ناكات ببینن {أیمسكة علی هون} نازانێ ئاخۆ لەسەر سووكیی و شەرمەزاری ڕای گرێ و بەخێوی بكا ؟ {أم یدسه فی التراب} یان بیخاتە ژێر خۆڵەوەو زیندە بەچاڵی بكات ؟ {ألا ساء ما یحكمون} چاك بزانن ! بڕیارێكی زۆر خراپ دەدەن كاتێ كیژ دەدەن بەخواو، بۆ خۆیانیش كوڕ .

خوای گەورە پێویستی بە شەریك نی یە لە حوكمدا

قُلِ ٱللَّهُ أَعلَمُ بِمَا لَبِثُواْۖ لَهُۥ غَيبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلأَرضِۖ أَبصِر بِهِۦ وَأَسمِعۚ مَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِيّ وَلَا يُشرِكُ فِي حُكمِهِۦٓ أَحَدا[70]

قل اللهٰ أعلم بماَ لبثواَ} پێیان بڵێ: هەر خوا خۆی باشتر دەزانێ لەوئەشكەوتەدا چەندمانەوە، واتە: زانینی حەواڵەی زانست و زانیاریی خوای گەورەی بكە {لة غیب السموات والأرض} هەرچی نادیارو داپۆشراوی ئاسمانەكان و زەوی هەیە - بەدەنگ و باسی یارانی ئەشكەوتیشەوە- بۆخوایە، وە ئەوە لای ئەو دیارو ئاشكرایەو چاك دەیزانێ {أبصر به} ئای خوا چ بینایە بۆهەموو شتێ {وأسمع} وچ ژنەوایشە، واتە: بینین و بیستنی خوا بێ سنوورە، وەكو بینین و بیستنی هیچ كەسێ نییە {ما لهم من دونە من ولی} بۆیارانی ئەشكەوت - جگە لەو زاتی اللە یە - هیچ پشت و پەناو دۆسێكیان دەس ناكەوێ هەتا بییان پارێزێ {ولا یشرك فی حكمه أحدا} وخوایش لە كارو بڕیاری خویدا هیچ كەسی نەكردووە بە هاوتاو

٦٩ النحل ٥٩
٧٠ الكهف ٢٦

هاوبەشی خۆی ، بێ شەریك و بێ وەزیرو بێ هاوتایە، رازیش نابێت قسەی ناحەزو نەیارانی بخرێتە پاڵ قسەیەوە.

لە تەورایشدا حوکم هەبووە نەك قورئان کە بۆ هەتا هەتایی دابەزیووە

يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا[71]

پەسنی یەحیاو لەدایکبوونی: هەرکە یەحیا لەدایکبوو و، پاشان گەورە بوو و گەیشتە ئەوتەمەنەی کە فەرمانی پێغەمبەرێتی پێبدرێ، پێمان گوت: {یا یحیی خذ الکتاب بقوة} ئەی یەحیا! بەهەرچی تواناتە ئەو نامەی تەوراتە بگرەو کارو رەفتاری پێبکە {وآتیناه الحکم صبیا} وهێشتا هەر زارۆو منداڵ بوو، بیر تێژییو زرنگیی و کارزانیمان پێبەخشی بۆ تێگەشتنی ئایین

خوای گەورە حوکمی فێری پێغەمبەران کردووە بۆ پاك و پیس جیاکردنەوە

وَلُوطًا ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗا وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَت تَّعۡمَلُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمَ سَوۡءٖ فَٰسِقِينَ[72]

ولوطا آتیناه حکما وعلما} وردبینیی و فەرمانی پێغەمبەرێتی و زانستمان بە (لووت)یش بەخشی، واتە: کردمانە پەیامبەرو ناردمان بۆ گوندەکانی دەڤەری (سەدوم) {ونجیناه من القریة التی کانت تعمل الخبائث} و لەو شارەی (سدوم) ـە کە خەڵکێکی زۆر خراپ و یاخیبوون و لەفەرمانی خوا دەرچووبوون و کاری دزێویان تێدا دەکرد، رزگار کرد {إنهم کانوا قوم سوء فاسقین} چونکە بە راستی خەڵکی ئەوێ زۆر خراپ و لە رێ لادەر بوون.

---

71 مریم ١٢
72 الأنبیاء ٧٤

حوكم لەسەر كێڵگەیەك چ جای وڵات و مەلاین دۆنم و سامانی سروشتی!

وَدَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ إِذۡ يَحۡكُمَانِ فِي ٱلۡحَرۡثِ إِذۡ نَفَشَتۡ فِيهِ غَنَمُ ٱلۡقَوۡمِ وَكُنَّا لِحُكۡمِهِمۡ شَٰهِدِينَ[٧٣]

داستانی داوود و سولەیمان (علیهما السلام): {وداود وسليمان إذ يحكمان فى الحرث} لە داودو سولەیمانیش باسێك بكە ئەوكاتە كە سەبارەت بە كێڵگەیەك داوەرییان كرد {إذ نفشت فيه غنم القوم} ئەوسا كە مەڕومالآتی هۆزێك بێ شوان بە شەو تێی كەوتبوون و تێیدا لەوەڕابوون {وكنا لحكمهم شاهدين} و ئێمە شایەدو ئاگاداری داوەرییەكەی هەردووك بووین.

حوكم و زانست لای خوای گەورەیە

فَفَهَّمۡنَٰهَا سُلَيۡمَٰنَۚ وَكُلًّا ءَاتَيۡنَا حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ[٧٤]

ففهمناها سليمان} چارەسەری كێشەكەمان فێری سولەیمان كردو تێمان گەیاند كە چۆن بڕیار بدا {وكلا آتيناه حكما وعلما} بەهەردووك - داودو سولەیمان - داوەریی و زانیاریمان پێ بەخشین، ڕاڤەكەرانی قورئان ئەڵێن: دوو پیاو سكاڵاو كێشەیەكیان هەبوو: كە ڕانەمەڕێك چوو بووە ناو كێڵگە و كشتوكاڵی كابرایەك و زیانێكی گەورەی لێ دابوو، بردیانە لای (داود)و ئەویش بڕیاریدا: لەباتی زیانەكە ڕانەمەڕەكە بدرێ بەخاوەن دەغڵ و دانەكە، دیارە ئەوەش بەدڵی خاوەن مەڕەكە نەبوو، بۆیە هەردووكیان چوونە لای سولەیمان و بەسەرهاتەكەیان بۆ گێڕایەوە، پاشان ئەویش چوو بۆلای داودی باوكی و سەلامی لێ كردوو وتی: بەڕای من ئەگەر

---

٧٣ الأنبياء ٧٦
٧٤ الأنبياء٧٩

زەوییەکە بەخاوەنی مەڕەکان بدرایەو، بیکردایە بەدەغڵ ودان، تاوەك خۆی لێ ئەهاتەوەو، مەڕەکانیش بدرایە لای خاوەن زەوییەکە کەڵکی لەشیرو خوری و بەرەکەی وەرگرتایە، جا هەر کاتێ کشتوکاڵەکە وەك خۆی لێ هاتەوە بدرێتەوە بە خاوەنەکەی. (داود) وتی: رۆڵەکەم: بڕیارەکەت باش و پەسەندە، شیاوی باسە داوەر هەرکات دەقێکی دەست نەکەوت بۆ پشتگیریی بڕیارەکەی، دەتوانێ پەنا بباتە بەر (ئیجتیهاد) هەر بۆیە ئەو دوو پێغەمبەرە بەڕێزەیش بڕیارەکانیان لێك جیاواز بوو، پێغەمبەریش موحەممەد هەر لەو بارەیەوە دەفەرموێ: (إذا اجتهد الحاكم فأصاب فله أجران، وإذا اجتهد فأخطأ فله أجر واحد) بوخاریی. واتە: هەرگا داوەر ئیجتیهاد بکاو، پڕ بەپڕمەبەستەکەی پێکا، ئەوە لای خوا دوو جار پاداشی بۆهەیە، خۆ ئەگەر نەی پێکاو بەهەڵەدا چوو، ئەوە یەك پاداشی بۆهەیە. {وسخرنا مع داود الجبال يسبحن والطير} کێوەکان و پەلەوەرەکانیشمان ملکەچ و رام کرد، کە هەموان لەتەك داوودا پێکەوە تەسبیحاتی خوا بکەن. داود بە ئاوازو دەنگە خۆشەکەی خۆی تەسبیحاتی ئەخوێندو، گشت بوونەوەریش لەگەڵیا ئەیوتەوە، جا ئیتر چۆن و بەچ شێوەیەك؟ ئێمە هەموو ملکەچی ئەو شتانەین کە لەقورئاندا هاتوون {وكنا فاعلين} زۆر بەتواناو بەکاریش بووین بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.

پەنای ڕاستەقینە لای خوای گەورەیە کە حەقی تەواو لە حوکمەکانیدایە

قُلَ رَبِّ ٱحكُم بِٱلحَقِّۗ وَرَبُّنَا ٱلرَّحمَٰنُ ٱلمُستَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ[٧٥]

قال رب احكم بالحق} جا دوای گەیاندنی پەیامەکەیی و گوێ نەدانی خوانەناسان پێی، پەیامبەر روو ئەکاتە پەروەردگاریی خۆیی و ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم!

٧٥ الأنبياء ١١٢

لەنێوان من و ئەوانەدا بڕیاری راستەقینەی خۆت بدە، چونکە من زۆر هەوڵمداو هۆشیارم کردنەوە، لە سزای تۆ ئاگادارم کردنەوە، بەڵام باوەڕیان نەهێنا، جا ئیتر تۆیش چۆن باشە؛ بڕیاری خۆت بدە {وربنا الرحمن المستعان على ما تصفون} پەروەردگارمان -کە خوایەکی بەخشەرە- کۆمەك لێخوازراوە بۆ تۆڵەو جەزرەبەدان لەسەر ئەوقسە ناقۆڵاو ناشیاوانەتان، هەر ئەویشە یارمەتیم ئەداو سەرم ئەخا بە سەر ئێوەدا، ئەر ئێوە لارو لاسار بن، چونکە من هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدان، بەڵام ئێوە هەرنەتان بیست !.

سەرنجی وشەی حوکم و گەلانی پێشووش بدە

وَمَآ أَرسَلنَا مِن قَبلِكَ مِن رَّسُول وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّىٰٓ أَلقَى ٱلشَّيطَٰنُ فِيٓ أُمنِيَّتِهِۦ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلقِي ٱلشَّيطَٰنُ ثُمَّ يُحكِمُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ[٧٦]

شەیتان مێملّی هەموو پێغەمبەرێك بووە: دیارە هەرچۆنێ خوای گەورە بانگەوازەکەی لەبێ بڕوایان ئەپارێزێ، هەروایش لەفێڵی شەیتان ئەیپارێزێ و ناهێڵێ دەغەڵی ئەوی تێکەڵ ببێ، وەك ئەفەرموێ: {وما أرسلنا من قبلك من رسول ولا نبى} لەپێش تۆشدا ئێمە هەرپێغەمبەرێکی خاوەننامەو بێ نامەمان ناردبێت، کە نیشانەکانمان بەخەڵك ڕاگەیێنێت {إلا إذا تمنى القى الشيطان فى أمنيته} ئیللا شەیتان گۆڕانکاریی و دەغدەغەی خۆی لەپاڵ ئاخنیوە. (فتح القدير) ئەڵێ: (قال البغوى: إن أكثر المفسرين قالوا معنى (تمنى) تلا وقرأ كتاب الله، ومعنى (ألقى الشيطان فى أمنيته) أي في تلاوته وقراءته. قال ابن جرير: هذا القول أشبه بتأويل الكلام. قال القاضي عياض: واعلم أن الأمة مجتمعة على عصمة النبى من الشيطان في جسمه وخاطره و لسانه ..) کەوابوو

---

٧٦ الحج ٥٢

پێغەمبەر هیچ کات هەڵەو ناهەقی بەزمانیدا نەهاتووە، ئەگەرچی موشریکانیش شتێکیان لێ کردبێ بەهەرا، ئەوە هەر بەئاماژەی شەیتان بووە، وە ئەوەش تەنها بۆ پێغەمبەر بووە، بەڵکو پێغەمبەرانی پێش ئەویش تووشی ئەو دیعایەو چاوڕایە بوون، بەڵێ: گەلێ ڕیوایەت هاتووە دەم لەهۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە ئەدەن، بەڵام (ئیبن کەسیر) ئەڵێ: ئەو ڕیوایەتانە گشتیان (مورسەل)ن و، لەڕێگەیەکی ڕەوانەوە پشتگیرێکم دەست نەکەوتووە بۆیان. بەڵێ.. پەیامبەران زۆریان پێ خۆش بووە مەردوم لێیان کۆ ببنەوەو بڕوایان پێ بێنن، بۆیە گەلێ جار لەو پێناوەدا ئاواتیان ئەخواست کەخەڵکەکە بانگەوازەکەیان لێوەرگرن، وە لەوڕێگەیەشدا جاری وا ئەبوو لەبەر خاتری بانگەوازەکەیان- نەرم و نیانیشیان ئەکرد، جا شەیتانیش ئەوەی بە هەلدەزانی و لێی ئەکردنە هەراو، ئیتر فرت و فێڵی خۆی ئەهاویشتە دڵی موشریکانەوە، وەك داستانەکەی (ئیبن ئوم مەکتوم) و (زەینەبی کچی جەحش) و ..هتد، بەڵام خوا مەسەلەکەی لە بێژنگ داو هەق و ناهەقی لێك کردەوە. ′سەید′یش پاش هێنانی هەموو ڕیوایەتەکان دەڵێت: ئەوانەی لەم جێگایەدا داستانی (غەرانیق) دەگێڕنەوەو هەندێ پاڵپشتیشی بۆ دێنن، هەموو لەبنەڕەتدا لاوازن، وە لە ڕووی (سەنەد)ـەوە پشتیان پێ نابەسترێ. وە زانایانی ئەهلی حەدیس دەڵێن: هەرکەسێ قسەی لێ وەرگیرابێ ئەو ڕیوایەتەی نەهێناوە، چونکە سەنەدێکی متمانە پێکراوی نەبووە. ′ئەبوبەکری بەززار′ ئەڵێت: قەناعەتم نییە کە لەپەیامبەرەوە بەسەنەدێکی پەیوەستەوە ئەو قسەیە گێڕدرابێتەوە، لەولایشەوە لەگەڵ بناغەیەکی بەرزی بیرو باوەڕدا کە بریتییە لەوە پەیامبەر دەبێ شەیتان نەتوانێ پەیامەکەی لێ تێك بدات و خەڵتەو پەڵتەی تێکەڵ بکات بەیەکا هەڵ ئەتەقێن، ئیتر چۆن دەبێت {أفرايتم اللات والعزى ومناة الثالثة الأخرى ألكم الذكر وله الأنثى؟} بخوێنێ و شەیتان بەزمانی ئەوەوە ئەم وشانە: (وإنهن لهن الغرانيق العلى، وإن

شفاعتهن لهي التي ترتجي ..) بڵاو بکاتەوەو بیگەیەنێت بە هەموو موشریکان و ئەوانیش بڕوا بکەن.. کاتێ پەیامبەر لێ ببێتەوە لە سوورەتی (نەجم) سوژدە ببات و ئەوانیش وا بزانن کە بۆ بتەکان سوژدەی بردووە؟! {فینسخ الله ما یلقی الشیطان} ئەوسا خوا فەندو فێڵەکەی شەیتانی پووچ کردەوەو سڕییەوە {ثم یحکم الله آیاته} لەپاشان ئایەتەکانی خۆی جێگیرو پتەو پایەدار کردۆتەوە و بەچاکیی هێشتوویەتەوە {والله علیم حکیم} و خوا زانست و زانیاریی زۆرە، کار جوان و لەکارزانە، گشت کارێکی پڕ لە حیکمەتە.

دەستەڵات و حوکم هەر بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە

ٱلۡمُلۡكُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ[٧٧]
الملك یومئذ لله} جا ئیتر لەو ڕۆژەدا دەسەڵات و فەرمانڕەوایی تەنها بۆ خوایەو هیچ کەسێك ناتوانێ هیچ شتێك بکات، وەك خۆیشی ئەفەرمووێ: (مالك یوم لدین)٤/١.یا دەفەرمووێ: (الملك یومئذ الحق للرحمن وکان یوما علی الکافرین عسیرا). {یحکم بینهم} لەنێوانیاندا داوەریی دەکا {فالذین آمنوا وعملوا الصالحات فی جنات النعیم} ئەوسا ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوەو لەگەڵ بڕواکەیاندا کارە چاکەکانیان ئەنجام داوە لەناو بەهەشتە خۆش و پڕ لە نازونیعمەت و نەبڕاوەکاندا نشتەجێ ئەبن.
ٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ[٧٨]
الله یحکم بینکم یوم القیامة فیما کنتم فیه تختلفون} هەر خوا خۆی لەڕۆژی قیامەتا داوەریی دەکا لە نێوانتاندا لەو شتانەی کەئێوە کێشەتان تێیدا هەبوو. لەجێگەیەکی تردا دەفەرمووێ: (فلذلك فادع واستقم کما أمرت ولا تتبع

٧٧ الحج ٥٦
٧٨ الحج ٦٩

أهواءهم وقل آمنت بما أنزل الله من كتاب ..) ١٥/٤٢.

کێن ئەوانەی پشت لە حوکمی خوای گەورە دەکەن؟!

وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ[79]

وإذا دعوا إلى الله ورسوله ليحكم بينهم} کاتێکیش بانگ بکرێن بۆلای بڕیارەکانی خواو پەیامبەرەکەی ئەو، تا لەنێوانیاندا داوەری بکەن {إذا فريق منهم معرضون} کەچی دەستەیەکیان ، کت وپڕ ڕوو وەر ئەگێڕن و ئامادە نابن.

کێن ئەو کەسانەی گوێڕایەڵی حوکی خوای گەورەن؟

إِنَّمَا كَانَ قَوۡلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ أَن يَقُولُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ[80]

إنما كان قول المؤمنين إذا دعوا إلى الله ورسوله ليحكم بينهم} ئەوە حاڵی دوو ڕووەکان بوو، بەڵام وتەو گوفتاری بڕوادارەکانیش کاتێ بانگ دەکرێن بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی بۆ ئەوەی لەنێوانیاندا داوەری بکا {أن يقولوا سمعنا وأطعنا} هەر ئەمەیە کە ئەڵێن: ئەوا بیستمان و گوێڕایەڵیشین. واتە: ئەگەر ئەوانیش بڕوادار بوونایە، دەبوو هەر ئاوایان بووتایە {وأولئك هم المفلحون} ئائەوانە - کە بۆ ڕەزامەندی خوا پەلە ئەکەن- سەرفرازی ڕاستەقینەی دونیاو قیامەتن .

---

٧٩ النور ٤٨
٨٠ النور ٥١

حوكمی خواو دوعای پێغەمبەرمان

رَبِّ هَبۡ لِي حُكۡمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ[81]

رب هب لی حكما} ئەی پەروەردگارم! تێگەیشتنی راست و دروست ، زانست و زانیاریی، پێغەمبەریەتیم پێ ببەخشە رێگای خواناسانم پێبناسە {وألحقنی بالصالحین} وە بمگەیەنە بەچاكان. پێغەمبەریش لەكاتی سەرەمەرگەكەیدا سێجار فەرمووی: (اللهم في الرفيق الأعلى). كاتەكانیتریش كە بپاڕایەتەوە ئەی فەرمووو: (اللهم أحينا مسلمين، و أمتنا مسلمين، وألحقنا بالصالحين غير خزايا ولامبدلين) ئیمامی ئەحمەد ٤٢٤/٣.

گەر دین پەیوەندی نێوان خوای گەورەو بەندەكانی بوایە لێپرسینەوەش تەنها لە بواری عیبادەتدا دەبوو!

إِنَّ رَبَّكَ يَقۡضِي بَيۡنَهُم بِحُكۡمِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡعَلِيمُ[82]

إن ربك يقضی بينهم بحكمه} بەراستی پەروەردگارت داوەریی دەكات لەنێوان ئەوانەدا -لە ڕۆژی قیامەتدا- بە فەرمان و بڕیاری خۆی {وهو العزيز العليم} هەر ئەویشە دەسەڵاتدارو زانا بە هەموو كارو كردەوەی بەندەكانی خۆی.

حوكم عیلم دیسان لە پاڵ یەكدا

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ[83]

بە دەستی مووسا پیاوێكی (قیبتی) كوژرا: بەڵێ.. موسا وردە وردە پلەكانی منداڵیی و، لاویەتی خۆی ئەبڕێ و پێدەگا، وەك ئەفەرموێ: {ولما بلغ أشده

---

٨١ الشعراء ٨٣
٨٢ النمل ٧٨
٨٣ القصص ١٤

واستوى} کاتێ دوای چەند ساڵێك پێگەیشت و تەن و ژیریی تەواو بەهێزبوو و بەخۆداهات {آتیناه حکما وعلما} ژیریی و تێگەیشتن و زانیاریمان پێش پەیامبەرایەتی پێبەخشی {وکذلك نجزی المحسنین} هەر ئا بەوشێوەیە پاداشی چاککاران ئەدەینەوە.

کەس هاوشێوەی نی یە نە لەپەرستندا نە لە حوکمدا

وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأُولَىٰ وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ[٨٤]

وهو الله لا إله إلا هو} هەر ئەو زاتەیە خودا، جگە لەخۆی هیچ پەرستراوێکی هەق نیە {له الحمد فی الأولی والآخرة} سوپاس و ستایش هەرشایستەی ئەوە لە دنیاو لە ئاخیرەتدا {وله الحکم} حوکم و فەرمانڕەواییش و بریار هەر بۆ ئەوە، نەك بۆ کەسێکی تر {وإلیه ترجعون} وە هەر بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە، جا ئەوساش ئیتر هەموو کەس پاداشت و تۆڵەی خۆی وەر ئەگرێ.

فریاد ڕەسی حەقیقی تەنها لای خوای گەورەیە

وَلَا تَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥۚ لَهُ ٱلۡحُكۡمُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ[٨٥]

لەگەڵ خوادا هانا و هاوار لە خوایەکی تر مەکە، چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی تر نیە، هەرچی شت هەیە تیاچووە لەناوچووە جگە لەو زاتە، فەرمانڕەوایی هەر شایستەی ئەوە، هەمووانیش هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە.

أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسۡبِقُونَاۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ[٨٦]

أم حسب الذین یعملون السیئات أن یسبقونا} یا ئەوانەی کە کاری خراپ و

٨٤ القصص ٧٠
٨٥ القصص ٨٨
٨٦ العنکبوت ٤

نادروست ئەنجام ئەدەن پێیان وایە کەلەدەستمان دەرئەچن و پێشمان ئەکەون و دەربازدەبن؟ {ساء ما یحکمون} ئەوانە چ داوەریی و بڕیارێکی خراپ ئەدەن ئەگەر پێیان وابێ.

حوکمی هەڵە جێگەی پرسیارە

مَا لَكُم كَيفَ تَحكُمُونَ

تەفسیری ئایەتی ١٥٤، ١٥٥ بە یەکەوەیە، کە دەفەرموێت: ئەی تێنەگەیشتوان! ئێوە چییتانەو چۆن بڕیاری وادەدەن کە وا دەزانن مەلائیکەکان کچی خودان... ئەی نابێت بیر بکەنەوەو بزانن ئەوە چ قسەیەکی هەڵەو نابەجێ یە دەیکەن؟.

نموونەی پێشین لە حوکم کردن

إِذ دَخَلُواْ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنهُمۡۖ قَالُواْ لَا تَخَفۖ خَصمَانِ بَغَىٰ بَعضُنَا عَلَىٰ بَعضٍ فَٱحكُم بَينَنَا بِٱلحَقِّ وَلَا تُشطِط وَٱهدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ[87]

إذ دخلوا على داود ففزع منهم} کاتێ کە بێ مۆڵەت وەرگرتن چوونە ژوورەوە لای (داوود)، لەبینینیان شڵەژاو ترسا {قالوا لا تخف خصمان بغى بعضنا على بعض} وتیان: مەترسە! ئێمە دوو داواچین دژ بەیەکترو، داوامان لە سەر یەکتر هەیە، هەندێکمان ستەمی لەو هەندەکەی تر کردووە {فاحكم بيننا بالحق ولا تشطط} جا هاتووین لە نێوانماندا بەدادگەرانە داوەریی بکەو ستەم لەهیچ لامان مەکە {واهدنا إلـى سواء الصراط} و بۆ راستەڕێ رێنموونیمان بکە ، واتە: بەڕێکی دادگەریمان بکە

يا دَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلنَٰكَ خَلِيفَةً فِي ٱلأَرضِ فَٱحكُم بَينَ ٱلنَّاسِ بِٱلحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُم عَذَابٌ شَدِيدُۢ بِمَا

---

٨٧ ص ٢٢

نَسُواْ يَومَ ٱلحِسَابِ[88]

يا داود إنا جعلناك خليفة في الأرض} ئەی داود! بەڕاستی ئێمە تۆمان کردە جێنشین لەسەر زەوییدا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مەردم {فاحکم بین الناس بالحق} دەسا تۆیش بەشێوەیەکی پەسەندو بەهەق و دادگەرانە لەنێوان خەڵکدا بڕیاربدەو حوکم بکە، واتە: وەك بفەرموێ: پەلەمەکەو لەهەردوو لایەنی کێشەکە پرسیار بکە، وەك ئەو کێشەیە مەکە، کە پەلەت تێدا کرد، چونکە پێش ئەوە کەلە (مدعی علیه) پرسیار بکەیت، بڕیای خۆتت دا ! {ولا تتبع الهوی} و شوێن هەواو ئارەزوو مەکەوە لە حوکمکردندا {فیضلك عن سبیل الله} تا بەو هۆیەوە لەرێگای خوا گومڕات بکات {إن الذین یضلون عن سبیل الله} بێگومان ئەو کەسانەی کەلە رێی خوا لادەدەن و گومڕا ئەبن {لهم عذاب شدید} سزاو جەزرەبەی توندو سەختیان بۆ هەیە {بما نسوا یوم الحساب} بەهۆی ئەوەی کە رۆژی حیساب و پاداشت و تۆڵەیان لەبیرکردووە.

دینی خوای گەورە پوخت و تەواوە

أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَولِيَآءَ مَا نَعبُدُهُم إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحكُمُ بَينَهُم فِي مَا هُم فِيهِ يَختَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهدِي مَن هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ[89]

الا لله الدین الخالص} هۆشیاربە! ئایینی پاك و چاك و بێگەرد تەنها هی خوایە. واتە: خوا تەنها هەر ئیخلاێ وەر ئەگرێ و، هەرشتێکی دی وەلا دەنێ {والذین اتخذوا من دونه أولیاء} ئەوانەی کە لەباتی خوا چەند دۆس و بتێکیان بۆ خۆیان گرتووە، وەبەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەڵێن: {ما نعبدهم إلا لیقربونا إلی الله زلفی} ئێمە هەر بۆئەوە ئەو بتانە دەپەرستین، کە لەخوامان نزیك بکەنەوەو ، تکامان

٨٨ ص ٢٦
٨٩ الزمر ٣

بۆ بکەن لای، کەچی ئەگەر پێیان بوترایە: ئەی کێ ئێوەی دروستکردووە؟ ئەی کێ ئاسمانەکان و زەوی وەدیهێناوە؟ لەوەڵامدا ئەڵێن: هەر (الله)یە، ئیتر پێیان ئەوترا: ئەی بۆچی خوا بەتاك و تەنیا ناپەرستن؟ وشەی (ما نعبدهم..) وەڵامیان بوو. {إن الله يحكم بينهم فيماهم فية يختلفون} جا با هەر وابکەن بێگومان خوا هەق و ناهەق جیا ئەکاتەوەو، بڕیاری خۆی دەربارەی ئەو دوو بەرەکیەی نێوانیان دەدات، ئەو کات موسڵمانان ئەچنە بەهەشتەوەو، بێ بڕوایانیش بۆ دۆزەخ ئەنێردرێن {إن الله لا يهدي من هو كاذب كفار} دیارە ئەوجۆرە کەسانە گومڕاو سەر لێشێواون ، خۆبەڕاستی خوایش مرۆی درۆزن و سپڵە ڕێنوێن ناکا.

کەسێك زانای پەنهان و ئاشکرا بێت بەرنامەکەی شایستەی حوکمە

قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ [٩٠]

ڕێگای دۆعاو پاڕانەوە: {قل اللهم فاطر السموات والأرض} بڵێ: ئەی خوایە! ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویی! {عالم الغيب والشهادة} زانای پەنهان و ئاشکرا، زانای دیارو نادیار! {أنت تحكم بين عبادك فيما كانوا فيه يختلفون} هەر ئەتۆ لە نێوان بەندەکانی خۆتا داوەریی دەکەیت، لەو شتانەدا وا کێشەو جیاوازییان تیا هەیە، هەر ئەتۆ بڕیاری تێرو تەسەڵ ئەدەیت، هەق و ناهەق جیا دەکەیتەوە.

٩٠ الزمر ٤٦

بڕیارو دادوەری کردن تەنها بۆ خوایە

ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِيَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُۥ كَفَرۡتُمۡ وَإِن يُشۡرَكۡ بِهِۦ تُؤۡمِنُواْۚ فَٱلۡحُكۡمُ لِلَّهِ ٱلۡعَلِيِّ ٱلۡكَبِيرِ[91]

ذلكم بأنه إذا دعى الله وحده كفرتم} ئەو سزاو تۆڵەیەشتان لەبەر ئەوەیە، چونکە کاتێ بانگکرابان بۆ بڕواهێنان و پەرستنی خوای تاك و تەنیا، بەتەنیا کافر دەبوون وباوەڕتان نەدەهێنا {وان یشرك به تؤمنوا} خۆ ئەگەر هاوبەشی پاڵ درابا (باسی لات و عوززاش لە گەڵیان کرابا) بڕواتان ئەهێنا! {فالحکم لله العلی الکبیر} جا بڕیارو داوەری کردن تەنها بۆ خوای باڵادەستی گەورە، چونکە بتان هیچیان بەدەست نیە.

٩١ الغافر ١٢

لە سەرەوە کۆمەڵێك ئایەت وەك بینیمان کە وشەی حوکم بە چەندەها شێوە هاتووەو هەم وەك وشەو هەمیش وەك دادوەری لە نێوان کێشەکاندا، هەمیش وەك گەلانی پێشوو، لە خوارەوە تەنها ئایەتەکان بە تەفسیرەکەیەوە دادەنێین بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بیربکاتەوەو بڕیار بدات لە دووبارە بونەوەی وشەی حوکم و جۆری حوکم، لە قورئانی پیرۆزدا ئەوەندە ئایەتەکان زۆرن بیانو بۆ نەخوێندەواریش ناهێڵێتەوە چ جای خوێندەوار، بەڵام ئەوانەی سەرەڕای نکۆڵی کردن و جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت دەبێت خوێندنەوەی تری نا لۆجیکی بۆ بکرێت.

قَالَ ٱلَّذِينَ ٱستَكبَرُوٓاْ إِنَّا كُلّٞ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَد حَكَمَ بَينَ ٱلعِبَادِ (الغافر ٤٨)

قال الذين استكبروا إنا كل فيها} سەرکردە دەماخبەرزە لەخۆبایی بووەکانیش ئەڵێن: بەراستی ئێمە هەموو لەناو ئاگردایین، ئەگەر شتێکمان پێ کرابا، بۆخۆمانمان ئەکرد {إن الله قد حكم بين العباد} بەراستی خوا لەنێوان بەندەکانیدا بەدادگەرانە داوەریی کرد، لەبەر ئەوە هەموو بێ باوەڕبووین، بڕیاری داوە تۆڵەی خۆمان وەر ئەگرین، واتە: ئێمەی سەرکردەو ئێوەی چەوساوە هەر دوو لەناو ئاگردایین

وَمَا ٱختَلَفتُم فِيهِ مِن شَيءٖ فَحُكمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيهِ تَوَكَّلتُ وَإِلَيهِ أُنِيبُ (الشورى ١٠)

وما اختلفتم فيه من شئ فحكمه إلى الله} ئەوی کێشەو جیاوازیتان تێیدا بوو، لەبارەی باوەڕو بێباوەڕیەوە، دەبێ حوکمەکەی بگێڕدرێتەوە بۆلای خوا ، چونکە ئەو خۆی دەیبڕێتەوەو دەزانێت کێ لەسەر هەقەو، کێش لەسەر ناهەقە، خوای گەورە قورئانی ناردووەو گێڕاویەتی بە مەنهەج، پێغەمبەریش بەیانی دەکاو کێشەکان یەکلا دەکاتەوە. {ذلكم الله ربی} ئا ئەو حوکم و بڕیار دەرەیە خوای پەروەردگارم {عليه توكلت} هەر بەو پشت دەبەستم {وإليه أنيب} و هەر بۆ لای

ئەویش ئەگەڕێمەوە بۆ چارەسەری گشت گیروفتێکم
وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ (الجاثية ١٦)

منەتی خوا بەسەر جوولەکەوەو، هەڵاواردنیان: ئینجا خوای گەورە منەت ئەخاتە سەر جوولەکەکان چونکە ئەم چاکانەی لەگەڵ کردون! وەك ئەفەرمووێ: {ولقد آتينا بنى إسرائيل الكتاب والحكمة والنبوة} و سوێند دەخۆم کە: بەڕاستیی ئێم چەندە شتانەمان بە(بەنی ئیسرائیل) بەخشیی: ١- تەورات. ٢- حوکم و داوەریی. ٣- پەیامبەراێتیی. {ورزقناهم من الطيبات} وە لە حەڵاڵ، رزق و رۆزی پاك و خاوێن و گوزەرانی خۆشمان پێدان {وفضلناهم على العالمين} و رێزیشمان بەسەر گەلانی سەردەمی خۆیاندا دا

أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ٱجۡتَرَحُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن نَّجۡعَلَهُمۡ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءٗ مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ (الجاثية ٢١)

ژین و مردنی موسڵمان و کافر وەك یەك نین: {أم حسب الذين اجترحوا السيآت} ئاخۆ ئەوانەی بڕوایان نیەو، گوناح و تاوانیش دەکەن، پێیان وایە {أن نجعلهم كالذين آمنوا وعملوا الصالحات} کە وەك ئەوانەیان دادەنێین، بڕوایان هێناوەو کارە چاکەکانیان ئەنجام داوە؟ هەرگیز شتی وا نابێ، وە لەم ئایەتەشدا لەو بارەیەوە ئەفەرمووێ: (لا يستوى أصحاب النار وأصحاب الجنة، أصحاب الجنة هم الفائزون)٢٠/٥٩. {سواء محياهم ومماتهم} پێیان وایە ژیان و مردنیان یەکسانە ؟! واتە: پێیان وایە وەك یەك دەژین و دەمرن ؟ {ساء ما يحكمون} خراپە ئەو داوەرییە دەیکەن، ئەگەر پێیان وابێت کە هەردوولا یەکسان دەبن

وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعۡيُنِنَاۖ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ حِينَ تَقُومُ (الطور ٤٨)

ئەی پێغەمبەر! خۆڕاگر بەو تەسبیحاتی خوا بکە: {واصبر لحكم ربك} خۆگربە لەبەرامبەر بەجێهێنانی بڕیارەکانی پەروەردگارتەوە ئەی موحەممەد!

به وێڵکردنیان {فإنك بأعيننا} چونکه بەڕاستی تۆ لەبەر چاودێری ئێمەدایت، فێڵیان زیانت لێنادات {وسبح بحمد ربك حين تقوم} کاتێ هەڵئەسیت هەردەم تەسبیحات و سوپاسگوزاریی پەروەردگارت بکە، ئیمامی (ترمزی و نسائی) ئەڵێن: کاتێ لەجێگایەکدا هەڵدەسیت، خوێندنی (ذکر)ی (سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت، أستغفرك وأتوب إليك) سوننەتە.

حِكۡمَةُۢ بَٰلِغَةٞۖ فَمَا تُغۡنِ ٱلنُّذُرُ(القمر ٥)

حَكمة بالِغة} ئەم قورئانەش حیکمەتێکی تێرو تەواوە گەیشتۆتە ئەوپەڕی تێرو تەواوی لە حیکمەتدا {فما تغن النذر} جا چ کەڵکێ دەبەخشێ ترسێنەرەکان کاتێ باوەڕ نەهێنن و کەڵك وەرنەگرن لەقورئان و لەپەیامبەر چونکە گوێی خۆیانیان کەڕ کردووە، چاوی خۆیانیان لەئاستی هەقوو راستی کوێر کردووە، وەك ئەم ئایەتەیش دەفەرموێ: (وما تغنى الآيات والنذر عن قوم لا يؤمنون) (٣١/١٠).

ياأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمۡتَحِنُوهُنَّۖ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّۖ فَإِنۡ عَلِمۡتُمُوهُنَّ مُؤۡمِنَٰتٖ فَلَا تَرۡجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلۡكُفَّارِۖ لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّۖ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّۚ وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ وَلۡيَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْۚ ذَٰلِكُمۡ حُكۡمُ ٱللَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡۖ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ (الممتحنة ١٠)

ژنی موسڵمان بە موشریك بەشوو نادرێ، موشریکیش بە موسڵمان ناشێ: {يا أيها الذين آمنوا إذا جاءكم المؤمنات مهاجرات} ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ژنە باوەڕدارەکان کە لەمەککەوە کۆچیان کرد بۆلای ئێوە لە مەدینە {فامتحنوهن} جا بۆخۆتان تاقییان بکەنەوە، بزانن راست ئەکەن لەبڕواکەیاندا؟ لەبەر ئیسلام هاتوون، یان لەمێردو کەس و کاریان هەڵاتوون ؟!. لەپەیمان نامەکەی (حودەیبیە)داهاتبوو: ئەو کەسەی لەمەککەوە دێت بۆلای موسڵمانەکان، نابێ

وەری بگرن، بەڵام ئەوانە لەلای موسڵمانەکانەوە بچن بۆلای کافرەکان، ئەوان دەتوانن وەریان بگرن ولای خۆیان بیانهێڵنەوە. جا پاش ماوەیەك ئافرەتێکی (أم کلثوم) ناو لەمەککەوە هات بۆمەدینە، پاشان دوو برای هاتن بەدوایدا تا بەپێی مەرجەکان بیبەنەوە، پەیامبەریش فەرمووی: ئەو مەرجانە تەنها بەرامبەر بەپیاوانە، ژنان ناگرێتەوە.. جاپاش ئەوە خوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە، ئەوسا ئیتر دوای ئەوە سوێندی ژنانیان ئەدا کە لەمێردیی و کەس و کاری نەتۆراوە و تەنها لەبەر خاتری ئایینی ئیسلام هاتووە {الله أعلم بإيمانهن} خواش زاناترە بەئیمانەکەیان، ئەو چاك ئەزانێ چۆن و بۆچی ئیمانیان هێناوەو کۆچیان کردووە؟ {فإن علمتموهن مؤمنات} جا ئەگەر زانیتان باوەڕدارن و، تەنها لەبەر ئیسلام هاتوون {فلا ترجعوهن إلى الكفار} مەیانگێڕنەوە بۆلای مێردە کافر و بێبڕواکانیان {لا هن حل لهم} چونکە ئەو ژنانە حەڵاڵ نین بۆ ئەو پیاوە کافرانە {ولا هم يحلون لهن} و ئەو پیاوە بێبڕوایانەش حەڵاڵ نین بۆ ئەو ژنە بڕوادارانە، واتە: ژنی موسڵمان دەبێ تەنها بۆ پیاوی موسڵمان بێت {وآتوهم ما أنفقوا} وە بدەن بە مێردە کافرەکانیان ئەوەی خەرجیان کردووە بۆ ئەم ژنانە، بۆ ئەوەی تەنها ژنەکانیان لەدەست دەرچووبێت {ولا جناح عليكم أن تنكحوهن إذا آتيتموهن أجورهن} گوناحتان لە سەر نیە کە ئەو ژنانە نیکاح بکەن لە خۆتان، کاتێ مارەییەکەیانتان دانێ، چونکە بەموسڵمان بوونەکەیان پەیوەندی ژن ومێردییان لەگەڵ ئەواندا ئەپچڕێ، پاش تەواو بوونی عیدەش -ئەگەر پێشتر شوویان کردبوو- ئەتوانن مارەیان بکەن {ولا تمسكوا بعصم الكوافر} و ئێوەش ژنە کافرەکان رامەگرن، واتە: ئەو ژنانە کەلە (دار الكفر)دا بە جێماون و موسڵمان نەبوون، وا دابنێن هەرژنتان نەبوون، کەوابوو ئێستا ئەتوانن خوشکیان، یان پووریان مارەبکەن لە خۆتان {واسئلوا ما أنفقتم} ئێوەش (ئەی مێردە موسڵمانەکان)! داوای ئەومارەییە بکەن -لەو کەسەی

مارەیکردووە- مەسرەفتان کردووە بۆیان {ولیسألوا ما أنفقوا} و بائەوانیش داوای بکەن چیان خەرجکردووە، واتە: ئەگەر پیاوێك خۆی موسڵمان بوو و کۆچی کرد و، ژنەکەشی بەکافری مایەوە و پاشان مێردیکرد، دەبێ مارەییەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەم پیاوە موسڵمانەی، وە ئەگەر ژنێك هیجرەتی کردو موسڵمان بوو-پاش عیددەش- مێردی کردەوە، دەبێ مارەییەکەی بگێڕێتەوە بۆمێردە کافرەکەی {ذلکم حکم الله یحکم بینکم} ئا ئەوە حوکم و بڕیاری خوایە، حوکم و بڕیار دەدا لە نێوانتاندا سەبارەت بە ژن و پیاوی موسڵمان و کافر {والله علیم حکیم} خواش خوایەکی زانای دانایە

مَا لَكُم كَيفَ تَحكُمُون (القلم ٣٦)

ما لکم کیف تحکمون} چیتانە حوکم و بڕیاری وا ئەدەن..؟ چونکە هیچ کاتێك نابێ چاککارو، خراپکار چوون یەك مامەڵەیان لە گەڵ بکرێ

أَم لَكُم أَيمَٰنٌ عَلَينَا بَٰلِغَةٌ إِلَىٰ يَومِ ٱلقِيَٰمَةِ إِنَّ لَكُم لَمَا تَحكُمُون (القلم ٣٩)

أم لکم أیمان علینا بالغة إلی یوم القیامة} یان مەگەر پەیمانی بەهێزتان بەسەرمانەوەیە تارۆژی قیامەت دەمێنێتەوە {إن لکم لما تحکمون} بۆتان هەبێ هەرچی بڕیارو حوکم بدەن؟! دیارە ئەمانە هیچیان نین، نەنامەی ئاسمانیان هەیەو، نە پەیمانمان بۆ مۆرکردون، کە هەرچییان ویست بیاندرێتێ..

فَٱصبِر لِحُكمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُن كَصَاحِبِ ٱلحُوتِ إِذ نَادَىٰ وَهُوَ مَكظُوم (القلم ٤٨)

خۆڕاگر بەو وەك (یونس) پیش مەخۆرەوە: {فاصبر لحکم ربك} جاتۆش ئەی پێغەمبەر! بەئارام و خۆڕاگربە بۆ بڕیاری پەروەردگارت {ولا تکن کصاحب الحوت} وە وەك خاوەنی نەهەنگەکە (واتە:یونس (علیه السلام) مەبە کە لە گەلەکەی تووڕە بوو و، ویستی لە دەریاوە دەرچێ، وە بەویستی خوا نەهەنگەکە قوتیدا {إذ نادی وهو مکظوم} وەلە تەنگانەی ناوسکی نەهەنگەکەدا هاواری لە پەروەردگاری کردو لە سەرپێچی هۆزەکەی خەفەتباربوو هەردەیگوت: (لا إله

إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين)خوای میهرەبانیش وەڵامی دایەوەو فەرمووی:(فاستجبنا له ونجيناه من الغم وكذلك ننجي المؤمنين)، وه فەرمووی: (فلولا أنه كان من المسبحين للبث في بطنه إلي يوم يبعثون).
فَٱصبِر لِحُكمِ رَبِّكَ وَلَا تُطِع مِنهُم ءَاثِمًا أَو كَفُورًا (الإنسان ٢٤)
فاصبر لحكم ربك} جا لە بەرامبەر فەرمانی پەروەردگارتەوە خۆ ڕابگرە، چاوەڕوانبە خوا تۆڵەیان لێ ئەسێنێ {ولا تطع آثما أو كفورا} وە بە فەرمانی هیچ گوناهبارێك، یان زۆر کافرو سپڵەیەك لە بتپەرستەکانی هۆزەکەت مەکە ئەگەرچی تەواوی ماڵی دونیاشت بدەنێ.
أَلَيسَ ٱللَّهُ بِأَحكَمِ ٱلحُٰكِمِينَ (التين ٨
أليس الله بأحكم الحاكمين} ئایا خوا لەهەموو داوەرەکان داوەرتر نیە؟! بەڵێ لەهەموو داوەرێك داوەرتر و دادپەروەرترە، چونكە ئادەمزاد بۆ ئەوە دروستکراوە ژیریی خۆی بخاتە گەڕ بۆ دۆزینەوەی خوا، جا کاتێ ئەو خۆی گێل و کوێر کرد، ئەوا ئیتر رەوایە پەستترین پلەی بدرێتێ و ببرێتە ریزی پەستترین گیاندارەکانیشەوە بشنێردرێ بۆ دۆزەخ . لە گەورەیی و فەزیلەتی سوورەتی (تین)ـە کە: (بەڕای کوڕی عازیب) دەڵێ: پێغەمبەر لە رکاتێکی نوێژی سەفەردا، سوورەتی (تین)ی دەخوێند.. فتح الباري: ٥٨٣/٨. مسلم: ٣٣٩/١.ئیمامی (ترمزیی)- لەئەبو هورەیرەوە- دەگێڕێتەوەو دەڵێ: هەرکەسێ سوورەتی (والتين والزيتون)ی خوێند و گەیشتە کۆتا ئایەتی: (أليس الله بأحكم الحاكمين) دەبێ بڵێ: (بلى، وأناعلى ذلك من الشاهدين) ئەبوداود: ٥٥٠/١.هەرچەند ئەم فەرموودیە (سەنەد)ەکەی لاوازە، چونكە یەکێك لەڕاویەکانی نادیارەو ناو نەبراوە، بڕوانە کتێبی: (القول المبين في أخطاء المصلين)ل٢٣٩. چاپی چوارەم ساڵی (١٤١٦ه - ١٩٩٦م).
وَإِن خِفتُم أَلَّا تُقسِطُواْ فِي ٱليَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثنَىٰ وَثُلَٰثَ

وَرُبَٰعَۖ فَإِن خِفتُم أَلَّا تَعدِلُواْ فَوَٰحِدَةً أَو مَا مَلَكَت أَيمَٰنُكُمۚ ذَٰلِكَ أَدنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا
(النساء ٣)

و إن خفتم ألا تقسطوا فى اليتامى} خۆ ئەگەر ترسان كە بە دادگەرانە نەتوانن رەفتار لەگەڵ كیژە هەتیوەكاندا بكەن ، ئەگەر مارەیان بكەن {فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع} دەسا ئەو ژنانە مارە بكەن پێتان دەشێن، دوان دوان ، سیان سیان، چوار چوار، واتە: هەریەكێكتان دەتوانن هەتا چوار ژن مارە بكەن، بەمەرجی عەدالەت و توانایی ژیاندنیان، بۆیە دەفەرموێ: {فإن خفتم إلا تعدلوا فواحدة} خۆ ئەر ترسان نەتوانن بەدادگەرانە وەكو یەك تەماشای ژنەكانتان بكەن، دەبێ تەنها ژنێك مارە بكەن {أوما ملكت أيمانكم} وەیان هەر بەو كەنیزانە دەستتان كەوتوون و بوونەتە موڵكتان قەناعەت بكەن {ذلك أدنى ألا تعولوا} ئابەوشێوە نزیكترە كە غەدرو ستەم لە ژنان نەكەن. پێشەوا موسلیم دەڵێت: (عوروەی كوڕی زوبەیر) مانای ئایەتی (وإن خفتم ..)ی لە خاتوو عایشەی پووری پرسیی و ئەویش گوتی: خوشكەزاكەم! لەسەردەمی جاهیلییەتدا كچۆڵەی هەتیوو بێ باب دەكەوتە لای كەسێك كە سەرپەرستیاری بكا، هەتا گەورە دەبوو، ئەوجا هەرچی هەبوو تێكەڵی ماڵەكەی خۆی دەكرد، پاشان لە بەرماڵەكەی حەزی لێدەكردو، دەیویست بەمارەیەكی كەمتر لە ژنانی تر مارەی بكاو بەشووی بدات، جا بۆ راستكردنەوەی ئەو هەڵەیەو، لابردنی ئەوستەمە لەژنان، خوا رێی لێگرتن و فەرمووی: یا ئەوەیە كەمارەیی شیاوی خۆیانیان بدەنێ، ئەوسا مارەیان بكەن، وەیان بچن ژنانی تر مارەبكەن. بەڵێ.. گومان نییە كە لەپێش دینی ئیسلامدا، بێ یاساو دیاریكردنی هیچ جۆرە سنوورێك ژنانێكی زۆریان مارە دەكرد و تێكەڵ دەبوون لەگەڵیاندا، تەنانەتی تا سەد ژنیان حەڵاڵكردبوو بۆخۆیان، بەڵام كاتێ كەئیسلام هات زۆر بە وردبینانە سنوورێكی بۆ ئەوكارە دیاریكردو لای سەرووی بەچوار ژن دانا. ئەویش لەگەڵ پێش چاو

گرتنی چەند مەرجێك، لەوانە: یەکەم: نابێ زیاد لە چوار ژن مارە بکرێت. دووەم: نابێ مافی هیچکامێکیان پێشێل بکرێ. سێیەم: دەبێ ئەو پیاوە وەك خەڵکانی هاوشانی خۆی بتوانێ بیانژێنێ و دارا بێ و، لە هەموو رویەکەوە تێریان بکات. جا هەر لەم سۆنگەیەوە زاناکان بەکۆی دەنگ بڕیاریان داوە کە: هەرکەسێك خۆی دڵنیابێت کەناتوانێ دادگەر بێت لەگەڵ ژنەکەیدا، بۆ ئەو حەرام و یاساغە تەنها ژنێکیش مارە بکات، ئیتر چ جای دوان یان سییان، یان چوار. دیارە ئەم بوون و نەبوون و دادگەریی لای مێرد ، مەسەلەیەکە و پەیوەندی بەئایین و دینەوەیە، واتە: هەر تەنها ئایین بۆی هەیە بڕیاری تێدا بدا، نەك داوەرو دادگا، چونکە ئەو بڕیارە شتێکی نهێنی و دەروونیە، هەر مەگەر تەنها ئایین چارەسەری بکات، دیسانەوە نەفەقەو تفاقیش شتێکی رێژەییە، کەسێك بۆکەسێکی تر جیاوازەو هەواڵەی دەسەڵات و توانای ئەوکەسە خۆی دەکرێ، بۆیە لەقیامەتیشدا هەرکەسە بە پێی خۆی بەرپرسی ئەوکارە دەبێ و پرسیاری لێدەکرێت: ئاخۆ وەك پێویست خزمەتی هاوسەرەکەی خۆی کردووە، یان نا؟ لەولایشەوە ستەم و ناهەقیی و چرووکی پەیوەندییان بەئایینده و داهاتووەوە هەیەو، زۆرێکی زۆرینەی خەڵك پاشمارەکردن ئەنجامیان دەردەکەوێت ، شەریعەتیش لەسەر ئەگەرو ئیحتیمال کاروباری پاشەرۆژ بڕیار نادات. چونکە لەوانەیە کەسێك ئێستا دادگەر نەبێ، وەیان ئیمکانیەتی ماددی نەبێت، بەڵام دەگونجێ پاش رۆژێکی دیکە، پێچەوانەی ئەوە بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا دینی ئیسلام بریاری داوە: کە ئەگەر کەسێك ستەم لەژنەکەی بکات، وەیان لەتەکیا دەست گوشراوو چرووك بێت، ئەوە لەحاڵەتی ئاوادا، ژنەکە مافی جیابوونەوەی بۆهەیە، خۆئەگەر ژنێك بەئارەزوو پێخۆشبوونی خۆی مێرد بەوجۆرە کەسانە بکا، رێی لێناگیردرێ و، عەقدەکەشی دادەمەزرێ، من پێم وایە ئەوکەسانەی کە نەنان و ئاویان هەیەو، نەمەسکەن، وە نە بیانوویەکی شەرعیی، سەرەرای ئەمانەش

مناڵەکانیشیان ڕەش و ڕووت و کونە گورگێکیشی نییە، تێیدا دانیشن، کەچی هێشتا دەچن ژنی دووەم، یان سێیەم، یان چوارەم مارە دەکەن، ئەوە پێویستە هەرگیز ڕێ بەوجۆرە نیکاحانە نەدرێت، واتە: فرەژنیی 'وەکو لە دەقەکانەوە وەردەگیرێت ' دەبێ بۆکاتی زەرورەت و ناچاریی و پێویست بەکار بهێنرێت، بۆنمونە: ئەوانەی وا مناڵیان نابێت، ئەوانە کە ژنەکانیان نەخۆشن و بە کەڵکی تێکەڵی ژن و مێردی نایەن، وە یان تووشی (برودەی جنسی) بوون و کەمتر خۆیان دەدەن بەدەستەوەو ئارەزووی جنسی پیاوەکەیان تێر ناکەن.. ئەوانە بە قەناعەتی من ڕێیان پێ بدرێ و یارمەتیش بدرێن بۆ ئەنجامدانی کارەکەیان، دیارە ئەمیش لەگەڵ پێش چاوگرتنی (عەدل) و (ئینفاق)دا، بەڵام ئەوانەی بیانوویەکی شەرعییان نییەو، دەچن سواری داخوازیی و ئارەزووی خۆیان دەبن و، لەهەمانکاتیشدا فەقیرو هەژارن و ئەوژنانەش دەسخەڕە دەکەن، ئەوە لەحاڵەتی ئاوادا دەبێ ڕێیان لێبگیردرێ. بەتایبەت پاش دەرکەوتنی ئەوهەموو گیروگرفت و کێشانە کەئەمڕۆ لە فرەژنییەوە ڕوو دەدەن. هەزار ڕەحمەت لەبەڕێزان (موحەممەد عەبدە) و (سەید قوتب) کە بەلایانەوە فرەژنی بۆئەو هەلومەرجانەیە لەسەرەوە باسکران، بۆیە سەبارەت بە فرەژنی دەڵێن: (حالة ضرورية، ولغلبة سوء معاملة الرجال لزوجاتهم عند التعدد، وحرمانهن من حقوقهن في النفقة والراحة، وانتشار الفساد و العداوة بين أولاد الضرائر.. لهذا كله يجوز للحاكم الإسلامي أو لصاحب الدين، أن يمنع تعدد الزوجات صيانة للبيوت عن الفساد) بەڵێ.. دەتوانرێ ئەم ڕاوبۆچوونە بۆهەندێ کات، وەیان بۆ هەندێ کەس بەتایبەت کاری پێ بکرێ و، ڕێیان پێنەدرێ پتر لەژنێك مارە بکەن. (سەید قوتب) دەڵێت: فرەژنی مۆڵەتێکە بۆ دەسەبەرکردنی ئەوسپاردە گەورەیە، بەڵام دەبێ لەوەخت و دەرفەتی خۆیدا بێت، هەروەك تەلاق شتێکی زەرووریی وناچارییە.

وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحلَةٗۚ فَإِن طِبنَ لَكُم عَن شَيءٖ مِّنهُ نَفسٗا فَكُلُوهُ هَنِيٓـٔٗا مَّرِيٓـٔٗا
(النساء ٤)

دەبێ مارەیی بە ژنان بدەن: {وآتوا النساء صدقاتهن نحلة} وەك پێشكەشیەك دەبێ مارەیی ژنان بدەن و، بە فەرزێكی خوایشی بزانن، واتە: مارەیی ژنان بڕیاری خوایەو فەرزەو، مافی خۆیانەو، كەسێك بۆی نییە ڕێی لێبگرێ {فإن طبن لكم عن شئ منه نفسا} جا ئەگەر بە پێخۆشبوونی خۆیان، شتێكیان لەمارەیەكەیان پێبەخشین {فكلوه هنیئا مریئا} ئەوحەلە ئێوەش بیخۆن و نۆشی گیانتانی بكەن . ڕێنماییەكانی ئایەتی (٢-٤): ١- هەموو ماڵێكی حەرام ناپاك و پیسە. ٢- هەموو ماڵێكی حەڵاڵ پاكوخاوێنە. ٣- ماڵی چاكی هەتیو نابێ بە ماڵێكی خراپ بگۆڕدرێ. ٤- (وەسی) و چاودێری هەتیو, نابێ ماڵی هەتیوەكە لەگەڵ ماڵی خۆی تێكەڵ بكاو بیخوا. ٥- زیاد لە ژنێك تا چوار -لەگەڵ ڕەچاو كردنی دادگەری و نەفەقەدا- حەڵاڵە. ٦- خوا مارەیی دانا بۆ ژنان چونكە عەرەب پێش ئیسلام مارەییان بۆ ژنان دانەدەنا، بۆیە دانانی مارەیی بۆ ژنان پێویستە لە سەر پیاوو نابێ هیچ شتێك لەمارەیی ژنان بخورێ ، مەگەر بەرەزامەندی خۆیان .

قُل تَعَالَواْ أَتلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُم عَلَيكُمۖ أَلَّا تُشرِكُواْ بِهِۦ شَيـٔٗاۖ وَبِٱلوَٰلِدَينِ إِحسَٰنٗاۖ وَلَا تَقتُلُوٓاْ أَولَٰدَكُم مِّن إِملَٰقٖ نَّحنُ نَرزُقُكُم وَإِيَّاهُمۖ وَلَا تَقرَبُواْ ٱلفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنهَا وَمَا بَطَنَۖ وَلَا تَقتُلُواْ ٱلنَّفسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلحَقِّۚ ذَٰلِكُم وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُم تَعقِلُونَ (الأنعام ١٥١)

ئەم سفارشانە باش وەرگرن: جا پاش باسكردنی ئەو شتانە كە ئەوان بەئارەزووی خۆیان حەرامیانكردن لەسەر خۆیان، دێتە سەرباسی ئەوشتانە خوای گەورە لەبەر زیان و ناشیاویان حەرامیكردوون، لەگەڵ ئەمەشدا (١٠)ڕاسپاردەو وەسیەتنامە باس دەكات كە: گشت شەریعەتە ئاسمانیەكانیش تێیدا یەكدەنگ بوون ، وەك ئەفەرموێ: {قل تعالوا اتل ما حرم ربكم علیكم} بەو كافرو بێ باوەڕانە

بڵێ: وەرن بائەو شتانەتان بۆبخوێنمەوە کە پەروەردگارتان یاساغیکردوون لەسەرتان: {ألا تشركوا بة شيئا} یەکەم: نابێ هیچ شتێك بکەنە شەریك و هاوبەشی خوا، واتە: شیرك قەدەغەو حەرامە، دەبێ ئێوە پێی قایەل نەبن. {و بالوالدين احسانا} دووەم: لەگەڵ باوك و دایکدا هەمیشە ئاکارچاکبن. {ولا تقتلوا أولادكم من إملاق} سێیەم: لە ترسی برسێتیی و هەژاریی، منداڵەکانتان مەکوژن، بەڵێ.. کەسی وایان هەبوو - لەبەر هەژاریی ونەداریی بێ جیاوازی- نێرومێی ئەکوشت!. هەندێ لە زاناکان ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگەی حەرامیەتی (عەزڵ)و رێگرتن لە زگبوون، بەڵام تاقمێ تر درێژەیەکی دەدەنێ و دەڵێن لەبەر چەند هۆیەك حەلاڵە..!. {نحن نرزقكم وإياهم} چونکە هەر ئێمەین ڕسق و ڕۆزی بە ئێوەو، بە وانیش ئەدەین . {ولا تقربوا الفواحش ماظهر منها وما بطن} چوارەم: بە ئاشکراو بە نهێنی توخنی تاوان وکارە دزێوەکان - ئاشکراو نهێنییان - مەکەون ، واتە: نزیکی هیچ جۆرە گوناهێ: گەورەو بچووك, ئاشکراو نهێنی- مەکەونەوە {ولا تقتلوا النفس التى حرم الله إلا بالحق} پێنجەم: کەسێکیش مەکوژن ، خوا کوشتنی بەهەق نەبێ یاساغ نە کردووە، واتە ئێوە بەهەق نەبێ مەردوم مەکوژن، پەیامبەرمان چەندە جوان ڕاڤەی ئەو هەق و ناهەقەی کردووە بەم فەرموودەیە:(لا يحل دم امرئ إلا بإحدى ثلاث: الثيب الزانى، والنفس بالنفس، والتارك لدينه المفارق للجماعة) بوخاریی وموسلیم {ذلكم وصاكم به} خوای گەورە بۆخۆی ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە {لعلكم تعقلون} بە شکوم بیر بکەنەوەو ورياو ژیربن، چاك و خراپ، هەق و ناهەق لەیەك بکەنەوە.

وَلَا تَقۡرَبُواْ مَالَ ٱلۡيَتِيمِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ أَشُدَّهُۥۚ وَأَوۡفُواْ ٱلۡكَيۡلَ وَٱلۡمِيزَانَ بِٱلۡقِسۡطِۖ لَا نُكَلِّفُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۖ وَإِذَا قُلۡتُمۡ فَٱعۡدِلُواْ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰۖ وَبِعَهۡدِ ٱللَّهِ أَوۡفُواْۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ (الأنعام ١٥٢)

ولا تقربوا مال اليتيم إلا بالتي هي أحسن} شەشەم: هەرگیز نزیکی ماڵ و

دارایی هەتیوانان مەکەونەوە بە شێوەیەکی چاك وجوان نەبێ {حتي یبلغ أشدة} تا بۆ خۆی دەگاتە حاڵەتی پر هێزیی و توانایی خۆی و، باڵغ و کامڵ ئەبێت، ئەوسا ئیتر ئەگەر لەژێر دەستی ئێوەشدا بوو، بیدەنەوە دەستی خۆی. {وأوفوا الکیل والمیزان بالقسط} حەوتەم: با پێوانەو کیشانەتان دادگەرانە بێ، واتە: مامەڵەتان ڕێك و پێك و، دوور لە گزیی و خیانەت بێت {لا نکلف نفسا إلا وسعها} خۆ ئێمەش لەتوانا بەدەر، تەکلیف و داوا لە هیچ کەسێك ناکەین بۆعەداڵەت و دادگەریی. {وإذا قلتم فاعدلوا ولو کان ذاقربی} هەشتەم: هەرکە قسەیەکتان کرد، یان بڕیارێکتاندا، دەبێ دادگەربن تێیدا، ئەگەرچی ئەو بڕیارە دژی خزمانی نزیکی خۆشتان بێ. {وبعهد الله أوفوا} . نۆیەم: دەبێ بەرامبەر بەپەیمان و ئامۆژگارییەکانی خوا بە ئەمەك و بەوەفا بن، واتە: هەر مامەڵەو ڕێکەوتنامەیەکتان هەبوو، بەجوانی جێبەجێی بکەن و، لەبەر ئەم وئەو، قورئان و فەرموودەکان پشتگوێ مەخەن {ذلکم وصاکم به} خوا ئەمانەی بەئێوە ڕاسپاردووەو ئامۆژگاریی و، وەسیەتی پێکردوون، دەسا ئاگاتان لەخۆتان بێت {لعلکم تذکرون} بەڵکو هەر لەبیرتان بن و ئامۆژگارییان پێوەرگرن.(تەفسیری ڕامان)

ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (النور ٢)

زینا کەرانی (مێرو ژن) هەریەك سەد تازیانەیان لێدەن: ئینجا دێتە سەر باسی تاکە تاکەی یاساکان ، وەلە سنوورو حوکمی زیناکەرانەوە دەست پێ ئەکات: {الزانیة والزانی فاجلدوا کل واحد منهما مائة جلدة} ئەو کچ و کوڕەی زیناو شەرواڵ پیسیی ئەکەن، دەبێ لە هەریەکەیان سەد جەڵدە ‹شەلاق›ی لێ بدەن. ئەمە تۆڵەی هەر کەسێکە (نێر، یان مێ) پێشتر بە شێوەی شەرعیی

جووت نەبووبێ (واتە: کچ و کوڕ) بن، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەیەك گەیشتبن ′ لە نیکاحێکی سەحیحدا ′ وە ئازادو، ژیربن ، پێگەیشت و(باڵغ) بن، موسوڵمان بن، ئینجا زینا بکەن، ئەوە دەبێت بەردەباران بکرێن {ولا تأخذكم بهما رأفة فی دین الله} نابێ بەزەیی و نەرم و نیانیی و سۆز بتانگرێ لەبەرامبەر هەریەك لەو دوانەوە لە ڕاپەراندنی حوکمی خوادا، واتە: لەکاتی جێ بە جێ کردنی بریاری خوادا، توندوتیژبن و بەزەییتان بە زیناکەراندا نەیەتەوە، بەو شێوەیە ژمارەی شەلاقەکان، یا بەردە بارانەکە، وەکو خۆی جێ بە جێ نەکەن {إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر} ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە {وليشهد عذابهما طائفة من المؤمنين} جا بۆ ئەوەی ئەو دوانە پتر ئێشیان پێ بگات و، خەڵکیش پەند وەرگرن، با کۆمەڵێ لە بڕواداران ئامادەی سزاکەیان ببن و ببینن ′دیارە ئەو خەڵکە ئامادەبووە تا زۆرتر بێت چاکترە، هەرچەندە بە ئامادەبوونی چوار کەسیش جێ بە جێ ئەبێ، ئینجا بۆ پتر قیزەون کردنی زیناو، سووك کردنی زیناکاران ئەفەرموێ:

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (النور ٤)

بوختان کردن بۆ ژنانی داوێن پاك: ئینجا بۆزیاتر پاراستنی ناموس و شەرەفی موسڵمانان بەگشتیی؛ خوای گەورە ئەفەرموێ: {والذين يرمون المحصنات} ئەو کەسانەش کە ژنانی داوێن پاك (یا پیاوانی داوێن پاك) تۆمەت بار ئەکەن بە زیناوە {ثم لم يأتوا بأربعة شهداء} پاشانیش چوار شایەت ناهێنن بۆ چەسپاندنی داواکەیان {فاجلدوهم ثمانين جلدة} دەبێ ئەوانە هەشتا شەلاقیان لێ بدەن تا جارێکیتر بە ناهەق و ناڕەوا ناموسی خەڵك لەکەدارو بریندار نەکەن {ولا تقبلوا لهم شهادة أبدا} هەتا هەتاشە نابێ شایەتیشیان بۆ شتی تر لێ وەرگرن′ {وأولئك هم الفاسقون} ئا ئەوانەن لە سنوور دەر چووان′ و لای خوا بە فاسق

ئەدرێنە قەڵەم٠.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشۡرِكۡنَ بِٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡرِقۡنَ وَلَا يَزۡنِينَ وَلَا يَقۡتُلۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ وَلَا يَعۡصِينَكَ فِي مَعۡرُوفٖ فَبَايِعۡهُنَّ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (الممتحنة ١٢)

بەیعەتی ژنان بەپێغەمبەر: کاتێ پەیامبەر مەککەی ئازاد کرد، پیاوان دەهاتن پەیمانیان لەسەر فیداکاری بۆ ئیسلام لەگەڵ دەبەست، ئینجا سەبارەت بەو ژنانەش موسڵمان دەبوون دەهاتن ئەم ئایەتە هات و فەرمووی: {یا أیها النبی إذا جاءك المؤمنات} ئەی پەیامبەر! کاتێ ژنانی باوەڕدار هاتنەلات {یبایعنك} بەیعەتت پێ بکەن، جا تۆش لەسەر ئەم شەش خاڵە گرنگە: {علی أن لا یشرکن بالله شیئا} یەکەم: لە سەر ئەوەی هیچ شتێ نەکەنە هاوبەشی خوا، و بەتاك و تەنیای بزانن {ولا یسرقن} دووەم: دزی نەکەن {ولا یزنین} سێیەم: زینا نەکەن {ولا یقتلن اولادهن} چوارم: منداڵەکانی خۆیان نەکوژن و زیندە بەچاڵیان نەکەن وەك سەردەمی نەزانیی {ولا یأتین ببهتان یفترینه بین أیدیهن وأرجلهن} پێنجەم: هیچ بۆختانێك نەکەن لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا، واتە: منداڵی خەڵکی نەکەنە منداڵی خۆیان، لە سەردەمی نەفامیدا هەرژنێك ترسی بووبا مێردەکەی -لەبەرئەوە منداڵی نابێت دەری بکا- دەچوو منداڵی دۆزراوەی دەهێناو دەیکرد بەمنداڵی خۆیی و بە مێردەکەی دەگوت ئەمە لەتۆیە.. ئینجا خوای گەورە بەو ئایەتە ئەو کارەی لێ قەدەغە کردن. {ولا یعصینك فی معروف} شەشەم: لە هەموو کارێکی چاکەدا سەرپێچیی و نافەرمانێت نەکەن {فبایعهن} ئەوسا تۆش بەیعەتیان لێوەرگرە . بەڵێ.. لە ڕۆژی دووەمی ئازادکردنی مەککەدا، ژنانیش پاش هاتنی پیاوان، پۆل پۆل دەهاتنە (سەفا)و موسڵمان دەبوون، پەیامبەریش بەزمان - نەك بەدەس خستنە ناو دەس- لەسەر ئەو خاڵ

و مەرجانەی سەرەوە- پەیمانی لێوەر دەگرتن، شیاوی باسە پێغەمبەر بەهیچ شێوەیەك دەستی لە دەستی ژنی نامەحرەم نەكەوتووە. فتح الباری: ٥٠٤/٨ {و استغفر لهن الله} وەلە خوای دلۆڤان داوای لێخۆشبوونیان بۆبكە {إن الله غفور رحیم} بەڕاستی خوا خوایەكی گوناهپۆشی میهرەبانە.

وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقطَعُوٓاْ أَيدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيم (المائدة ٣٨)

سزای دز: بەر لەهاتنی دینی ئیسلام، بڕینی دەستی دزو خوێن و(قەسامە) وچەن شتێ تر، باوبوون و هەبوون، هەركە ئیسلامیش هات، ئەوانەی گشت سەلماند و هەندێ مەرجی تریشی خستە سەریان، وەكو دەفەرموێ: {والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما} دەستی پیاوو ژنی دز، لەتۆڵەی دزیكردندا ببڕن {جزاء بما كسبا نكالا من الله} لەتۆڵەو سزای دزیكردندا، بڕیارێكە لەخواوە دراوە, دەبێ ئەنجامی بدەن، پێغەمبەر دەفەرموێ: (لَعَنَ اللهُ السارِقَ يَسْرِقُ الْبَيْضَةَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ، ويَسْرِقُ الْحَبْلَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ) متفق عليه. یان دەفەرموێ : (تُقْطَعُ يَدُالسارِقِ فی رُبُعِ دینارفَصاعِداً). (بوخاریی)و(موسلیم) {والله عزیز حكیم} و خواش زۆر بەتواناو باڵادەست و، كاربەجێ و كارزانە، هەمووشتێكی پڕ لەحیكمەتە.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيكُمُ ٱلقِصَاصُ فِي ٱلقَتلَىۖ ٱلحُرُّ بِٱلحُرِّ وَٱلعَبدُ بِٱلعَبدِ وَٱلأُنثَىٰ بِٱلأُنثَىٰۚ فَمَن عُفِيَ لَهُۥ مِن أَخِيهِ شَيءٞ فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلمَعرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيهِ بِإِحسَٰنٖۗ ذَٰلِكَ تَخفِيفٞ مِّن رَّبِّكُم وَرَحمَةٞۗ فَمَنِ ٱعتَدَىٰ بَعدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيم (البقرة ١٧٨)

تۆڵە سەندنەوەو حیكمەتەكەی: {یا أیها الذین آمنوا كتب علیكم القصاص فی القتلی} ئەی ئەوانەی باوەڕدارن! لە بارەی كوژراوانەوە، بەشێوەیەكی دادگەرانە و یەكسانیی و، بێ دەست درێژیی و زیادە ڕەویی (قیساس)وتۆڵەمان لەسەر

داناون: {الحر بالحر والعبد بالعبد والأنثى بالأنثى} ئازاد له بری ئازاد، بەندە لە باتی بەندە، مێینە لەتۆڵەی مێینە {فمن عفی له من أخيه شئ} ئینجا هەرکەسیش لەلایەن برای هاودینی خۆیەوە، واتە: لەلایەن کەس وکاری کوژراوەوە عەفوو چاوپۆشی لێکرا (لە کوشتنەوە)و، بەخوێن رازیی بوو {فاتباع بالمعروف وأداء إليه بإحسان} دەبا خوێن وەرگرەکە رێی چاك بگرێتە بەرو، بە پیاوانە و بەپێی باوونەریتی ناوچەکە ڕەفتار بکاو بجولێتەوە، لایەنی بکوژەکەش بەجوامێرانە ومەردانە خوێن بەکەس وکاری کوژراوەکە بدەن {ذلك تخفيف من ربكم ورحمة} ئەو لێبوردن وخوێن وەرگرتنە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بارسووکیی و بەزەییەکە بۆتان، کاری وابۆ جولەکەو گاور نەکراوە. {فمن اعتدى بعد ذلك} دوای ئەم خوێنگرتن ولێبوردنە ، هەرکەسێك دەستدرێژیی کرد بۆسەر خوێندەرەکان {فله عذاب أليم} سزایەکی ئێش پێگەیەنەری بۆ هەیە، واتە: هەرکات بکوژ لەتۆڵەو قیساس عەفوو کرا، یان خوێنیدا، کەچی پاش ئەوە دەستدرێژی کرایە سەری، بێگومان ئەو دەستدرێژیکارەیە تووشی سزایەکی دەردناك دەبێ لەدنیاو لەقیامەتدا.

وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ (البقرة ١٩١)

واقتلوهم حيث ثقفتموهم} و لە هەرشوێنێکیش دەستدرێژکەرانتان دەست کەوت و دەسەڵاتتان هەبوو بەسەریاندا ئەگەرچی لە زەوی (مزگەوتی حەرام) یشدا بن بیان کوژن {وأخرجوهم من حيث أخرجوكم} لەو شوێنەش دەریانپەڕێنن کە ئێوەیان لێدەرپەڕاند، واتە: وەکو ئەوان لەمەککە ئێوەیان دەرکرد، دەئێوەش لەوێ ئەوان دەرکەن {والفتنة أشد من القتل} خۆ فیتنەنانەوەو وەیشوومە گێڕان وعەزیەت دانی موسڵمانانیش بەوجۆرە نامرۆڤانە بۆئەوە لەئاییینی خۆیان

پەشیمانیان بکەنەوە زۆر لەکوشتن خراپترەو، واتە: ئەگەر کەسێك کوشتنی بێ باوەرانی لاناڕەحەت بێت، بێگومان عەزیەت و ئەشکەنجە دانی موسڵمانەکان زۆر گەورەترو قورسترە {ولا تقاتلوهم عند المسجد الحرام حتی یقاتلوکم فیە} ئێوە لەسنووری مەسجیدولحەرامدا نابێ جەنگیان لەگەڵ بکەن مەگەر ئەوان لەوێ جەنگتان لەگەڵ بکەن، واتە: هەرکەسێك لەوکافرانە رۆیشتە کەعبەوە، ئیتر نابێ دەستی بۆ ببرێ، مەگەر ئەو دەست بکاتەوە {فإن قاتلوکم فاقتلوهم} جا ئەگەر ئەوان لەگەڵتان جەنگان، ئێوەیش جەنگیان لەگەڵ بکەن و بیان کوژن {کذلك جزاء الکافرین} سزاو تۆڵەی کافرو بێ باوەران هەر ئاوایە. چەند تێبینییەك: ١- هەندێ جار پێویست دەکات دوژمن بەخۆی نەزانێت کتوپڕ هێرشی بۆبکرێت، دەشکرێ لەو هێڕشەدا هەندێ ژن و منداڵ و خەڵکانی بێ تاوان پێوە ببن ، ئایا حوکمی شەریعەتی ئیسلام لەمەدا چی یە؟ وەڵام: ئەگەر هیچ رێگایەکی تر نەبێت بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشەکانیان و بۆ زاڵبوون بەسەر دوژمناندا بەوجۆرە نەبێ، زاناکان دەڵێن: هێرشی ئاوا ڕەوایەو هیچ گوناهێکی لەسەر نییە. ٢- گەلێ جار بەناچاری بە تۆپ و جۆرەها چەکی تری قورس و کوشندە هێرش دەبرێتە سەر دوژمن، لەهەمان کاتیشدا شارو دێهات و مزگەوت و قوتابخانە وخەستەخانەکانیش بەر زیان دەکەون، ئایا حوکمی ئیسلام بۆ ئەوە دەبێ چی بێت ؟ وەڵام: ئەگەر خوانەناس و کافرەکان ئەوجۆرە چەکانەیان بەکارهێنا، ئەوا ئێمەیش بەناچاری بەکاری دێنین، بەڵام تابکرێ دەبێ لەوشوێنانە دەستپارێزی بکرێ.

یَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ قِتَالٖ فِيهِۖ قُلۡ قِتَالٞ فِيهِ كَبِيرٞۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفۡرُۢ بِهِۦ وَٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ وَإِخۡرَاجُ أَهۡلِهِۦ مِنۡهُ أَكۡبَرُ عِندَ ٱللَّهِۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَكۡبَرُ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمۡ عَن دِينِكُمۡ إِنِ ٱسۡتَطَٰعُواْۚ وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ

ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (البقرة ٢١٧)
بەشەڕ هاتن لە (أشهر الحرم) دا: {يسألونك عن الشهر الحرام قتال فيه} لێت ئەپرسن لەبارەی جەنگ کردن لەمانگی حەرامدا: ئاخۆ ڕەوایەو مۆڵەت هەیە، یانا؟ پەیامبەر عەبدوڵڵای کوڕی جەحشی) پورزای خۆی لە مانگی جەمادی دووەمدا پێش ڕووداوی بەدر بە دوومانگ لەگەڵ هەشت کەسی کۆچەرییدا نارد، ئەوەبوو لە ڕێگادا ئەوقەی سێ کەسی قورەیش بوون و، یەکێکیان لێ کوژراو، دوانیان لێ دیل کران و هێنانیان بۆ خزمەت پەیامبەر ئەویش ئەو کارەی پێناخۆش بوو، چونکە ڕێکەوتی بەرواری یەکی' ڕەجەب' ی دەکرد واتە: مانگە قەدەغە کراوەکان، جا قورەیش لێیان کردە هەرا کە موحەممەد لە مانگە حەرامەکاندا جەنگی حەڵاڵ کردووە خوای گەورەش فەرمووی: {قل قتال فيه كبير} لە وەڵامدا بڵێ: بەڵێ جەنگ کردن لەم جۆرە مانگانەدا کارێکی زۆر گەورەو گوناهە {وصد عن سبيل الله وكفر به} بەڵام ڕێگرتن لە ڕێگەی خواو بێ بڕوایی بەخواو {والمسجد الحرام و إخراج أهله منه أكبر عندالله} جەنگ کردن لەمزگەوتی حەرام داو دەرکردن و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی، ئەمانە گشت لەلای خوا زۆر گەورەوگران ترن لەجەنگی مانگە حەرام کراوەکان، کەوابوو ئەو کارە کەلەدەستی عبدوڵڵاوە کەوتەوە لەو ڕێگرتنە لەدینی خواو، کافر بوون بەخواو، ئەشکەنجەو ئازاردانی موسڵمانان لەلایەن قورەیشەوە ئەو کارەی عەبدوڵڵایش لەوەی قوڕیش گەورەتر نییە {والفتنة أكبر من القتل} وە ئاژاوە و فیتنە نانەوەش لە کوشتن و جەنگ کردن و زۆرهێنان بۆ موسڵمانان تاپاشگەز ببنەوە لەجەنگ لەمانگی حەرامدا خراپترو گەورەترە {ولا يزالون يقاتلونكم حتى يردوكم عن دينكم إن استطاعوا} بێگومانبن هەمیشە ئەو بێ باوەڕانە جەنگتان لەگەڵ دەکەن و هەرگیز کۆتایی ناهێنن و دەست هەڵناگرن ' تائەگەر بۆیان بگونجێ' لە ئایینتان وەردەگێڕن {ومن يرتدد منكم عن دينه} جا

هەرکەسێکتان لەئایینی خۆی پاشگەز بێتەوە {فیمت وهو کافر} و بەکافرییش بمرێ {فأولئك حبطت أعمالهم فی الدنیا والآخرة} ئەوانە کە بەکافری دەمرن کارو کردەوەیان لە هەردوو دونیا بەفیڕۆ دەڕوا، لەم دنیایەدا لە خێرو بێری ئیسلام بێ بەش ئەبن و، مامەڵەی بێ بڕواییان لەگەڵ دەکرێ، لەولایش هیچ پاداشتێکی خێریان نابێت {وأولئك أصحاب النار هم فیها خالدون} دەشبنە هاوەڵ و هاوڕێی دۆزەخ و، بەهەتاهەتایش لەوێ ئەمێننەوە. روونکردنەوەیەك: ئیمامی (مالیك) و ئیمامی (ئەبی حەنیفە) دەڵێن: هەرکەسێ بە کافریی، وەیا بە (مورتەدی) مرد، هەرچی کاروکردەوەی چاکیشی هەبێ بەفیڕۆ ئەڕواو باتڵ دەبێ، وە هەروەها ئیمامی(شافیعی) و بگرە کۆی زانایانیش دەڵێن: تەنانەت ئەگەر تەوبەش بکا پاش لە دین وەرگەڕانەکەیی و موسوڵمان بێتەوە دەبێ هەموو کارەچاکەکانی بکاتەوەو قەزایان بکاتەوە ، بۆ نموونە: ئەگەر حەجی کردبێ، دەبێ ئێستا دووبارە بیکاتەوە، بەڵام ئیمامی (شافیعی) بەتەنها خۆی ئەڵێ: گێڕانەوەو کردنەوەیان ناوێ. لە نێو زاناکانا کێشەیەك هەیە: ئایا مرۆیەکی لە دین وەرگەڕاوەو (مورتەد) دەس بەجێ دەکوژرێ، یا مۆڵەت دەدرێ، ئەگەر موسڵمان نەبوویەوە ئەوسا ئەکوژرێ؟؟ جەماوەری زانایان ئەڵێن: داوای تەوبەی لێ ئەکرێ، جائەگەر هەر سوور بوو لەسەر کوفرەکەی ئەوا ئەکوژرێ، بەڵام پێشەوا (مالیك) ئەڵێ: ئەگەر کەسێ جوێنی بە پێغەمبەردا، ئەوە دەس بەجێ بێ ئەوەی داوای تەوبەی لێبکرێ ئەکوژرێ. دیارە هەموو خاوەن ڕایەکانیش بەڵگەی خۆیانیان هەیە.

وَلَئِن قُتِلتُم فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَو مُتُّم لَمَغفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحمَةٌ خَيرٞ مِّمَّا يَجمَعُونَ (آل عمران ١٥٧)

ولئن قتلتم فی سبیل الله} خۆئەگەر ئێوە لەپێناوی ڕێگای ئایینی خوا بەکوشت چن {أو متم} وەیان لەوکاتەدا بمرن خەریکی جیهادن {لمغفرة من الله ورحمة

خير مما يجمعون} دیارە لێبوردن و ڕەحمەت و میهرەبانی خوا، لەسەرجەم ئەوشتەی ئێوە کۆی دەکەنەوە باشترو چاکترە، خوا جیهادیان پێدەکات، تا لێیان خۆش ببێ، چونکە خەڵکانی کوژراوو مردوو لەبەرەکانی جەنگدا، لەبەر ئەوە بەهەشتیان بەگیانی خۆیان کڕیوە، دەگەنە پلەی لێبوردن و میهرەبانی خوا، هەر ئەوەیە کەخوا لەجێگایەکی تردا ئەفەرموێ: (إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة يقاتلون فى سبيل الله فيقتلون ويقتلون وعدا عليه حقا فى التوراة والإنجيل والقرآن ومن أوفى بعهده من الله فاستبشروا ببيعكم الذى بايعتم به وذلك هو الفوز العظيم) (تەوبە: ١١١) یان ئەفەرموێ: (قل بفضل الله ورحمته فبذلك فليفرحوا هو خير مما يجمعون) (یونس: ٥٨) یان دەفەرموێ: (ورحمة ربك خير مما يجمعون) (زوخروف: ٣٢) ئەو ئایەتانە هەموو بەڵگەن کە ژیانی ئەم دنیا لەچاو ژیانی ئاخیرەتدا شتێکی بڕاوەو بێ بایەخە، بۆیە خوای میهرەبان دەیداتە هێندێ لەباوەڕداران.

وَلَا تَحسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَموَٰتَاۢ بَل أَحيَآءٌ عِندَ رَبِّهِم يُرزَقُون (آل عمران ١٦٩)

کوژراوانی ڕێی خوا، هەمیشە زیندوون: لەفەرمودەیەکدا -ئیمامی ئەحمەد لەمەسنەدەکەیدا هێناویەتی- هاتووە: پێغەمبەر بەهاوەڵانی فەرموو: کە براکانتان لەئوحود دووچاربوون و شەهیدکران، خوای کارجوان ڕۆحەکانیانی کردووە بەبەری کۆمەڵە پەلەوەرێکی سەوزداو، دەڕۆنە سەر ڕووبارەکانی بەهەشت و، لەمیوەی جۆراوجۆری بەهەشت دەخۆن , پاشان دەچنە بەرچەند گڵۆپێکی زێڕین لەبن سێبەری عەرشدا، ئینجا کە ئەوگشت خۆشیی و بەهرەیانە دەبینن ، دەڵێن: ئەی خۆزگا: براو کەس و کارەکانیشمان بەمەیان زانیبا، هەتا لەجیهاد پاڵ نەدەنەوە، پاشان خوا فەرمووی: دەوا من لەباتی ئێوە ئاگاداریان دەکەم، ئەوجا خوا فەرمووی: {ولا تحسبن الذين قتلوا فى سبيل الله أمواتا} وا مەزانن

ئەو کەسانەی لەڕێی خوادا کوژران مردوون {بل أحياء عند ربهم يرزقون} بەڵکو زیندوون ولای پەروەردگاریان بژێوی وەردەگرن و رادەبوێرن ، ئێمەش لەدنیادا دەربارەی ژیانی شەهید هەرئەمەندە ئەزانین و، ملکەچی دەقی ئایەتەکانی قورئانین، بەڵێ لەم ئایەتەدا روون نەکراوەتەوە: ئاخۆ خەڵکی دنیا دەزانن ئەو بژێوی و ژیانە چۆنە؟ بەڵام لەسوورەتی (بەقەرە: ١٥٤) دا بەراشکاوی روون کراوەتەوە و دەڵێ: خەلکی ئەم دنیا لەو جۆرە ژیانە هیچ نازانن و تێناگەن: (ولا تقولوا لمن يقتل في سبيل الله أموات بل أحياء ولكن لا تشعرون).

وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلك سُلَيمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيمَٰنُ وَلَٰكنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحرَ وَمَآ أُنزلَ عَلَى ٱلمَلَكَين ببَابلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ من أَحَد حَتَّىٰ يَقُولَآ إنَّمَا نَحنُ فتنَةٞ فَلَا تَكفُرۖ فَيَتَعَلَّمُونَ منهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بهِۦ بَينَ ٱلمَرء وَزَوجِهِۦۚ وَمَا هُم بضَآرِّينَ بهِۦ من أَحَد إلَّا بإذنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُم وَلَا يَنفَعُهُمۚ وَلَقَد عَلمُواْ لَمَنِ ٱشتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلأٓخِرَةِ مِن خَلَٰقۚ وَلَبِئسَ مَا شَرَواْ بهِۦٓ أَنفُسَهُمۚ لَو كَانُواْ يَعلَمُونَ (البقرة ١٠٢)

سەر گوزەشتەکەی (هاروت) و (ماروت): {واتبعوا ما تتلوا الشياطين على ملك سليمان} هەندێ لە نەوەکانی (یەعقووب) کەوتنە شوێنی ئەوجادووە کە شەیاتینی لەسەردەمی پاشایەتی ودەسەڵاتی سولەیماندا (عليه السلام) دایان هێناو دەیانخوێند، واتە: کەوتنە شوێنی ئەوفرۆفێڵانەی دەربارەی حکومەتەکەی سولەیمان دەیانکرد {وما كفر سليمان} خۆ ئاشکرایشە کەسولەیمان کافرو جادووگەر نەبوو و ئەویش ′جادووی دانەهێنا‘ وەك ئەوان دەڵێن {ولكن الشياطين كفروا} بەڵکو شایەتینەکان جادوویان داهێناو کافرو بێ بڕوا بوون و لەسنوور دەرچوون {يعلمون الناس السحر} و خەڵکیشیان فێری جادوو دەکرد {وما أنزل على الملكين ببابل هاروت وماروت} هەروەها کەوتنە شوێنی ئەو زانیاریی و زانستیەی هاتبوویە سەر ئەو دوو فریشتەیە ′هاروت

وماروت، له ،بابل،ی عێراقدا. لەوسەردەمەدا مەردم زۆر سەرقاڵبوون بە جادوو و فڕوفێڵ لەگەڵ یەکتردا، جا لەوکاتەدا خوای گەورە ئەودوو فریشتەی نارد تا جادوویان بۆ ڕوون بکەنەوەو خەڵکی تێبگاو بەهەڵە نەچن و بزانن کە جادوو لەگەڵ موعجیزەی پەیامبەرێتیدا دووشتی لێکجیاوازن، وە لەهەمان کاتیشدا ئەو دوو فریشتەیە بەخەڵکەکەیان دەوت: ئێمە تەنها مایەی تاقیکردنەوەین وهاتووین بۆ بەتاڵکردنەوەو هەڵوەشانەوەی سیحر، دەخیل سەد دەخیل ئێوە نەفێری ببن و، نە ڕەفتاریشی پێ بکەن، بەڵێ.. کاری ئەو دو فریشتەیە هەر ئەمە بوو، ئیتر لەمە بەولاوە شتێکی تر نەبوو، هەرچەندە بەداخەوە قسەی زۆر - تەنانەتی بەدەم ئیبن وعەباسەوە- دەربارەیان دەگێڕنەوە! {وما یعلمان من أحد حتی یقولا إنما نحن فتنة فلا تکفر} وە لەهەمان کاتدا هەر کەسێکیان فێری جادوو دەکرد لە سەرەتاوە پێیان دەگوت: ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێر بوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە) و لەلایەن خواوە نێردراوین، کەوابوو ئاگادار بە! خۆت کافر مەکە و فێری جادوو نەبیت {فیتعلمون منهما ما یفرقون بة بین المرء وزوجه} بەڵام هەندێك هەر کۆڵیان نەدا تالەو دوو فریشتەوە فێری ئەمە بوون کەبتوانن بەسیحر ژن ومێرد لێکبکەنەوە، واتە: مەردمەکە بەگوێی فریشتەکانیان نەکردو، فێری جادوو بوون وپاشان جادوو و سیحریان لەیەك دەکردو، جۆرەها کاری ناپەسەندو ناشەرعییان ئەنجام دەدا، هەرچەند {وما هم بضارین به من أحد إلا بإذن الله} بەبڕیاری خوا نەبووبا ئەو جادووگەرانە توانایان نەبوو زیانێك بەهیچ کەسێ بگەیەنن {ویتعلمون ما یضرهم ولا ینفعهم} هەر فێری شتێ ئەبوون کە زیانیان لێ بداو، هیچ قازانج وسوودێکی نەبێ بۆیان {ولقد علموا لمن اشتراه ماله فی الآخرة من خلاق} کە ئەوکارە ناپەسەندەشیان ئەکرد، وە نەبێ لەڕووی نەزانینەوە بێت، بەڵکو ئەو(جولەکانە) چاك دەشیانزانی ئەوکەسەی کڕیاری جادووگەریی بێ، لەڕۆژی

دواییدا هیچ کەڵك وسوودێکی پێ ناگاو لەبەهرەی خوا بێ بەشە، ئەوسا بۆئەوەی پتر لەسیحر تێبگەین چەند ئایەتێك وهاوڕێ لەتەك کورتە راڤەیەکی جادوودا باس دەکەین، جا ئەمانە هەندێك لەو ئایەتانەن کە لەبارەی (سیحر)ـەوە هاتوون،: (ولكن الشياطين كفروا يعلمون الناس السحر) (بەقەرە:١٠٢)، (فلما جاء السحرة) (یوونس:٨٠)، (وجاء بسحر عظيم) (ئەعراف:١١٦). زانایان دەربارەی بوون و حەقیقەت و راستیی سیحر، چەند قسەیەکیان هەیە: ١- هەندێکیان دەڵێن: سیحر شتێکەو حەقیقەتێکی هەیە، دەشتوانێ بەواقێعی و بەبەرچاوی بینەرەوە رۆڵی خۆی ببینێ و، بۆیشی هەیە لەحاڵەتێکەوە بۆحاڵەتێکی دی هەرشتێ بگوڕێ. ٢- هەندێکی دی پێچەوانەی رای ئەوانەن، وەك ئیمامی (ئیبن جەریر) -رەحمەتی خوای لێ بێ- کەدەڵێ: نارێکی و جیاوازی لەپێناسە کردنی (سیحر)دا زۆر زۆرە، هەندێك لەزانایان دەڵێن: سیحر کۆمەڵێك فرۆفێل و چەواشەگەری و خیدعەیە ساحیر بەسەلیقەی خۆی وادەکا لە سیحرلێکراوەکە، تا وابزانێ کە ئەوەی ئەیکات حەقیقەتەو بنەڕەتێکی هەیە، وەك کەسێك لە دوورەوە(سەراب) تراویلکەیەك دەبینێ و بۆخۆی وادەزانێ ئاوە، کەچی کاتێك لێی نزیك دەبێتەوە، ئەوجا دەزانێ ئاو نیە. هەندێکیدی ئەڵێن: ساحیر دەتوانێ تەنانەت ئینسانیش بکاتە گوێدرێژ!!، یان ئینسان و گوێدریژ بگۆڕێ بەشتێکی دی، دواتریش زانای پایەبەرز (لالەکائی) ئەڵێ: ئەگەر نەیتوانیبا ئەم جۆرە شتانە بکات، هەرگیز نەیشیدەتوانی جیاوازی بخاتە نێوان ژن و مێردەوە؛ کەوابوو دەشتوانێ چۆلەکە بکات بە مرۆڤ یا.. هتد (ئیبن قەیم)یش رەحمەتی خوای لێبی لەتەفسیری سوورەتی (فلق) دەڵێ: ئەم ئایەتەی: (ومن شر النفاثات في العقد) ئەو فەرموودەیەش خاتوو عائیشە- رەزای خوای لێبی- دەگێڕێتەوەکە: سیحر لەپێغەمبەری خوا کرا، ئەمانە هەردووکیان بەڵگەن لەسەر ئەوەکە سیحر هەیەو راستە. بەهەرحاڵ

ئەهلی (تەفسیر) و(حەدیس) هەردوولا ئەڵێن: ئەو ریوایەتانەی کەلە هاوەڵان و سەلەفەوە هاتوون بەڵگەن لەسەر ئەوە کە سیحر حەقیقەتی هەیە، وە ئەو ئایەتەش کە خوای گەورە دەفەرموێ: (فیتعلمون منهما ما يفرقون به بين المرء وزوجه) دیسانەوە هەرئەوە دەسەلمێنێ کە سیحر لە تێکدانی پەیوەندی ژن ومێردا کاریگەریی خۆی هەیەو، وە بێجگە لەمانەش فەرموودەی راست ودروستیش هەیە کەپێغەمبەری خوا سیحری لێکراوە. جەماوەری زانایانیش لەسەر ئەوەن کە: سیحر کاریگەریی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئیمامی نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێبی) لەشەرحی (موسلیم)دا ئەڵێ: (والصحيح أن له حقيقة وبه قطع الجمهور وعليه عامة العلماء، ويدل عليه الكتاب والسنة المشهورة)، بەڵام هەر (نەوەوی) خۆی دەڵێ: ئەو ڕاو بۆچوونە کە دەڵێ: ساحیر دەتوانێ ئینسان بگۆڕێ بە غەیری خۆی لەواقیعەوە زۆر دوورە، ئیتر خوای گەوەریش باشتر دەزانێ. (ئیبن حەزم)یش -ڕەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێ: (وذهب أهل الحق إلى أنه لا يقلب أحد عينا ولا يحيل طبيعة إلا الله عزوجل لأنبيائه فقط). (ئیبن حەجەر) یش- رەحمەتی خوای لێبێ- دەڵێ: شتێ کە جێگەی قسەو باس بێت ئەوەیە کە ئایا ساحیر دەتوانێ شتێك لەحاڵەتێکەوە بۆحاڵەتێکی دیکە بگۆڕێ ؟ پاشان ئەڵێ: جەماوەری زانیان لەسەر ئەوەن کە سیحر راستەو حەقیقەتێکی هەیەو کاریگەریی خۆیشی هەیە، بەڵام ناتوانێ هیچ شتێك لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دی بگۆڕێ، خوایش باشتر دەزانێ. دەبێ ئەوەش بزانین کە سیحر یەکێکە لە گوناهە زۆر گەورەکان و دەبێ موسڵمان زۆر خۆی لێ بپارێزێ، هەروەکو لە (سەحیح)ـی موسلیم و بوخاریی)دا هاتووە، وەئیمامی (عومەرو، ئیمامی عوسمان و، جندوب و، خاتوو عایشەو، خاتوو حەفسە)یش- خوایان لێ ڕازی بێ- لەسەر ئەوەن کە دەبێ ساحیر بکوژرێ. لەکتێبەکەی ئیمامی (ترمزی)یشدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: (حد الساحر

ضربة بالسيف) جا ئەم حەدیسە هەرچەندە (ضعیف الإسناد)ـە، بەڵام ئیمامی (زەهەبی) دەڵێ: (والصحیح أنه موقوف علی جندب بن عبدالله). سەبارەت بە حوکمی ساحیریش ئیمامی (ئەحمەد) و ئیمامی (مالیك) - ڕەحمەتی خوایان لێ بێ- دەڵێن: دەبێ ساحیر بکوژرێ، بەڵام ئیمامی ئەحمەد ئەم قسەیەش دەکاو دەڵێ: ئەگەر ساحیرە کە لە (أهل الذمة) بوو، ئەوە ناکوژرێ، بەڵگەشی ئەو فەرموودە سەحیحەیە کە (لبید بن الأعصم)ـی یەهوودی سیحری لە پێغەمبەری خوا کردو نەشیکوشت، بەڵام ئیمامی شافیعیی و ئیمامی ئەبو حەنیفە- ڕەحمەتی خوایان لێبێ- دەڵێن: ساحیر ناکوژرێت، جا لەهەر میللەتێك بێت (أهل الذمة) بێ یان نا.. بەڵگەشیان ئەوەیە کەپێغەمبەر کاتێ ساحیرەکە سیحری لێکرد نەیکوشت، خوایش باشتر ئەزانێت. منیش دەڵێم: حوکمەکە دەدرێتە دەستی ئەمیرو ڕابەری دەستەی زانایانی سەردەم، ئەگەر ئەوان کوشتنیان پێ باش بوو، ئەوە دەکوژرێ، ئەگینا ئازاد دەکرێ (والله أعلم). {ولبئس ماشروا به أنفسهم لوکانوا یعلمون} بەڕاستیی ئەگەر تێگەیشتبان ئەوشتەی کە ئەوان خۆیانیان پێ فرۆشت، دەیانزانی چ کارێکی زۆر خراپ و ناپەسەند بوو. ڕێنمایەکانی ئایەتی (١٠٢): ١) دژایەتی قورئان وسوننەت، لەبەرئەوە کەکاری خراپ و فەسادو ستەمکارییان حەرامکردووە، سەرەڕای کافر بوون، دەرگای هەموو باتڵ و دزێوییەکیش لە مرۆڤ دەکاتەوەو، قورئانیان لا بچوك دەبێتەوە، پەنا بەیاسا دەستکردەکان ئەبەن و، بازاڕی بیدعە چییەکان گەرم دەکەن و، بەخۆشیان نازانن چ دەکەن؟!. ٢) گشت قازانج وزیانێك هەر بەدەستی خوایە. ٣) فێربوونی سیحرو بەکار هێنانی هەردوو کارێکی حەرامن، وەك (ئەبو حەنیفە، مالیك، ئەحمەد) -خوا لێیان ڕازی بێ- ئەڵێن، بەڵام هەندێ لەهاوڕێیانی ئەبوحەنیفە ئەڵێن: فێربوونی سیحر بۆ خۆپارستن، نەحەرامە و، نەکوفرە.

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَيۡتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحۡمَ ٱلۡخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيۡرِ ٱللَّهِۖ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ (البقرة ١٧٣)

بەناچاری نەبێ گۆشتی مردارەوە بوو ناخورێ: {إنما حرم عليكم الميتة والدم ولحم الخنزير} خوای گەورە تەنها هەر ئەمانەی لێ یاساغکردوون: لاکی مردارەوە بوو، خوێنی رژاوو رەوان ، واتە: ئەو خوێنەی لەهەر ئاژەڵ و گیان لەبەرێك دێتەدەرێ و دەڕوا مەیخۆن. گۆشتی بەرازیش لەگەڵ هەموو شتەکانی تریدا هەروا {وما أهل به لغير الله} وهەر ئاژەڵێکیش -کە بۆ سەربڕین - ناوی غەیری خوای لێ هێنرابێت، ئیتر لەبەر بت و جن و پاشاو دەسەڵاتداران سەرببڕدرێ، یان بۆخواو پاشا، یان بۆهەر شەخس و پیرێك {فمن اضطر غير باغ ولا عاد} بەڵام هەر کەسێ لەبەر ناچاریی و بێ ئارەزوو، هەر بە ئەندازەی پێویست بخوات وزیادە خوَری نەکات {فلا إثم عليه} هیچ تاوان و گوناهێکی ناگات، لە خواردنی ئەوشتانەدا، دیارە دەبێ بەو پێیە بێت ، زاناکان باسیان لێکردووە {إن الله غفور رحيم} بەڕاستیی خوا زۆر گوناحپۆش و دلۆڤان و میهرەبانە، ئەوەتە لەکاتی تەنگانەدا خواردنی حەرامتان بۆ حەلاڵ دەکات.

يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَاۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَۖ قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ (البقرة ٢١٩)

يسألونك عن الخمر والميسر} لە بابەت بادەو شەراب و قومارەوە لێت دەپرسن: ئاخۆ ئەوانە حەڵال ڕەوان، یان حەرام ناڕەوان؟ {قل فيهما إثم كبير ومنافع للناس} پێیان بڵێ: تاوان و گوناهیان گەورەیە، چونکە وتەی ناشیرین و، جمووجوڵی ناپەسەندو، خواردنی سامانی ئەم وئەویان بەناهەق تێدایە، بۆ خەڵکیش بڕێ قازانج و کەڵکیان بۆ هەیە، خۆشیی و لەزەتێکی تێدایە بۆیان؛ باری ئابووریی وبازرگانیش بۆ هەندێ کەس دەسدەدا {وإثمهما أكبر من نفعهما} بەڵام تاوان

و زیانەکانیان لە سوودووو بەهرەکەیان زۆر ترە {و يسألونك ماذا ينفقون} لێشت ئەپرسن چی ئینفاق بکەن لە ڕێگەی خوادا..؟ {قل العفو} بلێ ئەی پەیامبەر زێدە لەخۆتان و، لەماڵ و منداڵتان، ببەخشن {كذلك يبين الله لكم الآيات} هەر ئابەو شێوەیە خوای گەورە بەڵگەو نیشانەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەر شتێك قازانج و سوود بەخش بێت بۆتان رەوا ئەکا، هەرشتێکیش زیان بەخش بێت لێتان یاساغ ئەکات، {لعلكم تتفكرون} بەڵکو بتوانن لە ئاکامی کاروباری دونیاو قیامەتتان بیر بکەنەوە، هیچ کامێکیان پشت گوێ نەخەن، لەم ئایەتەوە: هەموو جۆرە شەراب و قومارێك ئەگەرچی ناوی جۆراوجۆری تریشیان لێ نرابێ قەدەغەن. باشترین و پیرۆزترینی سەدەقە ئەوەیە: کە لە کاتی دەوڵەمەندیی و دەسەڵات و زیاد لە پێویستی یەکانی خاوو خێزان بێت. (إبدأ بنفسك فتصدق عليها، فإن فضل شئ فلأهلك فإن فضل شئ عن أهلك فلذى قرابتك ، فإن فضل عن ذي قربتك شئ فهكذا؛ أي: تصدق به على الفقراء و المساكين) موسلیم ریوایەتی کردووە. واتە: لەبەرا چاوت لەخۆتەوە بێت، ئەوجا منداڵ وخێزانت، پاشان خزمانی نزیکت، دواتر خەڵکانی تر.

فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۗ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيم (البقرة ٢٢٠)

لە مەڕ هەتیوان چۆن رەفتار بکەین؟ {ويسألونك عن اليتامى} لەتۆ پرسیار ئەکەن ئەی پەیامبەر سەبارەت بەهەتیوان، چۆن رەفتاربکەین؟ ئاخۆ ئاوو خۆراکیان جیا بێت لێمان یان نا؟ {قل إصلاح لهم خير} بلێ: هەردەم بەچاکەو چاکەکاری ئاگاتان لێیان بێت وبتوانن بەجیا ماڵەکەیان راگرن، کارێکی چاکە بۆیان {وإن تخالطوهم فإخوانكم} خۆئەگەر لەگەڵ ئێوە دەژین ماڵ وسامانی ئەوانتان لەگەڵ ماڵ وسامانی خۆتان لێکداو وەك براو خوشکی خۆتان بن، ئەوە

کارێکی زۆرباشه {والله یعلم المفسد من المصلح} خۆ خوا کەسانی فەسادکارو بەدکار لەکەسانی چاککار زۆر چاك دەناسێت {ولو شاء الله لأعنتكم} ئەگەر خوا بیویستبا، فەرمانی جیاکردنەوەی ماڵی هەتیوانی ئەداو مەرجی سەختی لەسەر دائەنان {إن الله عزیز حکیم} چونکە بەراستیی خوا هەرخۆی زاڵ و باڵادەستە، حەکیم وکارجوان لە کارزانە بۆ ئەوکەسەی وا چاودێرو سەرپەرستی کاری هەتیوە، بەڵێ تێکەڵکردنی دارایی وسامانی هەتیو بەماڵی سەرپەرستی هەتیوەکەوە 'لەگەڵ پێش چاوگرتنی بەرژەوەندی هەتیوەکەدا' بەمەرجێ خێرو سوودی ئەوە، زیاتر بێ بۆ هەتیوەکە کارێکی رەوایە، خۆ ئەگەر بەو تێکەڵکردنە ماڵی هەتیوەکە کەم ونوقوستان دەبوو، دیارە ئەوە حەرام قەدغەیە.

وَلَا تَنكِحُواْ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّۚ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْۗ وَلَا تُنكِحُواْ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُواْۚ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْۗ أُوْلَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِۖ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦۖ وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (البقرة ٢٢١)

لە بت پەرستان ژن مارە ناکرێ و، ژنیشیان لێ ناخوازرێ: {ولا تنکحوا المشرکات حتی یؤمن} ژنانی خوانەناس وهاوبەشدانەر مارە مەکەن، تا باوەری دامەزراوو راستەقینە دێنن، ئیمامی (تەبەریی) دەڵێت: ژنانی خاوەن کتێب و نامە ، بەر (نەهیی) ئەم ئایەتە ناکەون، واتە: ژنانی ئەهلی کتێب دەتوانرێ مارە بکرێن چونکە ئەمان بەئایەتی: (والمحصنات من الذین أوتوا الکتاب من قبلکم ..) لەسوورەتی (النساء) مارە کردنیان بۆ موسوڵمانان حەڵاڵ کراوە. پێشەوا (عومەر)یش ئەوکاتە کەڕێی لە (تەڵحەو حوزەیفە) گرت لە مارەکردنی ژنانی جوولەکەو گاور لەبەرئەوەبوو کەخەڵکێکی تر چاولەوان نەکاو، دەرەنجام دەست لەژنە موسڵمانەکان هەڵبگیردرێ {ولأمة مؤمنة خیر من مشرکة ولو أعجبتکم} وە بەراستیی کەنێزەیەکی بروادار بۆ هاوجووت لە ژنێکی هاوبەش

دانەر هێژاترو باشترە، ئەگەرچی ئەم ژنە خوانەناسە جوانیی و ماڵ و دارایی یەکەی سەرسامی کردبن و زۆریش حەزیان لێبکەن {ولا تنكحوا المشركين حتى يؤمنوا} ژنان و کچانی باوەڕدار لەخوانەناس و هاوبەش دانەران مارە مەکەن تا نەبنە خاوەن باوەڕی دامەزراو {ولعبد مؤمن خير من مشرك ولو أعجبكم} چونکە بێگومانە کە بەندەیەکی باوەردار لەپیاوێکی ئازادی هاوبەش دانەرو خوانەناس هێژاترو چاکترە، هەرچەن ئەو موشریکە قەدوقیافەو پایە و پلەی سەراسیمەتان بکات {أولئك يدعون إلى النار} چونکە بەڕاستیی ئەو هاوبەش دانەرانە خەڵکی بۆ نێو ئاگر بانگ دەکەن {والله يدعوا إلى الجنة والمغفرة بإذنه} خوایش بەفەرمانی خۆی بەرەو بەهەشت و لێبوردن بانگ دەکات {ويبين آياته للناس لعلهم يتذكرون} خوا بەڵگەونیشانەکانی خۆیی وحوکمی خۆی هەمیشە بۆخەڵك روون ئەکاتەوە، بەڵکو بیر بکەنەوەو ئامۆژگاری وەرگرن. جاکەوابوو خواستن و مارەکردنی ژنانی موشریك و کافرو (مورتەددە)و لەدین وەرگەڕاوە باتڵ و قەدەغەیە، بەڵام ژنانی ئەهلی کیتاب، بێجگە لە موحاریب، خواستن و مارەکردنیان حەڵاڵە؛ وەبە هیچ جۆرێکیش ژنی موسڵمان و خاوەن باوەر نابێ لەموشریك وکافرو لەدین وەرگەڕاوەو ئەهلی کیتاب مارەبکرێ؛ دەبێ هەوڵ بدرێ کە بەهیچ شێوەیە لەگەڵ دام و دەزگای کافران لێك نزیك نەبینەوەو، دەبێ لەسەر رێژەی بنەمای (مووالات) و (موعادات) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.)

ويسَۡٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرۡنَ فَأۡتُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلۡمُتَطَهِّرِينَ (البقرة ٢٢٢)

لە عوزری ژنانتاندا سەرجێیی مەکەن: لەسەردەمی نەفامیدا 'بەتایبەت جوولەکە' هەر ئافرەتێك دەکەوتە بێ نوێژییەوە لەتەکیا دانەدەنیشتن و، نانیان لەگەڵ نەدەخواردن، لە پاشان خوا ئەم ئایەتەی خوارەوەی ناردو تێیگەیاندن

که تەنها کاری ژن ومێردی لەگەڵیا حەرامە، ئەگینا پێکەوە نانخواردن و پێکەوە خەوتن و..هتد حەڵاڵە. موسلیم. {٢٢ ویسألونك عن المحیض} ئەی پێغەمبەر سەبارەت بە تێکەڵی ژنان لەسەردەمی بێ نوێژیی وحەیزیاندا لێت دەپرسن؟ {قل هو أذی} پێیان بڵێ: ئەو خوێنە شتێکی زیانگاویی و قیزەونەو هەرکەسێك لێی نزیك ببێتەوە تووشی عەزیەت وئازار دەبێ {فاعتزلوا النساء فی المحیض} جا کەوابوو ئێوەیش لەماوەی بێ نوێژییاندا لێیان وەدووربن وتێکەڵی سەرجێیان مەکەن {ولا تقربوهن حتی یطهرن} وە نابێ نزیکیان ببنەوەو بچنەلایان، هەتا پاك دەبنەوە {فإذا تطهرن فأتوهن} جاکە پاکیش بوونەوەو خۆشیان شوشت، ئەوجا دەتوانن بۆیان بچن و تێکەڵاوییان لەگەڵ بکەن {من حیث أمرکم الله} لەو جێیەوە خوا رێی پێداون، واتە: لە پێشەوە {إن الله یحب التوابین ویحب المتطهرین} بەراستیی خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە لە گوناه پەشیمان دەبنەوەو، خۆیان بەپاك وخاوێن رادەگرن، تەبیعەت پاکن لەکاتی حەیزدا، لەپاشەوەی قەدەغەکراو ناچنە لای ژنەکانیان.

وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِيٓ أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأٓخِرِۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوٓاْ إِصْلَٰحًاۚ وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِي عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (البقرة ٢٢٨)

عیددەی ژنی تەڵاقدراو: {والمطلقات یتربصن بأنفسهن ثلاثة قروء} ئەو ژنانەی - پاش چوونە لایان- تەڵاق دران، تا سێ پاکیی دەبێ خۆیان بگرن ومێرد نەکەنەوە. (قورء) لەسەر قسەی ئیمامی شافیعی و ئیمامی مالیك پاکیە، یان دەڵێن: تا سێ حەیز دەبینن ئەگەر خاوەن حەیز بوون لەسەر وتەی (ئەبو حەنیفە) و ئیمامی (ئەحمەد) دەبێ دانیشن، لەپاشان ئارەزووی خۆیانە شوو بکەنەوە، یان نا {ولا یحل لهن أن یکتمن ما خلق الله فی أرحامهن} بۆ ئەو ژنە

تەڵاقدراوانە رەوا نییە ئەوەی خوا خستوویەتە منداڵدانیانەوە بیشارنەوە، واتە: ئەگەر سکیان پڕبوو، وەیان لەحەیزدا بوون، نابێ کیتمانی بکەن، بەڵکو دەبێ هەر راستییەکەی بڵێن {إن كن يؤمن بالله واليوم الآخر} ئەگەر باوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە دەبێ کیتمانی هەق نەکەن {وبعولتهن أحق بردهن في ذلك} مێردەکانیان 'لە پیاوانی تر' خاوەن هەق ترن بۆ دیسان گەڕانەوە لایان، لەماوەی عیدەدا، تا ئەوە کە شوو بە یەکێکی تر بکەن {إن أرادوا إصلاحا} ئەگەر لەو ماوەیەدا بیانەوێ 'ئاشتیی بکەن و' کاروباری خۆیان رێك وپێك بکەن، دیارە هەقی گەڕانەوە، بۆ تەڵاقێکە، کە مافی گەڕانەوەی تێدا هەبێ {ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف} ژنان هەرچۆنێ ئەرکی ژنانەیان لەسەرە، مافی رەوای خۆشیان لەسەر پیاوان بەشێوەیەکی پەسەندی کۆمەڵگەی ئیسلامیی هەیە، واتە: دەبێ هەردوولا مافەکانی یەکتر بپارێزن و، کەسێکیان ستەم لەویتریان نەکات، ئەگەر پیاوان لەسەریان بێت مارەییان بدەن و، ژیان و ژیواری باشیان بۆ پەیداکەن و، قەتیش ئەزیەت وئازاریان نەدەن، هەروایش دەبێ ژنان ریعایەتی حاڵ و ژیانی مێردەکانیان بکەن و، ڕووخۆش و، ڕوو گەشبن لەتەکیانداو، زیادەرەوو(موسریف) نەبن لەهیچ کارێکیاندا {وللرجال عليهن درجة} زیاد لەمەیش پیاوان پلەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە. (سەید قوتب) ئەڵێ: ئەو پلە زیادەیە کە بۆ پیاوان هەیە ئەوەیە کە دەتوانێ دوای تەڵاقدان ژنەکە بگێڕێتەوە ژێر رکێفی خۆی، بەڵام ئافرەتەکە ناتوانێ ئەو کارە بکات، ئەگەرچی هەندێ لەزانایان دەڵێن ئەوپلەیە هەرئەو(قەووامە)یە کەلە سوورەتی (نیساء)دا باسکراوە، خۆئەگەر' گریمان' ئەمەیش بێت، دیارە کە ئەوپلەیە پلەی (تەکلیف)ـە نەك (تەشریف)، لەئایەتی (٥٩)ی (نەحل)یشدا هەرلەم بابەتە شتێك نووسراوە، {والله عزيز حكيم} وەخواش دەسەڵاتدارو زاڵە، لەکارزان و کار بەجێیە. چونکە مافی بە ژنان بەخشیی، پاش ئەوەی کە وەك کوتاڵ و کەل

و پەل سەیر ئەکران!!

ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَأۡخُذُواْ مِمَّآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ شَيۡـًٔا إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِۖ فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَا فِيمَا ٱفۡتَدَتۡ بِهِۦۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعۡتَدُوهَاۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (البقرة ٢٢٩)

تەڵاق سیانەو، ژن دوو کەڕەت دەهێنرێتەوە: {الطلاق مرتان} ئەو تەڵاقە کەمێرد بتوانێ تێیدا ژنەکەی بگێڕێتەوە بۆلای خۆی تەنها دووکەڕەتە {فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان} ئینجا دوایی (بۆ سێیەم جار) یائەبێ بەیاسایەکی چاك و قەشەنگ و، بە گوزەرانێکی پەسەند رابگیردرێ و، ئیتر تەڵاق بەدەمیا نەیەت، یان بەشێوەیەکی باش و بێهەرا دەس لێك بەردانە واتە: لەهیچ حاڵێکا نابێ ستەمی لێ بکات و بەخراپە ناوی بەرێت، کەوابوو تەڵاق سێ کەڕەتە، کەڕەتی یەکەم، ئەگەر هێمان ژنەکە لەماوەی عیددەدا بوو، ئەوەبێ نیکاحی تازە پیاوەکە ئەتوانێ بگێڕێتەوە لایخۆی ، کەڕەتی دووەمیش هەر بەوشێوەیە، ئەوجا بۆکەرەتی سێ یەم: یا ئەبێ بەرێکوپێکی لای خۆی رایبگرێ، جارێکی تر تەڵاق نەخوا، وەیادەبێ بەچاکی و بێهەرا تەڵاقی بداو، هیچ ستەمێکی لێنەکات {ولا يحل لكم أن تأخذوا مما آتيتموهن شيئا} وە بۆتان رەوا نییە ’ئەی مێردەکان‘ کە لەو مارەییە بە ژنانەکانتان داوە هیچ شتێکیان لێ وەربگرنەوە’لە بەرامبەر تەڵاقەکەیانەوە‘ {إلا أن يخافا ألا يقيما حدودالله} مەگەر ئەوکاتە ژن وپیاوەکە بترسن کەنەتوانن سنوورەکانی خوا بەباشی ڕاگرن {فإن خفتم الأ يقيما حدودالله} خۆئەگەر ترستان هەبوو‘ ئەی قازییەکان:‘ کەئەو ژن وپیاوە سنوورەکانی خوا راناگرن، هەمیشە هەراو کێشەیانە {فلا جناح عليهما فيما افتدت به} لەحاڵی ئاوادا هیچ گوناهێکیان ناگات، کە ژنەکە دەس لەمارەییەکەی خۆی هەڵبگرێ لە بەرامبەر تەڵاقەوەو، بەوە خۆی بگرێتەوە، واتە:‘ هەرکات

گەیشتنە پلەی پێکەوە نەژیان، ژنەکە ئەتوانێ شتێك لەمارەیەکەی بدا، یان هەمووی بەمێردەکەی و تەڵاقی لێوەرگرێ، وخۆی رزگاربکا. ئەمەیە کە لەشەریعەتی ئیسلامدا پێی ئەڵێن (خولع- خۆداماڵێنن لەدەس پیاوی ناچیزە) {تلك حدود الله فلا تعتدوها} ئەم تەڵاقدان و گێرانەوەی ژن بۆ ژێر رکێفی مێردو، یان خولع کردن لەگەڵیان.. هتد. گشت سنوورو یاسای خوان، کەوابوو لێیان دەر مەچن {ومن يتعد حدودالله فأولئك هم الظالمون} ئەوانەش کە لەسنوورەکانی خوا تێدەپەڕن ستەمکارن، بەڵێ لەسەردەمی جاهیلیەتا، بگرە تا دەمێکیش لەسەرهەڵدانی ئیسلاما تەڵاقدان سنوورێکی نەبوو، پیاوی واهەبوو دەجارو بیست جار ژنەکەی خۆی تەڵاق ئەداو ئەیگێڕایەوە بۆنیکاحی خۆی، تا ژنێ لەوانە سکاڵای بردە لای خاتوو عایشە (رەزای خوای لەسەر بێت)، ئەویش بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە، ئەوجا ئەم ئایەتەی: (الطلاق مرتان..)ی هات. لەم ئایەتەوە وەرگیرا کە سێ تەڵاقە بەیەك کەرەت، وەك بڵێ: (أنت طالق ثلاثا) حەرامەو بیدعەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا جەماوەری زانایان سێ تەڵاقەکە بەیەك کەڕەت دەخەن، ئەوسا ئەگەر ژنانێك لەگەڵ پیاوەکەی خۆیدا پێکەوە نەدەگونجان، بۆ چارەسەری ئەمە لەفیقهی ئیسلامییدا بەناوی (خولع) ەوە هاتووە: کە ژنەکە دەتوانێ بەمارەییەکەی خۆی ئازاد بکا، لەوحاڵەتە گرژیی و ئاڵۆزییە کەلەگەڵ مێردەکەی دروستی کردووە، شیاوی باسە دەبێ ئەوەیش بزانین قسەی راست ئەوەیەکە (خولع) بەمانای تەڵاقەو، ژمارەی تەڵاقی پێ کەم ئەبێتەوە. بەڵام ئاخۆ پیاو دەتوانێ زیاد لەوە وەختی خۆی کردوویەتی بەمارەیی ژنەکەی ئێستا لەبەرامبەر تەڵاقەکەیەوە لێی بسێنێ؟ بۆئەمە حەنەفییەکان ئەڵێن: ئەگەر تەڵاقەکە بەهۆی ناچێزەیی ئافرەتەکەوە بوو، ئەوە پیاوەکە کاتی خۆی چەندەی داوە بەمارەیی ژنەکەی ئێستاش لێ وەربگرێتەوە، خۆ ئەگەر تاوان تاوانی پیاوەکە بوو، ئەوا نابێ لەباتی تەڵاقەکە هیچ شتێکی لێوەرگرێ،

بەڵکو دەبێ بەخۆرایی تەڵاقی بدات، دیارە ئەم یاسای(خولع)ـە بنەماو چارەسەرێکی زۆر باشە بۆ خۆ رزگارکردنی ژنان لەدەس پیاوان.

فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِۗ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ(البقرة ٢٣٠)

دوای سێ تەڵاقە ژنەکەی بۆ حەڵاڵ نییە، مەر شوویەکی تر بکاو تەڵاق بدرێ: {فإن طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره} ئینجا ئەگەر لەدوای ئەم دوو جارەش، بۆجاری سێیەم ژنەکەی تەڵاقدا، ئەوە ئیتر جارێکی تر ئەو ژنەی بۆحەڵاڵ نابێ تادەچێ شوو بە پیاوێکی تر دەکاو لەگەڵیشی دەس تێکەڵ دەکاو٬ ئەوسا بە ئارەزووی خۆیشی تەڵاقی دەدات، یان دەمرێ، ئەوجا ئیتر ئەمیش دەتوانێ-پاش عیددە- مارەی بکاتەوە. هەر ئەمەیە٬تەحلیل٬ی شەرعیی کەلە قورئاندا هاتووە، ئیتر بێجگە لەمە بەهەر جۆرو شێوەیەکی تر ئەم مەسەلەیە دەسکاری بکرێ؛ ئەوە پێغەمبەر بە٬ التيس المستعار ٬ سابرینی خوازراو، ناوی بردووە و دەشفەرموێ: (لعن الله المحلل والمحلل له)مسند ألإمام احمد ١/ ٤٥٠-٤٥١.واتە: نەحلەتی خوا لەهەردوو پیاوەکە-مێردی یەکەم و دووەم- کەوابوو جگە لەمە کە ئایەتەکە خۆی دیاریکردووە گشت جۆرێکی تر، ناشەرعیی و ناپەسەندەو حیلەو فرت و فێڵە، بۆیە ئەفەرموێ: {فإن طلقها فلاجناح عليهما أن يتراجعا إن ظنا أن يقيما حدودالله} خۆ ئەگەر ئەو مێردەی دووەمەیش ٬بەئارەزووی خۆی٬ تەڵاقی دا ئەوساکە ئەوژن و پیاوە هیچ گوناهیان لەسەر نییە دووبارە بگەڕێنەوە لای یەکتر بۆ ژیانی ژن و مێردی، بەو مەرجەی کە وابزانن هەردووکیان دەتوانن سنوورەکانی خوا راگرن و٬بەیەکەوە بژین٬ {وتلك حدودالله يبينها لقوم يعلمون} ئەم یاسایانە گشت سنووری خوان و، روونیان دەکاتەوە بۆئەو کەسانە بیر لەپاشەڕۆژی کارەکانیان دەکەنەوە. جاکەوابوو

ژنی پاکتاوو سێ بەسێ کراو بەدوو مەرج نەبێ بۆ مێردەکەی حەڵاڵ نابێتەوە، یەکەم: بەشێوەیەکی شەرعی مارە بکرێ لەپیاوێکی ترو دەسیشی لەگەڵ تێکەڵ بکا، ئەوسا یا بەئارەزووی خۆی تەلاقی بدا، یان بمرێ. دووەم: ئەبێ هەردوولا 'ژن و پیاوەکە' یەقینیان هەبێت پاش گەڕانەوەکە دەتوانن پێکەوە بژین و ئەو حاڵەتەی پێشوو دووبارە نەبێتەوە.

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍۚ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا۟ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥۚ وَلَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوًاۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيْكُم مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْحِكْمَةِ يَعِظُكُم بِهِۦۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ (البقرة ٢٣١)

لەگەڵ ژنی تەڵاقدراودا جوامێر بن: {وإذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن} ئەگەر ژنانتان تەڵاقداو ماوەی حەیەو چاوەروانیان تەواوبوو، واتە: هێمان دەرفەتیان هەبوو بگەڕێنەوە لاتان {فأمسكوهن بمعروف أو سرحوهن بمعروف} ئەوسا ئێوەش یان بەشێوەیەکی چاك و جوامێرانە رایانگرن وبیانهێننەوە لایخۆتان وپێکەوە بژین، یان بەچاکی وشێوەیەکی جوان دەستیان لێ هەڵبگرن و تەڵاقیان بدەن، بەڵام وریابن مافیان نەخۆن {ولا تمسكوهن ضرارا لتعتدوا} ئیتر نابێ رایان بگرن و بەقەستی ئازاریان بدەن ، تا ناچاریان بکەن لەبەرامبەر تەڵاق دانیانەوە مارەیی کەیانتان پێبدەن {ومن يفعل ذلك فقد ظلم نفسه} و هەرکەسێك کاری وابکات، بێگومان ستەم و ناهەقیی لەخۆی کردووە {ولا تتخذوا آيات الله هزوا} گشت ئەوانە نیشانەو سنووری خوان، نابێ ئێوەش بەلاقرتیی و گاڵتەوە بیانگرن {واذكروا نعمة الله عليكم} وەئەو نیعمەت و بەخششەی خوایە وەبیربێنن کە: پێغەمبەری بۆ ناردن ورێگای راستی نیشاندان و ئامۆژگاری کردن {وما أنزل عليكم من الحكمة} هەروا ئەو کتێب و نامەو حیکمەتەش کە دایبەزاندە خوارەوە بۆتان {يعظكم به} و ئامۆژگاریتان پێیدەکات، وەبیر بێنن و سوپاسیشی

لەسەر بکەن {واتقوا الله واعلموا أن الله بكل شئ عليم} ئەشێ لەخوا بترسن و چاکیش بزانن کەبەراستیی خوا بە هەمو شتێك زاناو بەئاگایە. لەم ئایەتەدا وەرگیراوە کە: پیاوی تەڵاقدەر بۆی حەڵاڵ نیە ژنەکەی بهێنێتەوە لای خۆی و ئازارو دەردەسەری بدا، تا ناچاری بکا دەس لەمارەییەکەی هەڵبگرێ و تەڵاقی بەخۆرایی لێوەربگرێ، هەروەك سووکایەتی کردن بەئایەت و حوکمەکانی خواو تێنەپەڕاندنیان کارێکی حەرام و کوفرە.

وَٱلۡوَٰلِدَٰتُ يُرۡضِعۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ حَوۡلَيۡنِ كَامِلَيۡنِۖ لِمَنۡ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَۚ وَعَلَى ٱلۡمَوۡلُودِ لَهُۥ رِزۡقُهُنَّ وَكِسۡوَتُهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ لَا تُكَلَّفُ نَفۡسٌ إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةُۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوۡلُودٞ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦۚ وَعَلَى ٱلۡوَارِثِ مِثۡلُ ذَٰلِكَۗ فَإِنۡ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٖ مِّنۡهُمَا وَتَشَاوُرٖ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَاۗ وَإِنۡ أَرَدتُّمۡ أَن تَسۡتَرۡضِعُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُمۡ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ إِذَا سَلَّمۡتُم مَّآ ءَاتَيۡتُم بِٱلۡمَعۡرُوفِۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ (البقرة ٢٣٣)

دەبێ تەنها دوو ساڵ شیر بە منداڵ بدرێت: {والوالدات يرضعن أولادهن حولين كاملين} دایکان تادوو ساڵی تەواو دەتوانن شیر بەمناڵەکانیان بدەن، واتە: نابێ لەدووساڵ تێپەڕێ، خۆ ئەگەر لەوماوەیە کەمتر بێت قەیناکات، چونکە دەتوانن ئەویش بەپێی باوونەریتی ناوچەکەو بەرژەوەندی خۆیان رەچاو بکەن {لمن أراد أن يتم الرضاعة} ئەو دووساڵەیش بۆ کەسێکە کە بیەوێ دەورانی شیرپێدان تەواو بکات؛ ئەگینا دووساڵ شیرپێدان پێویست نییە بەڵێ لەسەر باوك پێویستە شیردەرێك بۆ منداڵەکەی پەیدا بکات، ئیتر دایکی مناڵەکە خۆی بێ، وەیان هەر ژنێکی تر بێ، دیارە هەر دایکەکەی خۆی چاکترە هەرچەندە تەڵاقیش درابێت' {وعلى المولود له رزقهن وكسوتهن بالمعروف} لەوماوەدا ئازووقەو جلك و پۆشاکی ئەودایکە شیردەرەیە 'تەڵاق درابێ یانە' لەسەر باوکی منداڵەکەیە، دەبێ بەشێوەیەکی جوان و بەپێی باوی موسڵمانانی ئەوشوێنە ئەنجام بدرێت {لاتكلف نفس إلا وسعها} دیارە هیچ کەسێك بەدەر لەتوانا خۆی

تەکلیف وداوای لێ ناکرێ ؟ چونکە {لا تضار والدة بولدها} هیچ دایکێك لەبەر دژایەتی کردن لەگەڵ باوکی ئەو منداڵەدا مافی زیان گەیاندنی بەمناڵەکەی نیە' واتە: مناڵەکەی لێ بسەنرێتەوە، یان ئازووقەی کەمی بدرێتێ' {ولا مولود له بولده} هەروا خاوەنی مناڵەکەیش، واتە (باوکی منداڵەکە) نابێ زیانی پێ بگات {وعلى الوارث مثل ذلك} ئەگەر منداڵ باوکی نەبوو لەسەر میرات بەرەکەی پێویستە جلك و بژێوی دایکەکەی فەراهەم کەن، هەرچۆنێ لەسەر باوکەکە پێویست بوو {فإن أرادا فصالا عن تراض منهما وتشاور} خۆ ئەگەر دایك وباوك 'هەردوو' بەرەزامەندی و راوێژ لەگەڵ یەکتر ویستیان زووتر مناڵ لەشیر بگرنەوە {فلاجناح عليهما} ئەوە هیچ گوناهێکیان ناگات بەڵام، یەکێکیان 'بەتەنها'بۆی نییە بڕیاری بڕانەوەی بدات {وإن أردتم أن تسترضعوا أولادكم} خۆ ئەگەر ویستان دایەن شیر بداتە منداڵەکانتان لەبەرئەوە کە خۆی شیری نەبوو، یان هەر شیری پێ نەئەدا، وەیان لەبەر هەر هۆیەکی تربێ {فلا جناح عليكم إذا سلمتم ما آتيتم بالمعروف} بەمەرجێك بەپێی دابی رۆژ کرێیان بدەنێ، هیچ گوناهێکتان ناگات {واتقوا الله واعلموا أن الله بما تعملون بصير} دەبێ لە نافەرمانی خوا شەرم بکەن و پارێزتان هەبێ و یاساکانی ئەو پشتگوێ نەخەن، وەچاکیش بزانن کە بێگومان خوا بەگشت کردەوەکانتان بینایەو، هیچی لێ ون نابێت. رێنمایی یەکانی ئەم ئایەتە: ١) لەسەر گشت دایکێك- ئەگەرچی تەڵاق دراویش بێ- پێویستە مناڵەکەی گۆش بکا، ئەوجا ئەگەر ویستی تەسلیمی خاوەنەکەی بکاتەوە. ٢) لای سەرووی ماوەی شیرپێدان ، دووساڵی رەبەقە، بەبەڵگەی فەرموودەی: (لا رضاع بعد فصال، ولا يتم بعد احتلام) ئەبووداود. وە بەپێی فەرموودەی (لا يحرم من الرضاع إلا ماكان من الحولين) بوخاریی. ٣) وەرگرتنی کرێ ومزە بۆشیرپێدان، حەڵاڵ و رەوایە. ٤) خزمانی نزیك -لە حاڵی هەژارییدا- نەفەقەیان لەسەر یەکترە. ٥- باوك ، یامیراتگریی باوك، دەتوانن

دایەن بۆ منداڵەکە بگرن. ئەگەر بەرژەوەندی کۆرپەلەو ساواکەی تێدابوو.

وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوۡنَ مِنكُمۡ وَيَذَرُونَ أَزۡوَٰجٗا يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرۡبَعَةَ أَشۡهُرٖ وَعَشۡرٗاۖ فَإِذَا بَلَغۡنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِيمَا فَعَلۡنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ (البقرة ٢٣٤)

ژنی شوو مردوو، دەبێ چوار مانگ و دە رۆژ چاوەروان بێت: {والذین یتوفون منكم} ئەوپیاوانەی لێتان ئەمرن {ویذرون أزواجا} و ژنەکانیان بەجێ دێڵن، ئیتر لەگەڵیاندا خەوتبن، یان نا {یتربصن بأنفسهن أربعة أشهر وعشرا} ئەبێ -ئەو ژنانە- چوار مانگ ودەشەو چاوەڕوابن، ' لەوماوەیەشدا تەنانەت نابێ خۆشیان ئاراییش بدەن، واتە: وەك ژنێك خەیاڵی مێردکردنی هەبێ خۆ نیشان نەدەن {فإذا بلغن أجلهن} ئینجا هەرکە گەیشتنە کۆتا ماوەیان و عیدەیان بڕایەوە {فلا جناح علیكم فیما فعلن فی أنفسهن بالمعروف} لەوە بەولاوە ئیتر هەرکارێکی پەسەندو شەرعیی بەخۆ بکەن ، قەیناکاو گوناحێ بۆ ئێوە نیە ئەی خاوەن ژنەکان ! ئەی کۆمەڵی موسڵمانان! واتە: ئەگەر 'پاش ئەوە' بە پێی یاسای ئیسلام و باوی وڵات' خۆیان نیشان بدەن و خۆ بڕازێننەوەو خۆ ئامادە بکەن بۆ شووکردن قەیناکا {والله بما تعملون خبیر} خۆ ئێوەش هەرکارێ بکەن، خوا پێی ئاگایە. رێنمایی ئەم ئایەتەی (٢٣٤): ١- ژنی مێرد مردوو، دەبێ چوار مانگ و دەرۆژی هیجری قەمەریی چاوەڕوان بێ وعیددەی خۆی رابگرێ . ٢- ئەگەر ژنێك مێردەکەی نادیارو(مفقود) بوو، ئاخۆ بۆ راگرتنی ماوەی عیددەکەی هەر لەو رۆژەوە کە مردووە عیدەی خۆی دەژمێرێ، یا لەو رۆژەوە کە هەواڵی مردنەکەی گەیشتووە؟ قسەی راست' بۆ ئەم مەسەلەیە 'ئەوەیە کە هەر لە رۆژی مردنەکەیەوە عیددەی رادەگرێ و بۆی حسێب دەکرێ. ٣- ژنانی تەڵاق دراویش؛ وەك ژنانی مێرد مردوو، دەبێ خۆ ئارایش نەدەن و خۆ نەڕازێننەوەو، لەماڵیش نەچنە دەرێ تا عیددەکەیان تەواوئەکەن.

لَّا جُنَاحَ عَلَيكُم إِن طَلَّقتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَم تَمَسُّوهُنَّ أَو تَفرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةً وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلمُوسِعِ قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلمُقتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَٰعَاْ بِٱلمَعرُوفِ حَقًّا عَلَى ٱلمُحسِنِينَ (البقرة ٢٣٦)

تەڵاقدانی ژنان بەر لەنووستن لەگەڵیاندا : {لا جناح علیکم إن طلقتم النساء} ئەگەر لەگەڵ ژنەکانتاندا نەگونجان و تەڵاقتاندان، گوناحێکتان ناگات {ما لم تمسوهن أو تفرضوا لهن فریضة} پێش ئەوە نزیکیتان لەگەڵ کردبن و مارەیەکتان بۆ دیاریکردبن ، واتە: تەڵاقدانی ژن ’پێش چوونەلایی و، پێش دیاریکردنی مارەیی بۆی، گوناهی نیەو هیچیشیان ناکەوێ {ومتعوهن} دەبێ لەماڵی خۆتان یارمەتیەکیان بدەنێ {علی الموسع قدره وعلی المقتر قدره} لەوەشدا دەستدار بە پێی توانای خۆیی و، هەژارو دەسکورتیش، هەر بەئەندازەی توانای خۆی {متاعا بالمعروف} ئەم شتەش شیاوو خوا پەسەند بێ و بەپێی باوی موسڵمانانی ناوچە {حقا علی المحسنین} لەسەر چاکەکاران مافێکی پێویستە. بەڵێ ئەم موتعەیە بۆ هەرژنێك پێش گواستنەوە تەڵاق بدرێ، واجیب و پێویستە، بەڵام بۆ ژنانی تەڵاقدراوی پاش گواستنەوە سوونەتە. ڕێنمایی ئایەتی (٢٣٦): ١- ژنانی تەڵاقدراو پێش نزیکی لەگەڵ کردنیان و، پێشدانانی مارەیی بۆیان (موتعە)یان بۆ واجیبەو دیاریکردنی ڕیژەکەشی بەپێی بوون و؛ نەبوونی تەڵاقدەرەکەیە. ٢- ئەگەر ئافرەتێکی ئاوای بێمارە، مێردەکەی بمرێ، ئایا (مهرالمثل)ی بۆدادەنرێ، یان تەنیا میرات دەباو عیددە رادەگرێ ؟ لەوەڵاما دەڵێین: ئەگەر بەپێی (قیاس) بێت مارەیی بۆ دانانرێ، بەڵام ئیمامی (تیرمیزی) فەرموودەیەکی هێناوە سەبارەت بە دانانی مارەیی بۆئەو جۆرە ژنانە کە: (مهر المثل)یان بۆدادەنرێت.

وَإِن طَلَّقتُمُوهُنَّ مِن قَبلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَد فَرَضتُم لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصفُ مَا فَرَضتُم إِلَّآ أَن يَعفُونَ أَو يَعفُوَاْ ٱلَّذِي بِيَدِهِۦ عُقدَةُ ٱلنِّكَاحِ وَأَن تَعفُوٓاْ أَقرَبُ لِلتَّقوَىٰ وَلَا تَنسَوُاْ ٱلفَضلَ بَينَكُم إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعمَلُونَ بَصِيرٌ (البقرة ٢٣٧)

ژن بەر لە نوستن تەڵاق بدرێت، نیوەی مارەیی دەبا: لەم چەند ئایەتەدا خوای کارزان باسی ئەو ژنانە دەکات کەبەر لەسەر جێیی لەگەڵ کردن تەڵاق دەدرێن: {وأن طلقتموهن من قبل أن تمسوهن} ئەگەر ئێوە پێش چوونە لای ژنەکانتان، تەڵاقتاندان {وقد فرضتم لهن فريضة} و مارەییشتان بۆ دیاری کردبوون {فنصف ما فرضتم} دیارە نیوەی ئەومارەیی یەیان دەکەوێ بۆتان دیاری کردوون، شیاوی باسیشە ئەگەر لەم حاڵەتەدا مێردەکە پێش ژنەکەی مرد، ئەوا ژنەکە تەواوی مارەیی یەکەی ئەبات، خۆ ئەگەر ژنەکە پێش مێردەکەی مرد، دیسانەوە هەر تەواوی مارەیی یەکە ئەڕوات بۆمیرات بەرانی ژنەکە {إلا أن يعفون أو يعفو الذى بيده عقدة النكاح} مەگەر ژنەکان خۆیان چاوپۆشیتان لێبکەن ومافی خۆیانتان پێببەخشن، یان ئەوکەسە گرێدانی مارەکردنەکەی بەدەستە چاوپۆشی بکات، واتە: مەگەر ژنەکە خۆی بڵێ: هیچم ناوێ لێی، یان مێردەکە گشتی مارەییەکەی بداتێ. (تەبەریی) دەڵێت: ئەو کەسەی مارەکردنەکەی بەدەستە مێردەکە دەگرێتەوە، هەندێکیش دەڵێن نەخێر مێردەکە ناگرێتەوە، بەڵکو مەبەست پێی سەرپەرشتیارو (وەلیی) ژنەکەیە. {وأن تعفوا أقرب للتقوى} خۆ ئەگەر ئێوە (ئەی پیاوان) ژنان ببوورن و، هەموو مارەییەکەیان بدەنێ، وەیان ئێوە ئەی ژنان! دەست لەنیوەکەی خۆتان هەڵبگرن و هیچ لەپیاوەکەتان نەسێنن، بێ شك هەردوو بارەکە پەسەندەو بە ئاکاری تەقوادارانەوە نزیکترە {ولا تنسوا الفضل بينكم} ناشبێ لێبووردوویی و کارچاکی و پیاوەتی نێوانتان لەبیربکەن، واتە: ئەگەر کەسێك ژنێکی تەڵاقدا، با ڕابردووی ژنەکەو ماڵی خەزوورانی لەبیر نەچێتەوە، بەجۆرێ کارەکانی ئەنجام بدات، ریعایەتیان بکات {إن الله بما تعملون بصير} بێگومان خوا بینایە بەهەرکارێ ئێوە دەیکەن.

ڕێنمایی ئایەتی (٢٣٧): ١- ژنێکی مارەیی دیاریی بۆ کراوو تەڵاق دراوی پێش لەگەڵ نوستووو ، نیوەی مارەییەکەی دەکەوێ، مەگەر ژنەکە خۆی لێیدابەزێ

و نەیەویَ ، هەروەك پیاوەكەش بە رەزامەندی خۆی دەتوانیَ دەس لە نیوەكەی خۆی هەڵبگریَ و ببیبەخشیَ بەژنەكە. ٢- هێشتنەوەی ئاكاری چاك وپیاوەتی لە نێوان هەردوو خێزانەكەدا (كەس وكاری ژنە تەڵاق دراوەكەو، پیاوە تەڵاق دەرەكە) كارێكی پێویستە. بە كورتیی و پوختە: بۆ ژنانی تەڵاقدراو چوار حاڵەت هەیە: یەكەم: لەگەڵ نەنووستوو مارەیی دیاریی بۆ نەكراو ، ئەم جۆرەیان (موتعە) یان دەكەویَ و، عیدەیان لەسەر نیە، دووەم: ژنێك بەرلە دەست تێكەڵكردن لەگەڵیاو، دوای دیاریكردنی مارەیی بۆی ، تەڵاق بدریَ، نیوەی مارەییەكەی دەبا (مەگەر مێردەكەی ئەو نیوەكەشی بۆ زیادبكا) عیددەشی لەسەر نیە، سێیەم: تەڵاق دراویی لەگەڵ نوستووو، مارە بۆ دیارییكراو، هەموو مارەییەكەی دەباو، عیدەشی دەكەوێتە سەر. چوارەم: تەڵاقدراویی لەگەڵ جووت بووی بێ مارەیی، دیارە ئەمەش (مهر المثل) ی دەكەویَ و، دەبیَ عیدەش رابگریَ.
ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِي يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ مِنَ ٱلۡمَسِّۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡبَيۡعُ مِثۡلُ ٱلرِّبَوٰاْۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلۡبَيۡعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْۚ فَمَن جَآءَهُۥ مَوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمۡرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۖ وَمَنۡ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ (البقرة ٢٧٥)
حاڵیی سوود خۆرەكان : {الذين يأكلون الربا لا يقومون} ئەوكەسانە سوود ئەخۆن، (دینارێك بە دوودینار ، یان بە زیاتر دەدەن) كە لە گۆڕ دەنرێن پاشان زیندوو ئەكرێنەوەو راست دەبنەوە {إلا كما يقوم الذي يتخبطه الشيطان من المس} وا راست دەبنەوە هەر دەڵێی شەیاتینی دەستی لیَ وەشاندوون. عەرەبەكان بە مرۆڤی پەركەمداروو فێداریان دەگوت: جنۆكە دەستی لیَ وەشاندووە، ئەوجا قورئانی پیرۆزیش لەسەر زمانی ئەوان هات، بەكورتیی: پیاوی سوود خۆر لە رۆژی قیامەتدا وەكو مرۆڤی پەتەڕیی و شێتی لێدیَ {ذلك بأنهم قالوا إنما البيع مثل الربا} چونكە لە دونیادا دەیانگوت: مامەڵەو كڕین و فرۆشتنیش، هەر وەكو

مامەڵەکردن بە سوود وایە' واتە هەردوکیان بەلای ئەوانەوە یەکسانن،' چونکە ئەوان باوەڕیان بەحەرام وحەڵاڵ نییە؟ {وأحل الله البيع وحرم الربا} خۆ خواش کڕین و فرۆشتنی ڕێداوەو؛ سوود خۆریشیی حەرام و یاساغکردووە. {فمن جاءه موعظة من ربه فأنتهى} ئینجا هەر کەسێك ئامۆژگاری پەروەردگاری بۆهات و بەگوێشی کردو وازی لە سوود خواردن هێنا {فله ما سلف وامره إلى الله} ئیتر ئێستا لە سوودێ کە لەبەرا خواردوویەتی، چاوپۆشی ئەکرێ چونکە ئەوە پێش یاساغبوونی ریبا بووە، لەمەودوایش حەواڵەی لای خوا دەکرێ، ئەویش بۆی هەیە لێی خۆش ببێ {ومن عاد فأولئك أصحاب النار} هەرکەسیش- پاش ئەم بڕیارە- گەڕایەوە بۆ سوود خواردن، دەبنە یارو هاوڕێی ئاگر {هم فيها خالدون} بە هەتا هەتاییش تێیدا ئەمێننەوە چونکە ڕیبایان بەحەڵاڵ زانیوەو بەوەش کافر بوون.

يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ (البقرة ٢٧٦)

خوا فەڕو پیت لە ماڵی سووددارددا هەڵ دەگرێ: {يمحق الله الربا ويربي الصدقات} خوا فەڕ وپیتی سوود خۆری ناهێڵێ ، واتە: هەر دارایيەك ریبای تێدا بێت، دەرەنجام هەر تیا دەچێت، بەڵام خێرو خێراتی ماڵ و سامانی سەدەقە، خوا بەفەزڵی خۆی زیادی ئەکات وپیتی تێدەخات بۆ خاوەنەکەی {والله لا يحب كل كفار أثيم} بەراستی خوا هەموو کافرو بێ باوەڕێکی دڵڕەق و گوناحکاری خۆش ناوێ، واتە: ئەوانەی سوود خۆری دەکەن و بەحەڵاڵیشی دەزانن، خوا نەناس و دڵرەق و بێ میهرەبانن بەرامبەر بەخەڵکانی هەژارو پەککەوتە، ئەگینە چۆن بە جوامێرانەوە مەردانە قەرزیان نادەنێ و، دەچن (فائیدە)و قازانجێك دەخەنە سەریان؟

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ (البقرة ٢٧٧)

إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات} بەراستیی ئەو کەسانە کە باوەڕیان هێناو، ئاکاری چاکیان کرد {وأقاموا الصلاة وآتوا الزکاة} و نوێژەکانیان بەهۆش و گۆشەوە ئەنجامداو زەکاتیشیان بە خەڵکانی شیاو بەخشی {لهم أجرهم عند ربهم} پاداشیان وا بەلای پەروەردگاریانەوە {ولا خوف علیهم ولاهم یحزنون} نەهیچ ترسیان ئەبێ لە دوارۆژدا، نە خەفەتبارو دڵگرانیش ئەبن بۆ دونیایان. رێنمایی ئایەتی (٢٧٥-٢٧٧): ١- تۆڵەی سوود خۆر لە رۆژی قیامەتدا -ئەگەر تەوبە نەکا- مسۆگەرە. ٢- سوود بەبەڵگەی ئایەتەکەو چەندین فەرموودەی سەحیح و دروست، حەرامە. ٣- بەیع وکڕین و فرۆشتن -بە مەرجەکانیەوە- حەڵاڵە. ٤- هەڕەشەی سەختی خوا بۆ کەمکردنەوەو لە ناوبردنی ماڵی سوود دار، بەڵێنیشی بۆ زیاد کردنی ماڵی سەدەقەو پیت تێخستنی.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (البقرة ٢٧٨)

لەپاشماوەی سوود وازبێنن: {یا أیها الذین آمنوا اتقوا الله وذروا ما بقي من الربا} ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! دەبێ بە تەواوی ملکچی فەرمان و، قەدەغە کراوەکانی خوابن، و لە گشت سنوورەکانی پارێز بکەن و، لە پاشماوەی سوودەکەشتان-کە بەلای ئەم وئەوەوەیە واز بێنن و، داوای مەکەن {إن کنتم مؤمنین} ئەگەر باوەڕداری راستەقینەن، دەبێ گوێرایەڵی تەواوی فەرمودەکانی خوابن و، لەو سوودەش بێدەنگ بن.

فَإِن لَّمۡ تَفۡعَلُواْ فَأۡذَنُواْ بِحَرۡبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَإِن تُبۡتُمۡ فَلَكُمۡ رُءُوسُ أَمۡوَٰلِكُمۡ لَا تَظۡلِمُونَ وَلَا تُظۡلَمُونَ (البقرة ٢٧٩)

فإن لم تفعلوا} خۆ ئەگەر واتان نەکرد و، دەستتان لە سوود خۆری هەڵنەگرت، {فأذنوا بحرب من الله ورسوله} ئەوسا جەنگێکی گەورە رابگەیەنن لەگەڵ خواو پەیامبەرەکەیدا چونکە سوود خۆری دژایەتی کردنی فەرمانەکانی خواو

پێغەمبەری خوایە، واتە: سوود خواردن ئیعلانی جەنگە لەگەڵ خواو پێغەمبەردا {وإن تبتم} وە ئەگەر دەست لە سوود خۆری هەڵگرن و پەشیمان ببنەوە لێی {فلكم رؤس أموالكم لا تظلمون ولا تظلمون} سەرمایەکانی ماڵی خۆتان بە تەنهاو(بێ سوود) بسێننەوە لە قەرزارەکان، ئیتر نە ئێوە لە قەرزارەکان ستەم کەن و، واتە:، زیاد لە ماڵەکەی خۆتان وەرمەگرنەوە ، وەنە لەلایەن ئەوانیشەوە ستەمتان لێکرێ،، هەر بەو جۆرە کە کەمتر لە سەرمایەکەتان بدرێتەوە،

وَإِن كَانَ ذُو عُسۡرَةٖ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيۡسَرَةٖۚ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (البقرة ٢٨٠)

{وإن كان ذو عسرة فنظرة إلى ميسرة} ئەگەر قەرزارەکەش دەست تەنگ ونەدارابوو، دەبێ تادەسەڵات پەیدا دەکا بۆ بژاردنەوەی قەرزەکە ماوەی بدەن {وأن تصدقوا خير لكم} خۆ ئەگەر قەرزارەکەتان توانای دانەوەی نەبوو، ئێوە ئازادی بکەن وپێی ببەخشن گەلێ بۆتان باشترە {إن كنتم تعلمون} ئەگەر بزانن ئەم کارە،چ خێرو پاداشێکی گەورەی تێدایە بۆتان،سەرمایەکەشتان دەبەخشی پێیان.)

وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ (البقرة ٢٨١)

واتقوا يوما ترجعون فيه إلى الله} خەڵکینە! لە سزای رۆژێك بترسن کە هەمووتان تێیدا ئەهێنرێنەوە بۆ لای خوا {ثم توفى كل نفس ما كسبت} لە پاشان هەموو کەسێك پاداشی کارو کردەوەی خۆی بەتەواوی دێتەوە رێی {وهم لا يظلمون} ستەمیشیان لێ ناکرێ ،کەم و کورتیی لە چاکەکانیاندا ناکرێ، زیادیش لە گوناهەکانیاندا، نادرێ بەکۆڵیاندا. رێنمایی ئایەتی (٢٧٨-٢٨١): ١- تەوبەکردن لە سوود خۆری واجب و پێویستە. ٢- سوودو بازاڕی سوود خۆری، دەبێ لە لایەن (حاکم)ێکی شەرعڕەوە وێران بکرێت . (ئیبن خویزمند) ئەڵێ: ئەگەر

شارنشینێك سوود خۆرییان کردە پیشەی خۆیان و بەحەڵاڵیان دادەنا ئەوا بە (مورتەد) دادەنرێن، خۆ ئەگەر لەگەڵ ئەوەیشدا بە حەرامیان دەزانی ، هەر پێویستە رابەرو فەرماندەی موسڵمانان جەنگیان لەگەڵ بکا .(ئیبن عەباس) ئەڵێ: ئەگەر کەسێ بەردەوام خەریکی سوودخۆری بوو، پێویستە(ئیمام- رابەر) داوای تەوبەی لێبکا، جائەگەر دەستی لێهەڵگرت ئەوەباشە! ئەگینە لەملی دەدرێ. فەرمووده‌ی:(إجتنبوا السبع الموبقات.. آكل الربا) بۆسەختگیری لە سەرسوودە. ٣-(ئیبن عەباس) ئەڵێ: ئەم ئایەتەی {واتقوا یوما..} کۆتا ئایەتی قورئانە، کاتێ جبریل هێنای وتی: لە سەرەتای ئایەتی (٢٨٠)ی سوورەتی (بەقەرە)وە دای بنێن، پەیامبەریش دوای ئەوئایەتە تەنها (٢١) رۆژ، یان (٨١) رۆژ بەسەر دنیاوە ژیا.. بەهەزاران درودو سڵاوی لە سەربێت.

وَلَا تُؤۡتُواْ ٱلسُّفَهَآءَ أَمۡوَٰلَكُمُ ٱلَّتِي جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ قِيَٰمٗا وَٱرۡزُقُوهُمۡ فِيهَا وَٱكۡسُوهُمۡ وَقُولُواْ لَهُمۡ قَوۡلٗا مَّعۡرُوفٗا (النساء ٥)

ماڵ مەدەنە دەستی کەم ئاوەز: خوای دلۆڤان رێ بەمرۆڤی کەم ئاوەزو نەزان و شێت نادات کە: سامان ودارایی بدرێتە لایان و بەئارەزووی خۆیان خەرجی بکەن، بۆیە دەفەرموێ: {ولا تؤتوا السفهاء أموالكم} ماڵ و سامانی خۆتان مەدەنە دەستی جاحێڵ و نەزان خەرجەکان، ئەو هەتیوانەش کەهێشتا پێنەگەیشتوون و نەزان خەرجن، ئەر سامانێکیان هەبێ، لای خۆتان رایگرن و مەیدەنەدەستیان {التی جعل الله لکم قیاما} کە خوا کردوویە هۆی نەش و نماو ژیان و گوزەرانتان، واتە: ماڵ و سامان کە هۆی گوزەران و ژیانتانە، بەفیرۆ دایمەنێن و مەیکەنە دەستی مناڵە هەتیوو بێ باب و بێ سەرپەرست {وارزقوهم فیها واکسوهم} و رزق و رۆزیی و جلوبەرگیان بەپێی باوی ناو موسڵمانان لەو ماڵە بۆدابین بکەن {و قولوا لهم قولا معروفا} و بەقسەی پەسەندو دڵ خۆشکەر لەگەڵیان بدوێن و بڵێن: وانەزانن ئێمە سامانەکەتان دەخۆین! نەخێر، بەڵکو هەرکات ئێوە

گەورەبوون و پێگەیشتن، ماڵ ماڵی خۆتانە، لەم ئایەتەوە شەریعەتی ئیسلام یاسای (حیجر) و قەدەغەکردنی سەرف و خەرجی ماڵ و دارایی داهێنا، جا دەبێ ئەوانە کە منالن، یان شێتن، وە یان جاهیل و نەزان خەرجن، ماڵەکەیان لێبسەندرێ و، بدرێتە دەستی (وەلیی) و چاودێریان، یان هەتا حاڵیان چاك دەبێت، لەدادگا بۆیان بپارێزرێ، بەڵام دەبێ بۆ ئەوماوە خواردن و جل و بەرگیان بۆدابین بکرێت.

وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ وَلَا تَأۡكُلُوهَآ إِسۡرَافٗا وَبِدَارًا أَن يَكۡبَرُواْۚ وَمَن كَانَ غَنِيّٗا فَلۡيَسۡتَعۡفِفۡۖ وَمَن كَانَ فَقِيرٗا فَلۡيَأۡكُلۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ فَإِذَا دَفَعۡتُمۡ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡ فَأَشۡهِدُواْ عَلَيۡهِمۡۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبٗا (النساء ٦)

وابتلوا اليتامى حتى إذا بلغوا النكاح} هەتیوان بخەنە ژێر تاقیکردنەوەوە، هەتا ئەگەنە تەمەنی بلووغ بوون و ژن خواستن و توانای ژن و مێردی، واتە: بەجارێ ماڵەکە گشت مەکەنەوە مشتیان، بەڵکو بەیناوبەین شتێکیان بدەنێ و چاودێریان بن: ئاخۆ ئەزانن خەرجی بکەن؟ {فإن آنستم منهم رشدا} ئینجا ئەر دیتان بە فام و ژیرن و خاس و خراپ لەیەك دەکەنەوە {فادفعوا إليهم أموالهم} ئەوسا ئێوەیش بێ دواکەوتن پارەو سامانەکەیان بدەنەوە، منالٚ هەرکە پێگەیشت و بلووغ بوو، بەوە لەهەتیویی دەردەچێ و، دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ: (لايُتمَ بعدَ أحتلام، ولا صُماتَ يوم إلى الليل) ئەبووداود. بەپێی ماندوبوون لەگەڵ هەتیودا نان بخۆن: {ولا تأكلوها إسرافا و بدارا أن يكبروا} بەرلەوە هەتیوەکان گەورەببن، ئێوە ئەی چاودێرانی هەتیوان! بە زێدەڕەویی و بەپەلە ماڵەکەیان مەخۆن {ومن كان غنيا فليستعفف} ئەوی دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار بێت، دەبێ خۆبپارێزێ و هیچ شتێك لەو سامانە وەرنەگرێ بۆخۆی, تەنانەتی بۆچاودێریشیان کرێیی نەوێت {ومن كان فقيرا

فليأكل بالمعروف} كێش هەژار و نەدارە، دەتوانێ بەپێی پێویستی ژیانیی خۆی، بەپێی باوی رۆژ لێی بخوات، پێغەمبەریش دەفەرموێ: (كُلْ من مالِ يَتيمِكَ غيرَ مُسْرِفٍ ولامُبَذِّرٍ ولا متأثل مالا، ومن غير أن تَقِيَ مالَكَ ..){فإذا دفعتم إليهم أموالَهم} هەر كاتێكیش بلووغ بوون و ، و یستتان ماڵ و سامانەكە بدەنەوە دەستیان ئەی چاودێران! {فأشهدوا عليهم} دەبێ شایەتیان لەسەربگرن، هەتا بۆدوایی كێشەو هەرا نەنێنەوە {وكفى بالله حسبيا} خۆ هەرخواش بۆچاودێریی و لێپرسینەوە بەسە، ئەگەر رەفتاری رێك و پێك نەكەن تۆڵەتان لێ ئەسێنێ.
پێش هاتنی دینی ئیسلام عەرەبەكان میراتیان بە ژن و منداڵ نەدەدا.. بەڵام كە قورئان هات بەشە میراتی بۆ هەموان داناو فەرمووی:
لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلۡوَٰلِدَانِ وَٱلۡأَقۡرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنۡهُ أَوۡ كَثُرَۚ نَصِيبًا مَّفۡرُوضًا (النساء ٧)
للرجال نصيب مما ترك الوالدان والأقربون} لەو كەلەپوورەی لەدوای باوك و دایك و خزمانی نزیك ، جێدەمێنێ، نێرینە بەشی خۆی هەیە {وللنساء نصيب مما ترك الوالدان والأقربون} و هەروا لەو میراتەش لە باوك و دایك و خزمانی نزیك بەجێ دەمێنیت ، مێینەش بەشی خۆی هەیە، هەرچەندە لە بەشەكاندا جیاوازی و فەرق و تەفاوت هەبێ {مما قل منه أو كثر} ئەو میراتە كەم بێت، یان زۆر {نصيبا مفروضا} بەشی هەركەسێك لەلایەن پەروەردگارەوە دیاریكراوەو بڕاوەتەوەو دەبێ بیدرێتی، جا ئەندازە و رێژەی ئەم بەشەیە لەم ئایەتەدا دیاریی نەكراوە، بەڵام هەر لەم ئایەتانەی سوورەتی (نیساء)دا كە دەفەرموێ: (يوصيكم الله في أولادكم ..) وە لەئایەتی (١٧٦)دا كە دەفەرموێ: (يستفتونك قل الله يفتيكم في الكلالة) ئەو رێژەیە روونكراوەتەوە.
وَإِذَا حَضَرَ ٱلۡقِسۡمَةَ أُوْلُواْ ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينُ فَٱرۡزُقُوهُم مِّنۡهُ وَقُولُواْ لَهُمۡ قَوۡلًا مَّعۡرُوفًا (النساء ٨) كەسانی بێ بەش لە میرات، دەبێ بەشدار بكرێن: {وإذا

حضر القسمة أولوا القربى واليتامى والمساكين فارزقوهم منه} هەرکە لەکاتی دابەشکردنی کەلەپوورەکەدا خزمانی نزیکی مردوو و میرات نەگر، وە هەتیوان و بێ نەوایان لەوێ بوون، دەبێ لەومیراتە شتێکیان بدەنێ و بێ بەشیان نەکەن، هەرچەند میراتیشیان نەکەوێ {وقولوا لهم قولا معروفا} وە بەرووی خۆش و جوانەوە قسەیان لەگەڵ بکەن، با رەنجە دڵ نەبن و لێتان نەتۆرێن.

وَلۡيَخۡشَ ٱلَّذِينَ لَوۡ تَرَكُواْ مِنۡ خَلۡفِهِمۡ ذُرِّيَّةٗ ضِعَٰفًا خَافُواْ عَلَيۡهِمۡ فَلۡيَتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡيَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدًا (النساء ٩) ستەم لە منداڵان مەکەن: {و ليخش الذين لو تركوا من خلفهم ذرية ضعافا خافوا عليهم} ئەو کەسانەش کە لەپاش خۆیان چەند وەچەو منداڵێکی بێ دەسەڵات و لاواز بەجێ دێڵن ، دەبا لەکاتی وەسیەتکردندا ترسی خوایان لەدڵدا بێ و، شتێکی وا لەپاش خۆیان رانەسپێرن ناهەقیی و ستەم بێ، واتە: جۆرە وەسیەتێ نەکەن، زیان بەژیان و ژیواری خێزانە جێماوەکەی بگەیەنێ و، بەو هۆیەوە لات و کەلەلا بکەون، (سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس) نەخۆش بوو و ویستی دووبەشیی ماڵەکەی بکاتە خێرو سەدەقە، جێی ئاماژە پێکردنە تەنیا کیژۆڵەیەکیشی هەبوو، ئەوجا پێغەمبەر رێی لێگرت و نەیهێشت، ویستی نیوەی ببەخشێ، هەر رێی نەدا، کردیە سێیەك، ئینجا رێگەی داو، فەرموویشی هێمان سێیەکیش زۆرە، جا بۆدوایی فەرمووی: (إنك أَنْ تَذَرَ وَرَثَتَكَ أغنياءَ خيرٌ مِنْ أنْ تَذَرَهُمْ عالة يتكففون الناسَ) فتح الباری. واتە: پاش خۆت میراتبەرەکان بەتێرو تەسەل بەجێ بێڵیت باشترە، هەتا بکەونە دەسگرتنەوە لای مەردم {فليتقوا الله وليقولوا قولا سديدا} دەبا لەخوا بترسن و هەمیشە بەرامبەر بەمافەکانیان قسەی باش و پەسەند بکەن.

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا إِنَّمَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ نَارٗاۖ وَسَيَصۡلَوۡنَ سَعِيرٗا (النساء ١٠)

هەرەشە لە ماڵخۆرانی هەتیو: {إن الذين يأكلون أموال اليتامى ظلما}

ئەوکەسانەی کە بەستەم و ناهەق، ماڵ سامانی منداڵانی هەتیوو بێ باب دەخۆن {إنما يأكلون في بطونهم نارا} بێ سۆ تەنها ئاگر دەکەنە سك و ورگیانەوە، پێغەمبەریش خواردنی ماڵی هەتیوی بەیەکێ لە گوناحە گەورەکان ئەژماردووە. (فتح الباری) {و سيصلون سعيرا} و بەزووییش دەخرێنە ناو ئاگرێکی زۆر گەرم و بەگڕی دۆزەخەوە. رێنماییەکانی ئایەتی (٧-١٠): ١- دانانی یاسای میرات لەئایینی ئیسلامدا، جا هەرکەسێك لەخزمان و هەتیوان و بێنەوایان ، ئەوانەی میرات نابەن، لەکاتی دابەشکردنی میراتەکەدا لەوێ بوون، دەبێ شتێکیان بدرێتێ، خۆئەگەر بەشیان نەدرا دەبا بەقسەیەکی خۆش بەڕێ بکرێن و هەوڵی رازی بوونیان بدرێ. ٢- ئامۆژگاری ئەو کەسە بکرێت لە گیانەڵڵادایە کە: لە وەسیەتەکەیدا ناهەقیی لەمنداڵەکانی نەکا. ٣- دەبێ زۆر بەچاوی سۆزەوە چاودێری هەتیوان بکرێ، خواردنی ماڵی هەتیو بەناهەق و ستەم، هەڕەشەی سەخت هەیە بەرامبەریی و بەگوناهی گەورەش دانراوە، دیاریکردنی بەشێك لەمیرات بۆ ئەوخزمانە میراتیان پێنابڕێت، لەئایەتی (١٨٠)ی سوورەتی (بەقەرە) یشدا باسکراوەو ئەندازەیەك درێژەی پێدراوە، پێشەوا (بوخاریی) لە(ئیبن عەباس)ـەوە دەڵێت: ئەم ئایەتەی (٨)ی سوورەتی (نیساء)ـە نەسڕاوەتەوەو کاری پێدەکرێ ، (ئیبن جەریر)یش هەروا دەڵێت، غەیری ئەمانیش زانایەکی زۆر هەمان راو بۆچوونیان هەیەو دەڵێن: ئەوانە بەشە میرات نابەن، دەبێ شتێکیان بۆ دیاری بکرێت.

وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ فَإِن كَانَ مِن قَوۡمٍ عَدُوّٖ لَّكُمۡ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ وَإِن كَانَ مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا (النساء ٩٢)

وماكان لمؤمن أن يقتل مؤمنا} رێنەدراوە هیچ باوەڕدارێك باوەڕدارێکی دیکە بکوژێت, بۆیە ئەو هەموو وردەکاریی و (ئیحتیات)ـەشکراوە {إلا خطأ} بەخەتاو بەهەڵە نەبێت، ئەگینا کوشتنی موسڵمان-بەناهەق- هەرگیز ڕەوانییە {ومن قتل مؤمنا خطأ} و هەرکەسێك مرۆڤێکی باوەڕداری بەهەڵە کوشت، دەبێ لەتۆڵەیدا دووشت ئەنجام بدات {فتحریر رقبة مؤمنة} یەکەم: ئازادکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار، چونکە گوناهێکی گەورەی کردووە {ودیة مسلمة إلى أهله} دووەم: خوێنێك بەکەس و کارەکەی بدرێ {إلا أن یصدقوا} مەگەر بیکەنە سەدەقەو بیبەخشن {فإن كان من قوم عدو لكم} خۆئەر کوژراوەکە لە تیرەیەکی خوانەناسی دوژمنتان بوون {وهو مؤمن} و موسڵمانیش بوو, ئەوا یەك شتی دەکەوێتە سەر، وەکو دەفەرموێ: {فتحریر رقبة مؤمنة} بەندەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات، واتە: خوێنی نادرێ {و إن كان من قوم بينكم وبينهم ميثاق} خۆئەگەر ئەومرۆڤە ئیمانداره کوژراوە لەتیرەیەکی خوانەناسی سوێندخۆر و هاوپەیمانتان بوو {فدیة مسلمة إلى أهله} ئەبێ تۆڵەی خوێنەکەی بەمیراتبەری کوژراوەکە بدرێ {و تحرير رقبة مؤمنة} و بەندەیەکی بڕواداریش ئازادبکا {فمن لم يجد} جا هەرکەسێك بەندەی دەست نەکەوت، واتە: توانای کڕینی نەبوو، یان هەربەندە نەمابوو، وەکو ئێستا {فصيام شهرين متتابعين} ئەوە دوومانگی ڕەبەق لەسەر یەك بێ وچان بەرۆژوو دەبێ، مەگەر نەخۆش بێت {توبة من الله} تاخوا پەشیمانی لەبکوژەکە وەرگرێ {وكان الله عليما حكيما} و خواش زانای کار دروستە, ئەزانێ چ بڕیارێك چاکە بۆ ئادەمیزاد.

وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا (النساء ٩٣)

کوشتنی موسڵمانێ بە ئەنقەس تۆڵەی جەحەنەمە بەردەوام: {ومن يقتل مؤمنا متعمدا} و هەرکەسێك بەدەستی ئەنقەست مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ

بکوژی {فجزاؤه جهنم خالدا فیها} سزاو تۆڵەی هەر دۆزەخە و بەهەتاهەتاییش تێیدا ئەمێنێتەوە {وغضب الله علیه ولعنه} غەزەب و تووڕەیی خوا لەسەرەو نەفرینیشی لێکردووە {وأعد له عذابا عظیما} و سزایەکی گەورەو قورسیشی بۆئامادە کردووە. ڕێنماییەکانی ئایەتی (٩٢-٩٣): ١- مرۆڤی خاوەنباوەڕ، هەرگیز ناتوانێ بەدەس ئەنقەست کەسێکی باوەردار بەناهەق بکوژێ. ٢- تۆڵەی کوشتنی مرۆڤ بەهەڵە: ئازادکردنی بەندەیەکی باوەڕدارە، دەبێ خوێنەکەیشی بدرێ بەکەس و کارەکەی. ٣- ئەگەر کوژراوەکە لەهۆزی بوو پەیمانیان لەگەڵ مۆرکرابوو، دەبێ خوێن بەکەسوکارەکەی بدرێ و، بەندەیەکیش ئازاد دەکرێ. ٤- ئەگەر کوژراوەکە موسڵمان بوو, بەڵام سەر بەهۆزێکی کافرو دژوار بوو، بۆئەوە تەنیا بەندەیەك ئازاد دەکرێت. واتە: خوێنیان پێنادرێ. ٥- هەرکەسێ بەندەی دەس نەکەوت، دەبێ دوومانگی ڕەبەق - بەدوای یەکدا - بەرۆژوو بێ. ٦- کوشتنی دەس ئەنقەست: یا تۆڵەو (قیصاص)ی لێوەردەگیردرێ، یان بەتەنیا خوێنی دەدرێ، خۆئەگەر کەس و کارەکەی هیچ کامێکیان ئەنجام نەدا بۆکەس وکاری کوژراوەکە، ئەوا خوا لەقیامەتدا پاداشتی دەداتەوە و بۆخۆیشی کارێکی باشیکردووە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا تَبۡتَغُونَ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٞۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا﴾ (النساء ٩٤)

که چوونە جیهاد هەموو شتێ لێك بدەنەوە: ئیمامی (بوخاریی) دەڵێ: کابرایەکی دەوڵەمەند باوەڕی هێناو، موسڵمانەکانیش بێ ئاگابوون لێی، جاکاتێ هات و سڵاوی لێکردن، ئەوان وتیان: ئەمە بۆئەوە سڵاو دەکا ئێمە نەیکوژین و، مەڕومالاتەکەی بپارێزێ، بۆیە لێیان قەبووڵ نەکردو کوشتیان!!

جا ئەم ئایەتە هات و فەرمووی: {یا أیها الذین آمنوا إذا ضربتم فی سبیل الله} ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە! کاتێ لەبەر ڕێی خوا دەچنە جیهاد، یان هەرکارێکی تر دەکەن {فتبینوا} بەباشی بکۆڵنەوە لەو خەڵکەی پێیان دەگەن و لەخۆتانەوە بە کافریان دامەنێن و مەیانکوژن {ولا تقولوا لمن ألقی إلیکم السلام لست مؤمنا} و ئەوکەسە داوای ئاشتیی دەکاو دەیەوێ فەرمانبەردار بێ، ئێوە پێی مەڵێن: ئیماندار نیت {تبتغون عرض الحیاة الدنیا} دەتانەوێ بەوە سامان و داراییەکی ژیانی دونیا بەدەست بخەن {فعندالله مغانم کثیرة} خۆ بەلای خواوە غەنیمەتێکی زۆرو فراوان هەیە {کذلك کنتم من قبل} ئێوەیش -بەر لەمە- هەر ئاوابوون و ئیمان هێنانتان هەر بەوشێوە بوو لێیشتان وەرگیرا {فمن الله علیکم} جاخوا بەبەزەیی خۆی ڕێزی گرتن و منەتی نایە سەرتان و دینی خۆی سەرخست و، ئێوەش ئیمانی خۆتانتان دەربڕی {فتبینوا} جا بۆجارێکی تر پێیان دەڵێتەوە: لەکارەکانتان بکۆڵنەوە ئەوسا ئەنجامیان بدەن. واتە: پەلە مەکەن لەبڕیارداو وردو لەسەرخۆبن {إن الله کان بما تعملون خبیرا} بەراستی خوا هەمیشە لەوکاروکردەوە دەیکەن بەئاگایەو، هەر بەپێی ئەوەش پاداشت و تۆڵەتان ئەداتەوە. ڕێنماییەکانی ئایەتی (٩٤): ١- دەبێ بۆجیهاد ڕێگەی دوورو درێژ ببڕدرێ. ٢- دەبێ لەو شتانە بکۆڵینەوە کە کردنیشیان بەهەڵە زیانێکی گەورەی لێ دەوەشێتەوە. ٣- وەرگرتنی پەندو ئامۆژگاری لەڕووداوەکان.)

إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوۡ يُصَلَّبُوٓاْ أَوۡ تُقَطَّعَ أَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم مِّنۡ خِلَٰفٍ أَوۡ يُنفَوۡاْ مِنَ ٱلۡأَرۡضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمۡ خِزۡيٞ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (مائدة ٣٣)

تۆڵەی ئەوانەی دژی خواو پێغەمبەر خراپە دەکەن: (ئیبن کەسیر) -وەك لەبوخاریدا هاتووە- دەڵێ: کاتێ هۆزی (عورەینە)، لەئیسلام پاشگەز بوونەوەو، پاشان شوانەکەی پەیامبەریان کوشت و، وشترەکانیشیان بەتاڵان برد،

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوەو فەرمووی: {إنما جزاء الذين يحاربون الله ورسوله} بێگومان تۆڵەو جەزرەبەی کاری خراپی ئەوانەی دژایەتی لەگەڵ خواو پێغەمبەری ئەودەکەن و، دژی ئەو دەجەنگن و دەکوژن و هێرش دەکەنە سەر شارو گوندەکان {ويسعون فى الأرض فسادا} بەردەوامیش لە عەرزدا هەوڵی فەسادوکاری گەندەڵی و خراپە کاری دەدەن و، ڕێ لەخەڵکیش دەگرن، تۆڵەیان ئەوەیە کە: {أن يقتلوا} ئەوانەیان خەڵکیان کوشتووە، دەبێ بەتوندیی و بێ بەزەییانە بکوژرێن {أو يصلبوا} ئەوانەشیان خەڵك دەکوژن و سامانیشیان دەبەن، دەبێ هەڵواسرێن و لەدار بدرێن {أو تقطع أيديهم وأرجلهم من خلاف} ئەوانەشیان تەنها سامانی خەڵك بە تاڵان دەبەن، دەبێ یان دەست و پێیان -ڕاست و چەپ- ببڕدرێ {أو ينفوا من الأرض} یان شار بەدەر بکرێن، لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر، وەیان زیندانی بکرێن، ئەگەر تەنها خەڵکیان دەترسان، واتە: نەکەسیان دەکوشت و نەداراییشیان دەبرد {ذلك لهم خزى فى الدنيا} لەدنیادا ئەوە ریسوایی و سەرشۆڕییە بۆیان {ولهم فى الآخرة عذاب عظيم} و لەدوارۆژیشدا سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە. بەڵێ.. ئەم مەسەلەی دژایەتیی و ڕێگرتنەیە درێژەیەکی هەیەو، لەکتێبە فیقهی یەکاندا وەك پێویست باسکراوە، بۆیە لێرە ئێمە درێژەی نادەینێ.

إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبلِ أَن تَقدِرُواْ عَلَيهِمۖ فَٱعلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيم (المائدة ٣٤)

إلا الذين تابوا من قبل أن تقدروا عليهم} مەگەر ئەوانەیان پێش ئەوە بیانگرن و دەسەڵات پەیدا کەن بەسەریاندا ، پەشیمان ببنەوە، دیارە ئەودەمە ئیتر مافی خوایان لەکۆڵ دەکەوێ و، تەنیا مافی ئادەمییان لەسەر دەمێنێ و، دەبێ ئەو ماڵە بدەنەوە، یان ببەخشرێن {فاعلموا أن الله غفور رحيم} بشزانن کە بەڕاستیی خوا زۆر لێبوردەیە، زۆریش میهرەبانە، هەرکەس گەڕایەوەلای، لێیخۆش

دەبێ. ڕێنمایەکانی ئایەتی (٣٣-٣٤): دیاریکردنی تۆڵەی ڕێبڕو ئەوانەی کە لەدەسەڵاتی سەرداری ئیسلامیی سەردەم دەردەچن و هێزو تواناو چەکیان هەیەو، دەچنە شاخ و دەشت و دەرو، دەست دەکەنە هێرش بردنە سەر موسڵمانان، جا ئەوانە خۆیان دەکوژرێن و، ماڵ و سامانیان دەبرێت، تۆڵەی دنیاشیان ئەوەیە کە لەئایەتەکەدا باسکراوە، لەقیامەتیشدا دوای ئەوەی کە لەدنیادا تۆڵەیان لێکرایەوە، خوا لەگوناحەکانیان دەبووریٚ: (فَمَنْ وفىَ منْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى الله، ومَنْ أصابَ منْ ذلك شيئا فَعُوقبَ به فهو كَفّارَةٌ لَهُ، ومَنُ أَصابَ منْها شيئا وسَتَرَهُ اللهُ فَأَمْرُهُ إلَى الله إن شاءَ عَذّبَهُ وإَنْ شاءَ غَفَرَ لَهُ). واتە: ئەوی بۆ تۆڵەو جەزرەبە لێوەرگرتن، خۆی بەدەستەوە بدا، پاداشەکەی دەکەوێتە لای خوا، ئەوەش کاری لەوانە دەکاو ئەوجار تۆڵە دەدریٚ، دەبێتە کەفارەت و مایەی پۆشینی گوناحانی، هەرکەسێکیش تووشی کاری لەوانە بوو، ئەوجار خواش لێیداپۆشی، ئەوەحەواڵەی خوایە، ویستی سزای دەدا، یان لێی خۆش دەبێ. موسلیم/ كتاب الحدود: ١٣٣٣. جەماوەری زانایان دەڵێن: جەردەش بەعەرەبی (لێ) حسابی (موحاریب)ـی بۆ دەکرێت، جا بۆ یەکەمجار داوای لێدەکریٚ واز بێنیٚ، خۆ ئەگەر هەر وازی نەهێنا، ئەوا جەنگی لەگەڵ دەکریٚ، ئەوسا ئەگەر تۆ لەپێناو دیفاعدا کوژرایت، شەهیدو بەهەشتی ئەبی، خۆ ئەگەر جەردەکە کوژرا، خوێنی بەفیڕۆ دەچێت، (ئەبو هورەیرە) -خوای لیٚ ڕازی بێت- بۆ پشتگیری ئەو ڕاستییە ئەم فەرموودەیە دێنیٚ کە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر گوتی: ئەر مرۆڤێك ویستی دەس بەسەر ماڵەکەمدا بگرێت؟ فەرمووی: نەیدەیتیٚ، وتی: ئەی ئەگەر جەنگی لەگەڵ کردم، فەرمووی: جەنگی لەگەڵ بکەو بیکوژە، گوتی ئەی ئەگەر ئەو منی کوشت؟ فەرمووی: تۆ شەهیدیت، گوتی: ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی: لەدۆزەخدایە. جەماوەری زانایان دەڵێن: هەڵبژاردن و دیاریکردنی یەکیٚ لەو سزایانە بەرامبەر بە جەردە، یان بۆ ڕێبڕ و (محارب)

ئیختیاری ئیمام و پێشەوایە، ئەو دەتوانێ بەپێی بەرژەوەندی ئەوکاتەی موسڵمانان، یەکێ لەو سزایانە دیاری بکا، بەو مەرجە بێژەی (ڕو) لەئایەتەکەدا بۆ (تەغییر) دابنرێ، وەکو هەندێ دەڵێن: ئەگەرنا بەپێی تەفسیرەکەی ئێمە هەرکەسێ -بەر لەگرتنی- تەوبە بکا، لێی دەبووردرێ، مەگەر خۆی داوای تۆڵە بکا، وەیا ماڵەکەی لامابوو، ئەوە لێی وەردەگیردرێ و دەدرێتەوە دەستی خاوەنەکەی، ڕەحمەت و میهرەبانی خوای گەورە زۆر زۆرە.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ (المائدة ٣٥)

له خوا بترسن و بچنە جیهاد: {یا أیها الذین آمنوا اتقوا الله} ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! دەبێ لەنافەرمانی خوا خۆ بپارێزن و، بەردەوام بەرفەرمانی بن {وابتغوا إلیه الوسیلة} بۆ نزیکبوونەوەشتان بەخواوە، هەر هۆکارو کردەوەیەك دەزانن نزیکتان دەکاتەوە لای ئەو، دەشێ ئێوە هەوڵی بۆ بدەن و بیکەن، هەتا ڕەزامەندی ئەو بەدەست بێنن {وجاهدوا في سبیله} لەپێناو ڕێگەی خواشدا هەمیشە کۆشش بکەن و، هەوڵ بدەن و بچنە غەزا {لعلکم تفلحون} بەشکو لەهەردوو جیهاندا سەرفرازو بەختیار بن.

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا وَمِثۡلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفۡتَدُواْ بِهِۦ مِنۡ عَذَابِ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنۡهُمۡۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (المائدة ٣٦)

إن الذین کفروا} ئەوانەی خوانەناس و بێ باوەڕن {لو أن لهم ما فی الأرض جمیعا} ئەگەر هەرچی خێرو بیرێك لەزەویدایە هی ئەوان بێت {ومثله معه لیفتدوا به} و ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بخەن، بۆئەوەی (فیدیە)و بریتی بێ بۆ خۆ ڕزگارکردنیان {من عذاب یوم القیامة} لەسزای ڕۆژی قیامەت {ما تقبل منهم ولهم عذاب ألیم} لێیان وەرناگیردرێ، وسزایەکی ئێش پێگەیەنەریشیان بۆ هەیە.)

يُرِيدُونَ أَن يَخرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنهَاۖ وَلَهُم عَذَابٌ مُّقِيم (المائدة ٣٧)

يريدون أن يخرجوا من النار} هەمووكات هەوڵ دەدەن و دەیانەوێ لەو ئاگرو سزایە بێنە دەرێ و خۆ ڕزگار بکەن {وماهم بخارجين منها} بەڵام هەرچی هەوڵ بدەن قەد لێی نایەنە دەرێ و دەرباز نابن {ولهم عذاب مقيم} وسزایەکی نەبڕاوەشیان بۆ دەبێ. ڕێنمایەکانی ئایەتی (٣٥-٣٧): ١- گشت کات دەبێ لەخوا تەقوات هەبێ و، هەوڵی نزیکبوونەوە لەو بدەیت، وەدەبێ بەردەوام لەپێناو ئەودا جیهاد بکرێ. ٢- بەدەست هێنانی (وەسیله)واتە: پەیداکردنی هەر هۆیەکی خۆ نزیك کردنەوە بەخواوە واجیبە، زانایان لەپێناسەی (وسیله)دا دەڵێن: (فكل قربة هی وسیلة تقرب من رضا الله، وعلیه فكل الأعمال الصالحة هی وسیلة) هەموو کارێکی چاك و باش، هۆکاری نزیکبوونەوەیە لەخوا، کەوابوو گش ئاکارێکی باش (وەسیلە)یە. وە لەفەرموودەی صەحیح دا هاتووە: (ما تَقَرَّبَ إليَّ عَبْدٌ بشئ أَحَبّ إلیّ مما افْتَرَضْتُ عَلَیْهِ). واتە: هیچ بەندەیەك ناتوانێ بەباشترو چاکتر لەفەرزەکان، لەمنەوە نزیك بێتەوە. (وەسیلە) بە جێگاو بارەگایەکی هەرەبەرزیش لە بەهەشتدا دەڵێن، وەك پێغەمبەر دەفەرموێ: ئەوی بانگ ببیسێ و پاشان بڵێ: (اللهم ربّ هذه الدعوة التامة،والصلاة القائمة، آت محمداً الوَسِيلَةَ والفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقاماً محموداً الذي وَعَدْتَهُ)شەفاعەتی منی بۆ پێویست دەبێ، یان دەفەرموێ: (ثم سَلُوا لىَ الوسيلَةَ، فإنها منزلة فى الجنة لا تنبغي إلا لعبد من عباد الله، وأرجو أن أكون أناهو، فمن سأل لی الوسيلة حلت له الشفاعةُ) فتح الباری. روونکردنەوەیەك: راڤەکەرانی قورئان یەکدەنگن کە(وەسیلە) بریتیە لە هەموو کاروکردەوەیەکی چاك. (ئالووسی) دەڵێ: هەندێ کەس لەڕێی ئەم ئایەتەی: (وابتغوا إليه الوسيلة ..)وە، پەنا دەبەنەبەر (ساڵحان) و چاکان و دەیانکەنە (وەسیلە)ـی نێوان خواو بەندەکانی و، خاتریان دەبەنە بەر

خواو دەڵێن: (أَللهُمَّ إنا نُقْسِمُ عليك بفلان أنْ تُعْطِيَنَا كذا) هەشیانە پەنا دەبەنە بەرمردوو، یان بەرپیاو چاکێکی نادیارو (غاییب)و دەڵێ: (یا فلانُ أدعُ الله تعالی لیرزقنی کذا و کذا) وادەزانن ئەوە، بەکارهێنانی (وەسیلە)یە! فەرموودەیەکی ئاواش لەپێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە: (إذا أعْیَتکم ألأمورُ فعلیکم بأهل القبور، أوفاستغیثوا بأهل القبور)، جا لەم سۆنگەیەوە (ئالووسیی) -پاش ئەوە کە ڕێدەدا (تەوەسسول) بە پێغەمبەر لە حاڵی ژیان و مردندا بکرێت, ئەگەرچی ئەوەی پێ باشە کەهەر بە ناوەکانی خواوەبێ - دەڵێت: زۆرجار خەڵکێك پەنا دەبەنە بەر (ئەولیا)کان، بە مردوویی، یان لە ژیاندا, دەڵێ: (یا سیدی فلانُ أغِثْنِی ..) بێ شك ئەم جۆرە تەوەسسول و پەنا بردنە بەر، شیاوی موسڵمان نییەو، نابێ نزیکی بکەوێتەوە، بەڵکو گەلێ لە زاناکانمان بە (شیرك)یشیان داناوە، خۆ ئاشکرایە هەر کەسێك هاوار لە زیندوویەك (غاییب)، یان لەمردوویەکی نادیار دەکات، وادەزانێ دەسەڵاتی هێنانی خێرو، لادانی شەڕی هەیە! ئەگینا ئەو هاوارە ناکات. هەق و راستیی ئەمەیە کە: پێویستە موسڵمان لە هەموو جۆرە شتێکی ئاوا دوور بگرێ و، تەنیاو تەنیا لەخوا هاوار بکات . (تەبەرانیی) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا دووڕزییەك -مونافیق- زۆرئازاری موسڵمانەکانی دەدا، ئینجا ئەبوبەکر (خوا لێی رازیی بێ) گوتی: بابچین پەنا بەرینە بەر پێغەمبەر بەڵکو لەم دووڕووە ڕزگاربین، ئەویش فەرمووی: (إنه لا یُسْتَغاثُ بی، إنما یُسْتَغاثُ بالله تعالی) پەنا بەمن نابرێ، بەڵکو هەر خوایە پەنای پێدەبرێ . بێ شك هاوارو پەنا بردنە بەر گۆڕو گۆڕستان، کارێکە دەبێ خۆمانی لێ دووربگرین، بەتایبەتی خەڵکە بەفام و خاوەن ئاوەزەکان، ئینجا ئەمەش کە بەیناو بەین کابرای پەنابەر موشکیلەکەی جێبەجێ دەبێ، نابێ ببێتە مایەی شەرعییەتدان بەو هاوارو هانایە، چونکە بێگومان ئەو بەدەمەوە هاتنە، (ئیبتلا)و(فیتنە)یە، خۆهەندێ جاریش (شەیتان) خۆی دەکاتە کەسە هاوار بۆ براوەکەو، هاوارکەرەکەش

بەوشكڵ وسیمای شەیتانە، وادەزانێ ئەوكەسەیە ئەم هانای پێ بردووە، بێ لەوەش بە (كەرامەت)ـی دەزانێ بۆی! جابۆ پتر بە ئاگابوون لەم مەسەلەیە، دەتوانی خۆت تەماشایەكی تەفسیری (ئالووسیی) بكەیت.

وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقطَعُوٓاْ أَيدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيم
(المائدة ٣٨)

سزای دز: بەر لەهاتنی دینی ئیسلام، بڕینی دەستی دزو خوێن و(قەسامە) وچەن شتێ تر، باوبوون و هەبوون، هەركە ئیسلامیش هات، ئەوانەی گشت سەلماند و هەندێ مەرجی تریشی خستە سەریان، وەكو دەفەرموێ: {والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما} دەستی پیاوو ژنی دز، لەتۆڵەی دزیكردندا ببڕن {جزاء بما كسبا نكالا من الله} لەتۆڵەو سزای دزیكردندا، بڕیارێكە لەخواوە دراوە، دەبێ ئەنجامی بدەن، پێغەمبەر دەفەرموێ: (لَعَنَ اللهُ السارِقَ يَسْرِقُ الْبَيْضَةَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ، ويَسْرِقُ الْحَبْلَ فَتُقْطَعُ يَدُهُ) متفق عليه. یان دەفەرموێ : (تُقْطَعُ يَدُالسارِقِ في رُبُعِ دينارفَصَاعداً). (بوخاریی)و(موسلیم) {والله عزیز حكیم} و خواش زۆر بەتواناو باڵادەست و، كاربەجێ و كارزانە، هەمووشتێكی پڕ لەحیكمەتە.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ فَلَا يَقۡرَبُواْ ٱلۡمَسۡجِدَ ٱلۡحَرَامَ بَعۡدَ عَامِهِمۡ هَٰذَاۚ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ عَيۡلَةٗ فَسَوۡفَ يُغۡنِيكُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦٓ إِن شَآءَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ حَكِيم
(التوبة ٢٨)

رێ بەموشریك نادرێ بچێتە مزگەوتی (حەرام)ـەوە: {یا أیها الذین آمنوا} ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! {إنما المشركون نجس} چاك بزانن هەرچی هاوبەشدانەرو موشریكە ناپاك و پیسن لەبیروباوەرو نیەتیاندا، لە باوو نەریتیاندا {فلا یقربوا المسجد الحرام بعد عامهم هذا} جا دوای ئەمساڵەیان (ساڵی نۆیەمی كۆچیی) نابێ نزیكی (كابە) ببنەوە، ئەمە ئەو ساڵەبوو كە (ئەبووبەكر)

ڕەزای خوای لێبی حەجی پێکردن و سوورەتی (بەرائە)یش هات {وإن خفتم عيلة} خۆ ئەگەر لەهەژاری دەترسان، بەنەهاتنی ئەوان بۆ کڕین و فرۆشتن بۆ بازاڕەکانی مەککە {فسوف يغنيكم الله من فضله إن شاء} دڵنیابن ئەگەر خوا بیەوێ لەرۆزی خۆی دەوڵەمەندتان دەکا، واتە: دەرگایەکی ترتان بۆ دەکاتەوە وگوزەرانتان باش دەکات {إن الله عليم حكيم} چوون بە راستی خوا زانایە، لەکارزان و کار جوانە، کەوابوو حەرامە موشریکان بچنـە مزگەوتی(حەرام). دیارە گومانیش نییە کە هەر گیز نابێ خانوو بەرەیشی تیا دروست بکەن، وەدەبێ لە نیوەدورگەی عەرەبییدا وەکو (مەککە، مەدینە، یەمامە، یەمەن)و دەورو بەریان دەر بکرێن، مەگەر بە ڕێبواری هاتووچۆ بکەن ، وەك لەفەرموودەدا هاتووە (أخرجوا المشركين من جزيرة العرب).

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ (التوبة ٢٩)

قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر} لەگەڵ ئەوانەشدا بجەنگێن ′ئەی بڕواداران′ کە بەخواو، بە ڕۆژی دوایی بێ باوەڕن {ولا يحرمون ماحرم الله ورسوله} و هەر شتێکیش خواو پەیامبەرەکەی ئەو حەرامیان کردبێ، ئەمان بە حەڵاڵ و رەوای دادەنێن {ولا يدينون دين الحق} و ملکەچی ئەم دین و ئاییـنە هەقەش نابن، کە تەنها ئەو دینەش ڕاست و دروستە′. {من الذين أوتوا الكتاب} ئەوانەش دەبێ ئەو جەنگەیان لەگەڵ بکرێت ، خاوەن کتێب نامەکانن، موسایی و عیسایین {حتى يعطوا الجزية عن يد} جەنگیان لەگەڵ بکەن هەتا بەدەستی خۆیان سەرانە دەدەن {وهم صاغرون} و ملکەچ دەبن بۆ شەرعی پیرۆزی ئیسلام ، واتە: ملکەچی فەرمانی خوا دەبن و لەژێر رکێفی ئیسلامدا باجوو سەرانەی خۆیان دەدەن ودەژین ، ئیمامی شافیعی دەڵێ: باج وسەرانە تەنها لە ئەهلی

کتێب و خاوەننامەکان وەردەگیردرێ. سەرنجێك: هەرمووسایی و عیساییەك باوەڕی بە موحەممەد نەبێ، مانای وایە بەسەرجەم پێغەمبەران باوەڕی نیەو، پەیڕەوی لەهەواو نەفس و ئارەزووی خۆی دەکا، نەك لە تەورات و ئینجیل، چونکە لەواندا هاتووە: دەبێ باوەڕ بە (موحەممەد) بێنن، هەر لەبەر ئەوەش بوو بڕیاری جەنگی لەگەڵدان. شیاوی باسە ئەم ئایەتە ساڵی نۆیەمی کۆچی و پاش سەقامگیربوونی نیوە دوورگەی عەرەبی هات بۆ فەرمان بەجەنگ لەگەڵ خاوەن نامەکاندا، بۆیە پێغەمبەر لەمەدینەو لەدەورووبەری مەدینە (٣٠) هەزار کەسی کۆکردەوە بۆ هێرش بردنە سەر (ڕۆم)ـەکان . تێبینی: سەرانە بڕیارێکی خوایی یە لەبەر پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نیشتمان و پێشکەشکردنی پرۆژە خزمەت گوزاریەکانەوە دەبێ نێرینەی باڵغ و ئاقڵ و فامیدەو دەست ڕۆیشتوو ئەو سەرانە بدا، وەکو موسڵمانەکان زەکات دەدەن و دەچنە سەربازیی و، پارەو پولێکیان لێ دەسەنرێت لەبەرامبەر پرۆژە خزمەت گوزاریەکانەوە، خۆئەگەر ئەوانیش چوونە ژێر تەکلیفی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانەوەو سەربازیان کرد، ئەوکات سەرانەکەیان لەکۆڵ دەکەوێ.

يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَصۡلِحُواْ ذَاتَ بَيۡنِكُمۡۖ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (الأنفال ١)

مەبەست لە (انفال) ئەو دەستکەوتانەیە کە لە کاتی شەڕی موسڵمانان لەگەڵ بێ باوەڕاندا دەستیان دەکەوێت. (انفال) کۆی (نفل) ە، کە لە بنەڕەتدا بەمانای زیادەیە. ئەم ئایەتە پیرۆزە لەغەزای بەدردا هاتوەتە خوارەوە تا شێوازی دابەشکردنی دەستکەوتەکان ڕوون بکاتەوە.. دەفەرموێت: ئەی پێغەمبەر! موسڵمانەکان کە لە جەنگی بەدردا بەشدار بوون، پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەوەی دەستکەوتەکانی شەڕەکە بۆ کێ دەبێت؟! وە چۆن چۆنی دابەش دەکرێت؟! تۆ پێیان بڵێ: دەستکەوتەکان بۆ خوداو پێغەمبەرن و، خودا

بڕیاری چۆنیەتی دابەشکردنەکەی دەدات و، ئینجا پێغەمبەریشبەو شێوەیە دابەشی دەکات.. جا لە خودا بترسن و بەچاکی بیپەرستن و، دووربکەونەوە لە مشتومڕ ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسکەوتەکان و. ڕازی بن بەوەی کە پێغەمبەر دیاری دەکات... هەروەها لە نێوان خۆتاندا چاك بن و ڕەوشتان لەگەڵ یەکدی باش بێت و، نەکەن لەسەر ماڵ و سامانی دنیا لە نێوان خۆتاندا ناکۆك بن.. ئەگەر بەڕاستیی ئیماندارن، ئەوە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی بن.)

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلأَدبَارَ (الأنفال ١٥)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بەخوداو بە پێغەمبەرهێناوە! ئەگەر بەرەنگاری بێ باوەڕان بوونەوە لەو کاتەدا کە هێرش دێننە سەرتان، پشتیان تێ مەکەن و ڕامەکەن ، بەڵکو دەبێت بەوپەڕی ئازایەتیەوە ڕووبەڕوویان ببنەوەو شەڕ بکەن لەگەڵیاندا.

وَمَن يُوَلِّهِم يَومَئِذ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ أَو مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَة فَقَد بَآءَ بِغَضَب مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئسَ ٱلمَصِيرُ (الأنفال ١٦)

هەرکەسێك بترسێت و ڕابکات و پشت لە دوژمن بکات، ئەوە دەکەوێتە بەر غەزەبی خوداو لەو ڕۆژی دواییشدا جێگەی دۆزەخ دەبێت کە خراپترین سەرەنجامە، تەنها مەگەر مەبەستی لەو پشت هەڵکردنە ئەوە بێت بچێت بۆ لایەکی تری شەڕەکە کە بزانێت بۆ پەلاماردان و هێرش بردن چاکترە، یاخود مەبەستی لە پشت هەڵکردنەکە ڕۆیشتن بێت بۆ لایەکی تری مەیدانی جەنگەکە بۆ یارمەتیدانی یەکێك یان دەستەیەك لە هاوڕێکانی تا لە دوژمن بیانپارێزێت. هەندێك لە تەفسیرنووسان دەڵێن: ئەمە لە کاتێکدا فەرزە کە دوژمن دوو چەندانەی ژمارەی موسڵمانەکان زیاتر نەبێت، خۆ ئەگەر لەو دوو چەندانە زیاتر بن، ئەو کاتە هەرکەسێك پشت بکاتە دوژمن و ڕابکات ئەم

هەڕەشە نایگرێتەوە.. هەندێك لە صەحابە ئەگێڕنەوە کە مەبەست لەم ئایەتە پشت کردنە دوژمن بووە لە شەڕی بەدردا.

فَلَم تَقتُلُوهُم وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُم وَمَا رَمَيتَ إِذ رَمَيتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبلِيَ ٱلمُؤمِنِينَ مِنهُ بَلَآءً حَسَنًا إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيم (الأنفال ١٧)

ئەی موسڵمانینە... ئەوانەی کە لە شەڕی بەدردا کوژران، کە حەفتا کەس بوون، ئێوە بە هێزو توانای خۆتان نەتانکوشتن، بەڵکو بە یارمەتیدانتان لە لایەن خوداوەو بەهۆی غیرەت خستنە ناو دڵی ئێوەو ترس خستنە ناو دڵی دوژمن و بەزۆر پیشاندانتان لەپێش چاوی دوژمنداو بەهۆی ئەو فریشتانەوە کە ناردی بۆتان _خودا ئەوانەی کوشتوە_ پێغەمبەری خودا (صلی الله علی وسلم) لەکاتی شەڕەکەدا مستێ خۆڵی بەرەو ڕووی لەشکری بێ باوەڕان هاوێشت و دوعای لێکردن. جا تۆزی ئەو خۆڵە کەوتە بەرچاوو دەم و لووتی بێ باوەڕان و بوویە هۆیەك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی موسڵمانەکان. ئینجا لێرەدا فەرمایشت دەفەرموێت: وەنەبێت تۆ ئەو خۆڵەت هاویشتبێت، بەڵکو خودا هاویشتوویەتی، چونکە خودا گەیاندیە سەر کافران و وای کرد کاریان لێ بکات.. {و لیبلی المومنین...} واتە: خودا ئەوەی بۆیە کرد، تا ئیمانداران بخاتە ژێر تاقیکردنەوەیەك کە سەرکەوتن و خۆشی بە دواوە بێت، بەڕاستی خودا زۆر بیسەرو زانایە پاڕانەوەکانتانی بیست و ئاگای لە حاڵتان بوو.

ذَٰلِكُم وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوهِنُ كَيدِ ٱلكَٰفِرِين (الأنفال ١٨)

حاڵی موسڵمانەکان و حاڵی بێ باوەڕەکان ئەوە بوو کە بینرا، بێگومان خودا فڕوفێڵ و پیلانی بێ باوەڕان ڕیسوا دەکات.

وَٱعلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمتُم مِّن شَيءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلقُربَىٰ وَٱليَتَٰمَىٰ وَٱلمَسَٰكِينِ وَٱبنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُم ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلنَا عَلَىٰ عَبدِنَا يَومَ ٱلفُرقَانِ يَومَ ٱلتَقَى ٱلجَمعَانِ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ(الأنفال٤١)

واتە: ئەی موسڵمانینە! ئەو دەستکەوتانەی کە لە کاتی جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕاندا دەستان دەکەوێت! دەبێت بکرێنە پێنج بەش، چوار بەشی بۆ ئێوەیەو دابەش دەکرێت بەسەرتاندا، بەشێکی تریشی بۆ خوداو پێغەمبەرەکە ئەویش تەرخان کراوە بۆ پێغەمبەرو کەسوکاری و هەتیوان و هەژاران و ئەوانەی کە لەسەفەردا خەرجییان لێ دەبڕێت و، ناتوانن بە ئاسانی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان .. ئەی موسڵمانینە! دەبێت دەسکەوتەکانی شەڕ بەو شێوەیە دابەش بکرێت، نەك هەر بدرێت بەوانەی کە لە غەزاکەدا بەشدار دەبن.. دەبێت ئەو دابەشکردنە ئاوا ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئێوە باوەڕدارن بە خوداو بەوەی کە ناردوومانەتە خوارەوە _ کە قورئانە_ بۆ سەر بەندەی خۆمان، کە پێغەمبەرە لە ڕۆژی جیاکردنەوەی ئیمان لە بێ باوەڕیی و ئیمانداران لە بتپەرستان، کە لە غەزای بەدردا ڕوویدا، کە هەردوولا ڕووبەڕووی یەك بوونەوەو شەڕ دەستی پێ کرد، لەو ڕۆژەدا کە خودا بەهێزو دەسەڵاتی خۆی موسڵمانەکانی سەرخست، هەرچەندە ژمارەیان کەم بوو وە ژمارەی بتپەرستەکان زۆر بوو، خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو، هەرشتێکی بوێت بێ دواخستن دەیکات. ئیماندارانی ڕاستەقینە کاتێك دەچوون بۆ جیهاد، خۆیان هەموو چەك و تفاق و پێویستیەکی جەنگیی خۆیانیان دابین دەکرد، ئینجا بە گیان و ماڵەوە ئامادەبوون کە خۆیان بکەنە قوربانی ئایینی خودا، بۆیە دەبینین خودایش وەك ڕێزلێنانێکیان بەشێك لە دەسکەوتەکانی شەڕی بۆ بڕیاردان.. بێگومان غەزای ڕاستەقینە ئەوەیە کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوداو لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلامدا بێت، نەك لە پێناو ڕەگەزایەتی و، نەتەوەپەرستی و... یان لە پێناو زەوتکردنی سامانی گەلانی ژێر دەستدا، وەکو ئیمپریالیزمی کۆن و نوێ وایان کردووەو ئێستایش هەر وادەکەن.

سُورَةٌ أَنزَلۡنَٰهَا وَفَرَضۡنَٰهَا وَأَنزَلۡنَا فِيهَآ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لَّعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ (النور ١)

بسم الله الرحمن الرحيم * سورة أنزلناها} ئەمە سورەتێکی زۆرگرنگی قورئانە و، ′پڕە لەچەندین یاسای قەشەنگ ، ئێمە بۆ تۆمان ناردۆتە خوارەوە ئەی پێغەمبەر ′ {وفرضناها} وە گەلێ فەرمان و یاسامان تێیدا بڕیار داوە {وأنزلنا فيها آيات بينات} وە چەندان ئایەتی ئاشکراو روونی′ تەشریع′ییمان تێیدا ناردووەتە خوارەوە جا کەواتە ئەم سوورەتە هەر بۆ خوێندنەوە نییە، بەڵکو بۆ یاساو بەرنامە و کار پێکردنیشە {لعلكم تذكرون} تا بەڵکو بیربکەنەوەو ئامۆژگاری پێ وەرگرن و، بەپێی ئایەتەکانی هەریەکەی ئەم سوورەتە رەفتار بکەن، بەڵێ پاش ئەوە؛ ئەم سوورەتە بەوشێوەیە دەرگای لە خۆی کردەوە.

ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ وَلَا تَأۡخُذۡكُم بِهِمَا رَأۡفَةٞ فِي دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ وَلۡيَشۡهَدۡ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٞ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (النور ٢)

زینا کەرانی (مێرو ژن) هەریەك سەد تازیانەیان لێدەن: ئینجا دێتە سەر باسی تاکە تاکەی یاساکان ، وەلە سنووروو حوکمی زیناکەرانەوە دەست پێ ئەکات: {الزانية والزانى فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة} ئەو کچ و کوڕەی زیناو شەرواڵ پیسیی ئەکەن، دەبێ لە هەریەکەیان سەد جەڵدە ′شەلاق′ی لێ بدەن. ئەمە تۆڵەی هەر کەسێکە (نێر، یان مێ) پێشتر بە شێوەی شەرعیی جووت نەبووبێ (واتە: کچ و کوڕ) بن، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەیەك گەیشتبن ′ لە نیکاحێکی سەحیحدا ′ وە ئازادو، ژیربن ، پێگەیشت و(باڵغ) بن، موسوڵمان بن، ئینجا زینا بکەن، ئەوە دەبێت بەردەباران بکرێن {ولا تأخذكم بهما رأفة فى دين الله} نابێ بەزەیی و نەرم و نیانیی و سۆز بتانگرێ لەبەرامبەر هەریەك لەو دوانەوە لە ڕاپەراندنی حوکمی خوادا، واتە: لەکاتی جێ بە جێ کردنی بڕیاری خوادا، توندوتیژبن و بەزەییتان بە زیناکەراندا نەیەتەوە، بەو شێوەیە ژمارەی شەلاقەکان، یا بەردە بارانەکە، وەکو خۆی جێ بە جێ نەکەن {إن كنتم

تۆمنون بالله واليوم الآخر} ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە {وليشهد عذابهما طائفة من المؤمنين} جا بۆ ئەوەی ئەو دوانە پتر ئێشیان پێ بگات و، خەڵکیش پەند وەرگرن، با کۆمەڵێ لە بڕواداران ئامادەی سزاکەیان بن و ببینن ′دیارە ئەو خەڵکە ئامادەبووە تازۆرتر بێت چاکترە، هەرچەندە بە ئامادەبوونی چوار کەسیش جێ بە جێ ئەبێ، ئینجا بۆ پتر قیزەون کردنی زیناو، سووک کردنی زیناکاران ئەفەرموێ:

ٱلزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوۡ مُشۡرِكَةٗ وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوۡ مُشۡرِكٞۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (النور ٣)

الزانی لا ینکح إلا زانیة أو مشركة} پیاوی زیناکەرو شەرواڵ پیس هەردەبێ ژنی زیناکەرو داوێن تەڕ،وە یان موشریك و بتپەرست مارە بکات بۆخۆی، چونکە ئافرەتی شەریفەو داوێن پاك هەرگیز هاوشانی ئەو نییە، کەواتە زیناکەران لە کۆڕی بڕواداران ئەچنە دەرەوە′ {والزانیة لا ینکحها إلا زان أو مشرك} ژنی زیناکار و داوێن تەڕیش، وە پیاوی زیناکارو،موشریکیش هەروا ئەبێ {وحرم ذلك علی المؤمنین} بێگومانە ئەو جۆرە شووکردنە و؛ ′ مارەکردنەی ژنانی زیناکاران′ لەسەر بڕوادارانی داوێن پاك حەرام کراوە. چونکە زیانی گەورەی تێدایە، قورئانیش ئەیەوێ لە نێوان موسڵمانان و ئەو تاقمەدا گشت پەیوەندیەك بپچڕێنێ. ڕوونکردنەوەیەك: ئیمامی (ئیبن کەسیر) ئەڵێ: ئەم ئایەتەی: (الزانی لا ینکح الا زانیة او مشركة ..)یە وەکو ئایەتی (٢٥/ ٤): (محصنات غیر مسافحات ولا متخذات أخدان) هەروا وەکو ئایەتی: (٥/٥): (محصنین غیر مسافحین ولا متخذی اخدان ..) وایە. واتە: تابکرێ پیاو؛ ژنی داوێن پاك مارەبکات ، ژنیش تابۆی دەست بدا شوو بە پیاوی داوێن پاك بکاو، دووریش بێت لەدۆست گرتن وداوێن پیسیی، بەڵام ئیمامی ئەحمەد- خوا لێی خۆش بێت- لەوئایەتەوە ئەڵێت: ژنی زیناکار تا تەوبە نەکا، پیاوی داوێن پاك نابێ مارەی

بکا، ئەگینە مارەی نایەت، وە هەروەها ژنی داوێن پاکیش نابێ شوو بە پیاوی داوێن پیس بکا، تا ئەویش تەوبەیەکی ڕەوان و دروست نەکا، جا ئەمەیە مانای (وحرم ذلك على المؤمنين). وەلە (سننی ئەبی داود /کتاب النكاح) ٢٢١/٢ لە (ئەبی هورەیرە)وە هاتووە: پێغەمبەر فەرموویەتی: (لا ينكح الزانی المجلود الا مثله) پیاوی زیناکەری شەلاق لێدراو، هەردەبێ ژنێکی قامچی لێدراوی وەکو خۆی مارە بکات، نابێ ژنێکی تر بێنێت. بەڵام (ئەبووعەبدول قاسم)لە کتێبی (الناسخ والمنسوخ) دا ئەڵێ: ئەو ئایەتەی: (وحرم ذلك على المؤمنين) بەئایەتی (وأنكحوا الأيامى منكم) نەسخ بۆتەوە، وە هەر ئیمامی (شافعی)یش دانی بەوەدا ناوە و دەشڵێت: ئەو ئایەتە سڕاوەتەوە.

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (النور ٤)

بوختان کردن بۆ ژنانی داوێن پاك: ئینجا بۆزیاتر پاراستنی نامووس و شەرەفی موسڵمانان بەگشتیی؛ خوای گەورە ئەفەرموێ: {والذين يرمون المحصنات} ئەو کەسانەش کە ژنانی داوێن پاك (یا پیاوانی داوێن پاك) تۆمەت بار ئەکەن بە زیناوە {ثم لم يأتوا بأربعة شهداء} پاشانیش چوار شایەت ناهێنن بۆ چەسپاندنی داواکەیان {فاجلدوهم ثمانين جلدة} دەبێ ئەوانە هەشتا شەلاقیان لێ بدەن تا جارێکیتر بە ناهەق و ناڕەوا نامووسی خەڵك لەکەدارو بریندار نەکەن {ولا تقبلوا لهم شهادة أبدا} هەتا هەتاشە نابێ شایەتیشیان بۆ شتی تر لێ وەرگرن، {وأولئك هم الفاسقون} ئا ئەوانەن لە سنوور دەر چووان، ولای خوا بە فاسق ئەدرێنە قەڵەم.

إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (النور ٥)

إلا الذين تابوا من بعد ذلك وأصلحوا} مەگەر ئەوانەی دوای ئەو کارە دزێوو ناشیرینە پەشیمان دەبنەوەو کردەوەکانیشیان چاك دەکەنەوەو، جارێکیتریش

ناگەڕێنەوە بۆ ئەوکارە {فإن الله غفور رحيم} ئەوە بێگومانە خوا بۆ ئەو جۆرە کەسانە زۆر لێبوردەیە، زۆریش میهرەبانە. ′ زانایان کێشەیان لەوەدا هەیە: ئایا ئەو ئیستیسنایەی- إلا الذين تابوا..- کوێی بڕیارەکان ئەگرێتەوە؟ جا هەریەکە یان لەو بارەوە قسەیەك ئەکات، هەندێکیان ئەڵێن: هەر سێ بڕیارەکەی لە کۆڵ ناکەوێ: (شەلاق)، وە هەمیشەش هەر فاسقەو نابێ بە شایەت، مەگەر پەشیمان ببێتەوەو لەناو خەڵکیشا بڵێ: بەڕاستی فڵان -کە من بوختانم بۆ کرد- کەسێکی پاکە، بۆ ئەوەی بە تەواوی شوێنەواری ئەو بوهتانە نەمێنێ لەناو مەردومدا، لەولاشەوە ئابڕووی ئەو خێزانە بگەڕێتەوە. بەڵێ تا ئێستا باسی پاراستنی شەرەفی موسڵمانان بوو بەگشتیی.ئێستاش باسی ئەوکەسانە ئەکات هاوسەرو ژنی خۆیان بە زیناو شەرواڵ پیسیی تاوانبار ئەکەن:)

وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ أَزۡوَٰجَهُمۡ وَلَمۡ يَكُن لَّهُمۡ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمۡ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمۡ أَرۡبَعُ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (النور ٦)

والذين يرمون أزواجهم} ئەو کەسانەش کە تۆمەتی زینا و شەرواڵ پیسیی دەدەنە پاڵ هاوسەرانیان {ولم يكن لهم شهداء إلا أنفسهم} لەهەمان کاتدا بێجگە لە خۆیان شایەتی تریان نییە شایەتییان بۆ بدەن کە ئەو ژنە زینای کردووە′چونکە چوار شایەت پێویستە بۆ ئیسپاتی زینا {فشهادة أحدهم أربع شهادات بالله} جا بۆ ئەوەی ئەو هەشتا شەلاقەی لە کۆڵ بکەوێ - ئەگەر شایەد نەبوو- ئەبێ هەریەك لەو جۆرە پیاوانە چوار جار بە ناوی خواوە شایەتی بدات و سوێند بخوات بەخوا {إنه لمن الصادقين} بڵێت: بە راستی من لەراستگۆیانم ′کە ئەڵێم ئەم ژنەم زینای کردووە′ وە بەچاوی خۆم تاوانەکە یێم بینیوە.

وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (النور ٧)

والخامسة أن لعنة الله عليه إن كان من الكاذبين} پێنجەم جاریش بڵێت: نەفرینی خوام لەسەر بێت ئەگەر لە درۆزنانیش بم ′بە کورتیی: هەر کات

کابرایەك لە ژنەکەی خۆی خانەگومان کەوت و تۆمەتباری کرد بەزینا، ئەبێ بیبات بۆ لای دادوەری ئیسلام، ئەوجا دادوەریش چوار ئەشهەدو بیللای پێ بکێشێ کە لەو قسانەدا راست ئەکات، جا بۆ جاری پێنجەم نەفرین لە خۆی بکات، ئەگەر بوختان بکاو درۆ بکات، جا ئەگەر ژنەکە بێدەنگ بوو بەردەباران دەکرێت.ئینجا ئەوکاتە بەلای ئێمامی شافیعی و زۆرێکی تر لەزانایانەوە ئەو ژنەی بەهەتا هەتایی لێ حەرام ئەبێت و، دەبێ مارەییەکەشی بەتەواوی بداتێ، لە پاشان ژنەکە بەردەباران ئەکرێ و، پیاوەکەش رزگاری ئەبێ' بەڵام لەگەڵ ئەویشدا خوای دلۆڤان دەرفەتیشی بۆ ژنەکە هێشتووتەوە، کە پاش سوێندی ئەو پیاوە دەتوانێ دیفاع لە خۆی بکات، وەك ئەفەرموێ:

وَيَدۡرَؤُاْ عَنۡهَا ٱلۡعَذَابَ أَن تَشۡهَدَ أَرۡبَعَ شَهَٰدَٰتِۭ بِٱللَّهِ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِين (النور ٨)

ویدرأ عنها العذاب} سزا لەسەر ئافرەتە 'قەزف کراوەکەش 'لا ئەبرێت و' سزانادرێ' {أن تشهد أربع شهادات بالله} کە ئەویش چوار جار شایەتی بداو؛ سوێند بە خوا بخوات و ئەشهەدو بیللا بکێشێ {إنه لمن الكاذبين} کە مێردەکەی لە درۆزنانەو، 'درۆش ئەکات زینای داوەتە پاڵم.

وَٱلۡخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِين (النور٩)

والخامسة أن غضب الله عليها} و بۆ جاری پێنجەمین ژنەکە بڵێت: خەشم و قینی خوام لەسەر بێت {إن كان من الصادقين} ئەگەر ئەو مێردەم لە راستگۆیان بێت ومنیش زینام کردبێت وە لە دوای ئەمە دادوەری ئیسلام لێکیان جیا دەکاتەوەو بۆ هەتا هەتایی لێك حەرام دەبن لە وتەی ئیمامی شافعی و زۆرترینی زانایاندا وە ژنەکە هەموو مارەیەکەشی دەکەوێ.

وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيم (النور ١٠)

ولو لا فضل الله عليكم ورحمته وأن الله تواب حكيم} خۆ ئەگەر فەزڵ و میهرەبانیی و رەحمی خوا نەبووبا لەسەرتان، و ئەوەش نەبوایە کە خوا زۆر تەوبە

وەرگرە و لە کارزان و کار جوانیشە ئێوە تووشی نارەحەتیی ئەبوون و، زۆربەی کاروبارتان لا قورس دەبوو. (ئیبن کەسیر) ئەڵێت: ئەم دە ئایەتەی خوارەوە: (إن الذين جاؤا بالإفك..) سەبارەت بە دایکی موسڵمانان (خاتوو عائیشە رضی الله عنها) هاتوونەتە خوارەوە، ئەو کاتە دووروەکان نەخشەی بۆهتانێکی گەورەیان بۆ کێشا: جا خوای گەورەیش جل جلالە ئەو کارەی بەلاوە شتێکی زۆر قورس و نارەحەت بوو.

وَلَا يَأۡتَلِ أُوْلُواْ ٱلۡفَضۡلِ مِنكُمۡ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤۡتُوٓاْ أُوْلِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱلۡمُهَٰجِرِينَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَلۡيَعۡفُواْ وَلۡيَصۡفَحُوٓاْۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٌ (النور ٢٢)

ولا يأتل أولوا الفضل منكم والسعة} ئەی خەڵکینە! با ئەوانەتان دەوڵەمەندن و؛ خاوەنی فەزڵ و سامان و ماڵن سوێند نەخۆن {أن يؤتوا أولى القربى والمساكين والمهاجرين فى سبيل الله} کە بەخشش و کەرەمی خۆیان لە نزیکان و خزم و بێنەوایان و کۆچکەرانی ڕێگەی خوا بگرنەوە لەبەرئەو بوختانەی بەرامبەریان کرا، ئەڵبەتە یەکێ لەوانە دەستی خستبوو ناو مەسەلەکەی خاتوو عائیشەوە، (مسطح)ی پورزای پێشەوا (ئەبوبەکر) بوو، ئەو پیاوێکی زۆرلات و بێ دەسەڵات وهەژار بوو، ئەبوبەکر دەستگیرۆیی ئەکرد، کەچی کاتێ ئەو بوختانە پێش هات، ئەویش بەشی خۆی تێخست!! جا ئەبوبەکر سوێندی لێ خوارد ئیتر هیچی نەداتێ... ئەوسا خوایش ئەم ئایەتەی دابەزاند و نەیی کرد لە پیاوانی مەردو جوامێرو دەهەندە کە سوێند بخۆن دەست بگرنەوە لە دەستگرۆیی خزمان وهەژاران و کۆچکەرانی ڕێگەی خوا. {وليعفوا وليصفحوا} دەبا ئەو جۆرە مەردانە عفویان بکەن و چاویان لێ بپۆشن؛ لەوەی بەسەریاندا دێت ببوورن و پشتگوێی بخەن و بڕۆنەوە سەر پیاوەتییەکەی جارانی خۆیان {ألا تحبون أن يغفر الله لكم} مەگەر ئێوە - خاوەن بەخششان - خوا لێتان ببورێت!! جا

کاتێ ئیمامی (ئەبوبەکر) ئەو ئایەتەی بیست، وتی: (بلی أحب أن یغفر الله لي) بەڵێ... بەڵێ پێم خۆشە، خوا لێم خۆشبێ، ئیتر پاش ئەوە جیرەکەی مستەحی ناردەوە بۆی و، لێی خۆش بوو، جا دوای ئەوەش (حەسان و، حیمنەو، میستەح) شەلاقی ئەو بوختانەیان لێ درا، دیارە ئەم ئایەتە ڕێزو پلەو جێگایەکی ئێجگار مەزنی ئەبوبەکر ڕەزای خوای لێبی نیشان ئەدات. (تەفسیری ئیبن کەسیر) {والله غفور رحیم} چونکە خوا زۆر لێبوردەیە، زۆریش بەسۆزو میهرەبانە.

إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ (النور ٢٣) بوختان کردن بۆ ژنانی خاوەن باوەڕی بێ ئاگا: جا دوای باس کردنی ڕووداوەکەی (ئیفك) دێتە سەر باسی ئەوانەی وا بوختان بۆ ژنانی موسڵمان و داوێن پاك ئەکەن بەگشتیی و، خاتوو (عائیشە) بەتایبەتیی، بۆیە ئەفەرموێ: {إن الذين يرمون المحصنات الغافلات المؤمنات} بێگومان ئەوانەی بوختان بە ژنانی داوێن پاکی و بێ خەبەری برواداردەکەن {لعنوا فی الدنیا والآخرة} لەدوارِۆژیشدا نەفرینیان لێکراوە {ولهم عذاب عظیم} لەگەڵ ئەوەشدا سزایەکی گەورەشیان بۆ ئامادەکراوە.)

يَوۡمَ تَشۡهَدُ عَلَيۡهِمۡ أَلۡسِنَتُهُمۡ وَأَيۡدِيهِمۡ وَأَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (النور ٢٤)

یوم تشهد علیهم ألسنتهم وایدیهم وأرجلهم بما کانوا یعملون} لەو ڕۆژەدا زمان و دەست و پێییان دەبێتە شایەد لەبەرامبەر ئەو کارانەوە دەیان کرد، جا یا هەر بەواقیعی ئەوانە دێنە قسەو گفتوگۆ و، هەریەکەیان قسەی خۆی ئەکات و، یەکە یەکە ئەو شتانە ئەڵێت کردوویانە، یان هەر شتێکیان کردبێت لەسەریان تۆمار کراوەو لێی ئاشکرا دەبێت، وەك ئیمزاو مۆرو -طبع الأصابع-ی پەنجەکان، کە ئیمڕۆ گەلێ تاوانیان پێ ئاشکرا دەکرێ.

يَوۡمَئِذٖ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلۡحَقَّ وَيَعۡلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ ٱلۡمُبِينُ (النور ٢٥)

یومئذ یوفیهم الله دینهم الحق} لەو ڕۆژەدا خوای گەورە تۆڵەو جەزای بە جێیان

دەدا. {ويعلمون أن الله هو الحق المبين} ئەوسا چاك ئەزانن كە بەڕاستی خوایە زاتی هەقی ئاشكراكەری هەموو شتێك. تەفسیری (كەشاف) ئەڵێت: لە تەواوی قورئاندا تاوانێك نییە كە خوای گەورە بەو توندو تیژیە هەڕەشەی لێ كردبێت وەك ئەوە هەڕەشە لەبوختان كەرانی خاتوو عائشە دەكات خوا لێی رازی بێت.
ٱلۡخَبِيثَٰتُ لِلۡخَبِيثِينَ وَٱلۡخَبِيثُونَ لِلۡخَبِيثَٰتِۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَۖ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ (النور ٢٦)
پاكان بۆ پاكان، ناپاكانیش بۆ ناپاكان: {الخبیثات للخبیثین} ژنانی پیس و ناپاك بۆ پیاوانی پیس و ناپاكن {والخبیثون للخبیثات} وە پیاوانی پیس و ناپوختیش بۆ ژنانی پیس و ناپاكن، چونكە هاو تەرازووی یەكن {والطیبات للطیبین} و ژنانی پاكیش بۆ پیاوانی پاك {والطیبون للطیبات} و پیاوانی پاكیش بۆ ژنانی پاكن، چونكە هیچ لایەكیان بەدناو نەبوون، ئەم ئایەتەش بەڵگەیە بۆ پاك و خاوێنی خاتو عائشە -خوا لێی رازی بێت- چونكە ئەگەر پاك نەبووبا بۆ پێغەمبەر نەدەبوو {أولئك مبرؤن مما يقولون} ئەمانە (عائشەو صەفوان) دوورو بەرین لەو تۆمەتانەی ناپاكان ئەیڵێن و رەواجی پێ ئەدەن {لهم مغفرة ورزق كريم} لەپاداشتی ئەو بوختانەدا بۆیان كراوە و رۆزییەكی نەبڕاوەیان لەبەهەشتدا بۆ هەیە.)
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ (النور ٢٧)
بێ ئیزن سەر بەماڵی هیچ كەسێكدا مەكەن: ئینجا بۆ ئەوەی كۆمەڵ و كۆمەڵگە، بەپاكی بمێنێتەوەو نەتوانن بوختان بۆ یەكتری بكەن ،بەرنامەی زیارەت و سەردانی یەكتری دادەنێت، بۆیە دەفەرموێ: {يا أيها الذين آمنوا لا تدخلوا بيوتا غير بيوتكم} ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بێ لە ماڵی خۆتان مەچنە هیچ ماڵێكی تر {حتى تسأنسوا وتسلموا على أهلها} تا مۆڵەت دەخوازن

و سڵاو له دانیشتووان و خاوەن ماڵەکان دەکەن {ذلکم خیر لکم} ئا ئەوە بۆ ئێوە چاکترە، تا بەبێ مۆڵەت خۆتان بکەن بە ژوورا {لعلکم تذکرون} بەشکو لەو شێوەیە پەندو ئامۆژگاری وەر بگرن و کاری پێبکەن. پیاوێك وتی: ئەی پەیامبەری خوا! ئایا دەبێ لەدایکشم مۆڵەت وەربگرم؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ؛ کابرا وتی: ئاخر جگە لەمن کەسێکی دیکەی نییە خزمەتی بکا؟ پەیامبەریش فەرمووی: باشە پێت خۆشە دایکت بەرووتی ببینی؟ کابرا وتی: نا، ئەویش فەرمووی کەواتە هەرکاتێ دەتەوێ بچیتە ژوورەکەیەوە ئاگاداریی بکە؛ ئەوجا بچۆ ژوورەوە. ئیمامی (بەیهەقیی و تەبەریی) ریوایەتیان کردووە.
فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فِيهَآ أَحَدٗا فَلَا تَدۡخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤۡذَنَ لَكُمۡۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْۖ هُوَ أَزۡكَىٰ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ (النور ٢٨)
فإِن لم تجدوا فيها أحدا} ئینجا ئەگەر کەسێکتان لەو ماڵانەدا دەست نەکەوت مۆڵەتتان بدا، وە یا زانیتان کەس لەماڵ نیە {فلا تدخلوها حتی یؤذن لکم} مەچنە ژوورەوە تا مۆڵەتتان ئەدرێ لەلایەن کەسێکەوە ئیزنی بەدەست بێ، چونکە خانوو بەرە ڕێزو حورمەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، هیچ کەسێك بۆی نیە حورمەتی بشکێنێ {وإن قیل لکم إرجعوا} خۆ ئەگەر پێشتان وترا بگەڕێنەوە (لەبەر هەر هۆیەك بێت) {فارجعوا} ئێوەش بەبێ دڵگرانی و نارەحەتی بگەڕێنەوە {هو أزکی لکم} ئەوەش بۆ ئێوە باشترو چاکترە {والله بما تعملون علیم} خواش ئاگادارو زانایە بە هەرچی ئێوە ئەیکەن. کەواتە پێویستە ڕێزو حورمەتی خانەو مەنزڵی هەموو کەسێك بپارێزرێ، وەنابێ هەرکەس بە ئارەزوو خۆی بکات بە ژووری هیچ کەسێکی تردا. تێبینی: ئیمامی ئەحمەد -خوا ڕەحمی پێ بکا- ئەڵێ: ئینسان هەرکات گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، چاك وایە لەدەم دەرگادا بکۆکێ، یا پێ بکوتێ بە ئەرزدا، هەر بۆیە پێغەمبەر ڕێ نادا بەوانەی - لەسەفەرێکی دوور دەگەڕێنەوە- بێ ئاگادار کردنەوەی ماڵ و منداڵ بەشەو خۆیان بکەن بەماڵا! له

فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: کاتێ پێغەمبەر لەسەفەر دەگەڕایەوە، لەنزیك شاری مەدینەدا بارخانەیان دەخست تاکو نزیکی ئێوارە، ئەوسا ئەیفەموو: با ئەو ژنانە ئامادە نین بۆ پێشوازی مێردەکانیان، خۆ ئامادە بکەن و ، پاك و تەمیزی خۆیان بکەن و، پرچەکانیان شانە بکەن . (متفق علیه). خێزانی (عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود) ئەڵێ: هەرکات عەبدوڵڵا ئەگەڕایەوە بۆ ماڵ لەدەم دەرگاکەدا ئەکۆکی و، توفی دەکردەوە، تا بێ ئاگاداری ئێمە نەیێتە ژورەوەو شتێ ببینێ، حەزی پێ نەکا.

لَّيسَ عَلَيكُم جُنَاحٌ أَن تَدخُلُواْ بُيُوتًا غَيرَ مَسكُونَةٖ فِيهَا مَتَٰعٞ لَّكُمۚ وَٱللَّهُ يَعلَمُ مَا تُبدُونَ وَمَا تَكتُمُونَ (النور ٢٩)

 لیس علیكم جناح} هیچ جۆرە سەرکۆنەو گوناهێکتان لەسەرنییە بێ مۆڵەت وەرگرتن {أن تدخلوا بیوتا غیر مسکونة} کە بچنە ماڵێکەوە چۆڵ بێ و کەسی تیا نیشتەجێ نەبێ، وەك میوان خانەو دام و دەزگا حکومییەکان و مزگەوت و شوێنە گشتییەکان... {فیها متاع لکم} کەل و پەلی ئێوەی تێدا بێت {والله یعلم ما تبدون وما تکتمون} ئێوە هەرچی دەر بخەن و، هەرچیش بشارنەوە خوا دەیزانێ و ئاگادارە لێی ، دەزانێ بە چ مەبەستێکەوە ئەچنە ئەو ماڵانەوە.

ٱلنَّبِيُّ أَولَىٰ بِٱلمُؤمِنِينَ مِن أَنفُسِهِمۖ وَأَزوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۗ وَأُوْلُواْ ٱلأَرحَامِ بَعضُهُم أَولَىٰ بِبَعض فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِ مِنَ ٱلمُؤمِنِينَ وَٱلمُهَٰجِرِينَ إِلَّآ أَن تَفعَلُوٓاْ إِلَىٰٓ أَولِيَآئِكُم مَّعرُوفًاۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِي ٱلكِتَٰبِ مَسطُورٗا (الأحزاب ٦) پێغەمبەر بۆ موسڵمانان لەخۆیان فەرزترەو، هاوسەرەکانیشی دایکیانن: {النبی أولی بالمؤمنین من أنفسهم} پەیامبەر بە بڕواداران لە خودی خۆیانیش لە پێشترە ، لە هەموو کارو بارێکی دین و دنیادا، وەهەرگیز. پێی خۆش نەبووە موسڵمانان تووشی هیچ جۆرە بەڵاو نەهامەتێك ببن، هەموو کاتیش هەوڵیداوە بەرەو خێرو چاکە بچن و خۆی بەبرایان داناوە، دیارە کەدەبێ موسڵمانانیش هەر ئەو بڕیار و

حوكمیان بۆ بدا و، هەر قسەی ئەویش ببیسن، وەك خۆی لە فەرموودەیەكدا دەفەرمویٚ: (أنا أولى بكل مؤمن من نفسه، فأيما رجل مات وترك دَيْنا فإلىّ، ومن ترك مالا فلورثته).واتە: من بە خودی موسڵمانانەوە لە خۆیان بۆ خۆیان نزیكترم، جا هەركەسێ بەقەرزاری مرد، قەرزەكەی لەسەر منە و، من دەیبژێرم، هەركەسێكیش مردو ماڵ و سامانی لێبەجێما، ئەوە بۆ میراتبەرانی خۆی دەبێ. ئەم فەرموودەیە باشترین بەڵگەو نیشانەی دڵسۆزی ئەو پێغەمبەرە نیشان دەدات بەرامبەر بە ئوممەتەكەی. پێشەوا (ئەحمەد)و (ئەبوو داود) ڕیوایەتیان كردووە. {وأزواجة أمهاتهم} و ژنەكانیشی دایكیانن ، پێویستە وەك دایكی خۆیان ڕێز و حورمەتیان لێبنێن. واتە: لە ڕێزگرتن و حەرامیی مارەكردنیاندا وەك دایكیانن، بەڵام لەتەماشاكردن و خەڵوەت و. .هتد دەبێ وەك ژنانی تر مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت {وأولوا الأرحام بعضهم أولى ببعض فى كتاب الله من المؤمنين والمهاجرين} و لەكتێبی خوادا(لوح المحفوظ)، وا نووسراوە كە میراتی هێندێ لەهێندێ بەهۆی خزمایەتی نەسەبیی ، لەخەڵكانی تری نێو بڕواداران و كۆچكەران لەپێشترە، بەڵێ.. لە سەرەتای ئیسلامەوە بە هاوپەیمانی و بە موسڵمانەتی و بڕابوون بەدینی خوا، میراتیان لەیەكتر دەبرد، جا لەدواییدا لەناو موسڵماناندا ئەو حوكمەیە- وەكو(ئیبن عەباس) دەڵێ- هەڵوەشایەوەو چوویەوە سەرباری واقیعی خۆی. {إلا أن تفعلوا إلى أوليائكم معروفا} سا مەگەر لەگەڵ خزم و دۆستاندا پیاوەتیی و چاكەیەك بكەن و شتێكیان بدەنێ {كان ذلك فى الكتاب مسطورا} میرات بردنی خزمان لە یەكترو میرات نەبردنی كافر لەموسڵمان، ئەمە لەقورئانی پیرۆزدا تۆمارەو نووسراوەو دەبێ كاری پێبكرێ.
يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحۡتُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمۡ عَلَيۡهِنَّ مِنۡ عِدَّةٖ تَعۡتَدُّونَهَاۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا (الأحزاب ٤٩)

ئەحکامی ژنی تەڵاقدراو بەرلە چوونە لای: {یا أیها الذین آمنوا إذا نکحتم المؤمنات} ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە! کاتێ ژنانی بڕوادارتان مارە کردن {ثم طلقتموهن من قبل أن تمسوهن} لەپاشا تەڵاقتاندان پێش ئەوەی کە بچنە لایان {فما لکم علیهن من عدة تعتدونها} هیچ ′عیددە′ و ماوەیەکتان بەسەریانەوە نیە رێگر بێ بۆ شوو کردنەوەیان، واتە: بێ عیددە بۆیان هەیە مێرد بکەنەوە، چونکە عیددە بۆ ئەوەیە دەرکەوێ ئاخۆ سکی هەیە، یانە؟ {فمتعوهن} جا موتعەیان بدەنێ، موتعە: ماڵێکە وەك جل و بەرگ و پۆشاك و.. هتد بۆ ئاسانکردنی تەڵاقدانەکە لەسەر شانیان {وسرحوهن سراحا جمیلا} وە بە جوامێرانە دەسیان لێبەر بدەن. واتە: بە بێ زیان دان لێیان تووشی ئەزیەت و ئازاریان مەکەن. (ئیبن کەسیر) دەڵێ: ئەم ئایەتە چەند حوکمێکی گرنگی تێدایە: یەکەم: بێژەی (نیکاح) هەر بەواتای مارە کردنە، بە تایبەت کە دەفەرمووێ: (من قبل أن تمسوهن). دووەم: دەتوانرێ پێش تێکەڵاوی کردن ژن تەڵاق بدرێ. سێیەم: بێژەی (المؤمنات) ژنی کیتابیش دەگرێتەوە. چوارەم: ئیبنی عەبباس و دەستەیەك لە(سەلەف) ئەم ئایەتە دەکەنە بەڵگەی ئەوە کە تا (نیکاح) نەبێ هەرگیز تەڵاق نابێ و ناشکەوێ، ئیمامی (شافیعیی و، ئەحمەد) یش هەروا دەڵێن، بەڵام (ئەبو حەنیفەو مالیك) پێیان وایە کە پێش (نیکاح)یش تەڵاق هەیە و دەکەوێ، بۆ نموونەی هەردوکیان (إن تزوجت فلانة فهي طالق) دەست دەدا. فەرموودەیش هەرپشتگیری ئەوەدەکا کە تا (نیکاح) نەبێ تەڵاق نابێ و ناکەوێ: (لا طلاق لابن آدم فیما لا یملك) (ئەحمەد، ئەبووداود، تیرمزیی). (لا طلاق قبل النکاح)(ئیبنی ماجە). پێنجەم: بەکۆی دەنگی زانایان: هەرکاتێ ژنان تەڵاق دران - پێش چوونە لایان- عیددەیان لەسەر نییە، مەگەر مێردەکەی بمرێت، دیارە ئەوە دەبێ عیددەی ژنی مێرد مردوو هەڵژمێرێ. شەشەم: موتعە: ئەم موتعەیە لەم جێگایەدا گشتگیرە، واتە: هەر ژنێك کە مارەیی بۆ دانرابێت

و پێش دەست تێکەڵ کردن لەتەکیا تەڵاق بدرێت نیوەی مارەییەکەی خۆی دەکەوێ و هەم بەموتعەش بۆی دادەنرێت، وەك ئەفەرموێ: (وإن طلقتموهن من قبل ان تمسوهن وقد فرضتم لهن فريضة فنصف مافرضتم)٢٣٧/٢. هەروەها ژنێکیش مارەیی بۆدیاری نەکرابێت و پێش چوونە لای تەڵاق بدرێت شتێکی بۆ دادەنرێ بەناوی موتعەوە، بەڵام ئەو موتعەیەش بەپێی توانایی و دەسەڵات و، بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی مێردەکە دادەنرێ: (لا جناح عليكم إن طلقتم النساء مالم تمسوهن أو تفرضوا لهن فريضة ومتعوهن على الموسع قدره وعلى المقتر قدره متاعا بالمعروف حقا على المحسنين) ٢٣٦/٢.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا (الأحزاب٥٩)

دەبێ ژنان خۆیان بە چارشێو داپۆشن: {يا أيها النبى قل لأزواجك وبناتك ونساء المؤمنين} ئەی پەیامبەر! بەژنەکانت، کچەکانت و ژنانی بڕوادار بڵێ: {يدنين عليهن من جلابيبهن} لە باڵاپۆش و عاباکانیان بپێچن بە خۆیانا، بە شێوەیەك کە تەواوی سەرو مل و جەستەیان داپۆشێ. پێناسەیەك بۆ جیلباب: ئیبنی عەباس دەڵێت: جیلباب: ئەو جل و بەرگەیە تەواوی جەستە هەرلە پێ تا تەوقە سەر داپۆشێ؛ دەشکرێ بڵێین: ئەو پارچە قوماشەیە کە ژنان بەسەر جل و بەرگەکانیاندا دەیپێچن بەخۆیاندا وەکو عەبا کە ژنانی عێراقیی بەکاری دێنن. بەڵێ ژنان هەرکاتێ لەماڵ چونە دەرێ بۆهەر ئیش و کارێکی پێویست، دەبێ ئەو (جیلباب)ـە بەکار بهێنن و تەواوی سەرو مل و گەردن و سنگ و بەرەکیان پێداپۆشن هەتا دەگاتە قولە پێیان، بەکارهێنانی ئەو پارچە حیجابەش کە ئێستا لەناودایە جێی جیلباب دەگرێتەوە بەمەرجێك (میقنەعە)ـی لەگەڵدابێ. {ذلك أدنى أن يعرفن فلا يؤذين} ئەو خۆداپۆشینەش لەبارترین شتە ′ کە ئێوە بە پاك و خاوێنی و داوێن پاریزی بناسرێن و بەر قسەو بوختان نەکەون و ئازارو

ئەزیەت نەدرێن {وكان الله غفورا رحیما} هەمیشەو بەردەوام خوا چاوپۆشیكارە بەرامبەر بەوانەی پێشتر درێغیان هەبووبێت زۆریش میهرەبانە لەگەڵ ئەوانەدا فەرمانەكانی جێبەجێ دەكەن.

فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَۖ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (محمد ٤)

كاتێ تووشی بێ دین و خوانەناسان بوون لە ملیان دەن: پاش ئەوەی خوای جوانكار بە ئاشكرا جەنگی راگەیاند لەگەڵ ئەو خوا نەناس و بێ بڕوایانەدا، ئینجا موسڵمانەكان هەڵ دەنێ بۆیی و دەفەرمووێ: {فإذا لقيتم الذين كفروا} جا كاتێ گەیشتن بەبێ بڕواكان لەجەنگدا {فضرب الرقاب} لەگەردنیان بدەن ، واتە: ملیان بپەڕێنن و سەریان لەلاشەیان بكەنەوە {حتى إذا أثخنتموهم} بجەنگن تاكاتێ لاوازیان دەكەن بەكوشتار لێكردنێكی زۆرو شكاندنیان {فشدوا الوثاق} ئنجا ئەوەی ماوە دیلی بكەن و، مەحكەم بیان بەستنەوەو چاودێرییان بكەن ڕانەكەن {فإما مناً بعد} ئەوسا یان بە خۆڕایی و منەت خستنە سەریان، ئازادیان بكەن، ئەگەر پێشەوای موسڵمانان پێی چاك بوو {وإما فداء} یان بەفیدیەو بریتیی، واتە: دیل بەدیلیان پێ بكەن، یان شتێكیان لێ وەرگرن، بەڵام ئەمە دوای ئەوەیە شەوكەت و پەڕوباڵیان دەشكێت و دەسەڵاتی جەنگیان نامێنێ. (ئیبن كەسیر) دەڵێ: لەوە دەچێ ئەم ئایەتە پاش ڕووداوەكەی (بەدر) هاتبێ، چونكە لەوێ بەهۆی ڕاگرتن و ئازاد كردنی دیلەكانەوە - پێش شكاندنی شەوكەتیان - (عیتاب) و گلەیی هاتە سەریان، وەك ئەفەرمووێ: (ما كان لنبی أن يكون له أسرى حتى يثخن في الأرض)(٥٧/٨). پاشان هەندێ دەڵێن: ئەم ئایەتی سوورەتی(قیتال)ـە، بەئایەتی (فإذا انسلخ الأشهر الحرم فاقتلوا

المشركين حيث وجدتموهم) له سووره‌تی (به‌رائه) سڕاوه‌ته‌وه‌و مه‌نسوخه‌، ئه‌گه‌رچی زۆربه‌ی زانایان رایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه که نه‌سڕاوه‌ته‌وه‌و، (پێشه‌وا) بۆ خۆی ده‌سه‌ڵاتی هه‌یه له‌نێوان ئازاد کردنی دیله‌کاندا به‌منه‌ت و خۆڕایی، یان به‌بارمته‌و بریتی، یان به‌کوشتن، یه‌کێکیان هه‌ڵبژێرێ. به‌به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌که پێغه‌مبه‌ر له‌نێو دیله‌کانی (به‌در)دا (نه‌زری کوڕی حاریس)ـه‌و (عوقبه‌ی کوڕی ئه‌بی موعه‌یت)ی کوشت. {حتى تضع الحرب أوزارها} تا جه‌نگ ته‌واو ده‌بێ. به‌ڵێ.. جه‌نگ گه‌لێك که‌ڵك و سوودی هه‌یه‌، له‌وانه‌: له‌شی مرۆڤ به‌هێز ده‌کات، ته‌کنه‌لۆژیا گه‌شه ده‌کات، گه‌ل زیاد ده‌کات، مرۆڤه‌کان هۆشیار ئه‌بنه‌وه‌، سته‌مکارانیش تیا ئه‌چن. ده‌ڵێن: (ئه‌ره‌ستۆ) به‌ئه‌سکه‌نده‌ری وتووه‌: ئاسایش و پاڵدانه‌وه‌، زیانی گه‌وره دێنی به سه‌رگه‌لدا، بۆیه وتراوه‌: ئه‌گه‌ر ویستت گه‌لێك سه‌رکه‌وێ بیخه‌ره جه‌نگه‌وه‌، ئه‌و کاته ده‌رگای به‌ختیاریی بۆ ئه‌کرێته‌وه‌، هه‌رگه‌لێکیش خۆی بدزێته‌وه له‌دیفاع له‌خۆیو، حه‌ز به‌دانیشتن و پاڵدانه‌وه بکات، ئه‌وه خۆی بردۆته سه‌ر لێواری تیاچوون (ته‌فسیری مه‌راغیی).

{ذلك} ئه‌وه بڕیاری خوا بوو: جه‌نگ له‌گه‌ڵ بێ بڕوایاندا، دیل کردنیان، پاشان به‌ره‌ڵا کردنیان به‌و شێوه‌یه‌، وه یان به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك پێشه‌وا بڕیاری بۆبدا. {ولو يشاء الله لانتصر منهم} ئه‌گه‌ر خوا بیویستبا ،خۆی تۆڵه‌ی لێ وه‌ر ئه‌گرتن و له‌ناوی ئه‌بردن، به‌بێ ئه‌وه‌ی فه‌رمان به‌ئێوه بکات جه‌نگیان له‌گه‌ڵ بکه‌ن {ولكن ليبلوا بعضكم ببعض} به‌ڵام ئه‌وه‌ی نه‌ویست، بۆ ئه‌وه‌ی به‌یه‌کتر تاقیتان بکاته‌وه‌، واته‌: بۆ ئه‌وه ئێوه به‌کافران تاقیبکاته‌وه به جه‌نگ و جیهاد {والذين قتلوا في سبيل الله} وه ئه‌وانه‌ی له‌رێی خوادا کوژران {فلن يضل أعمالهم} خوا کارو هه‌وڵی ئه‌وانه له‌ناو نابا، به‌ڵکو به‌چه‌ند قات بۆیان زیاد ئه‌کات.

سَيَهدِيهِم وَيُصلِحُ بَالَهُم (محمد ٥)

سیهدیهم} له‌دونیاشدا رێنمایان ئه‌کات بۆ کاری چاك و هۆکاره‌کانی بردنه

بەهەشت {ویصلح بالهم}کاروباریان بۆ ئاسان دەکاو، حاڵیشیان چاك ئەکات.
وَيُدخِلُهُمُ ٱلجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُم (محمد٦)
ویدخلهم الجنة عرفها لهم} و ئەیانباتە بەهەشتەوە کە بەجۆرەها شێوە بۆی باسکردوون، بەشێوەیەك کە هەموو کەسێك جێگای خۆی ئەزانێ و لێی ون نابێت، هەروەك ئەو رۆژە لەدایك بووبن ئاشنان پێی. پێغەمبەر دەفەرموێ: (یعطى الشهيد ست خصال: عند أول قطرة من دمه: تكفر عنه كل خطيئة، ويرى مقعده من الجنة، ويزوج من الحور العين، ويأمن من الفزع الأكبر، ومن عذاب القبر، ويحلى حلة الإيمان).(مسند الإمام أحمد : ٢٠٠/٤. شەهید هەر لەڕژانی یەکەم دڵۆپی خوێنیەوە شەش شتی ئەدرێتێ: هەموو تاوانێکی ئەپۆشرێ، جێی خۆی لەبەهەشتدا ئەبینێ، لە حورەلعەینەکان ژنی ئەدرێتێ، لەترسە گەورەکەی قیامەت بێ خەم ئەکرێ، لەعەزاب و سزای گۆڕ رزگاری دەبێ، جلکی رازاوەی ئیمانی لەبەر دەکرێ.
قَد سَمِعَ ٱللَّهُ قَولَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوجِهَا وَتَشتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ (المجادلة ١)
قد سمع الله قول التی تجادلك فی زوجها} بێگومان خوا قسەی ئەو ژنەیە بیست گفت و گۆی لەگەڵ تۆ کرد (ئەی موحەمەمد ! لەبارەی مێردەکەیەوە {وتشتكی إلى الله} و سکاڵای بۆلای خوا ئەبرد بۆ چارەسەر {والله یسمع تحاورکما} لەکاتێکدا خواش گوێی لەگفتوگۆکەی هەردووکتانە وە بوو. رۆژێك (ئەوسی کوری سامیت) رکی لە خاتوو (خەولە)ی هاوسەری هەڵسا وتی: تۆ لەجێگەی دایکمی، پاشان (خەولە) رۆیشت بۆلای پەیامبەر و رووداوەکەی بۆگێڕایەوە، ئەویش فەرمووی لێی حەرام بوویت و نابێ بگەڕێیتەوە لای.(خەولە) ش وتی: سوێند بە خوا تەڵاق بە دەمیا نەهاتووەو باوکی منداڵانمەو خۆش ئەوێ ، پەیامبەریش وەڵامی هەر ئەوەبوو بۆی، ئیتر خەولەش هەر ئەڕۆیشت

و ئەهات و بە خەفەتەوە ئە تلایەوە و رووی دەکردە خواو هاناو سکاڵای خۆی بۆخوا دەبرد، دەرەنجام خوای میهرەبانیش بۆ وەڵامەکەی چوار ئایەتی ئەوڵی ئەم سوورەتەی ناردە خوارەوە. پێشەوا ئەحمەد. ٤١٠/٦ {إن الله سميع بصير} بەراستی خوا خوایەکی بیسەری ئەو پاڕانەوەو وتوو وێژەی ئەوانە، بە کردو کرداریشیان بینایە.

ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَٰتُهُمۡ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ (المجادلة ٢)

ئەوانەتان لە ژنەکانتان (ظیهار) ئەکەن و پێیان ئەڵین: ئێوە لەجێی دایکمانن ، یان وەك پشتی دایکمانن {ما هن أمهاتهم} ئەوانە دایکیان نین {إن أمهاتهم إلا اللائی ولدنهم} دایکیان هەر ئەو ژنانەن ئەوانیان لێ بووە {وإنهم ليقولون منكرا من القول وزورا} وە بەڕاستی ئەوانە قسەیەکی ناپەسەندو درۆیەکی نابەجێ دەکەن {وإن الله لعفو غفور} وە بەراستی خوا خوایەکی بەخشەری گوناهپۆشە.

بەڵێ.. لەپێش ئیسلامدا کەسێك بە ژنەکەی وتبا: تۆ بۆ من وەك دایکمی، بە عەرەبی:(أنتِ كظهر أمی) ئیتر بەهەتا هەتایی لێی یاساغ ئەبوو، جا کاتێ ئیسلام هات ئەو رەفتارەی هەڵوەشاندەوەو بە تەلاقی دانەناو، بڕیاریشیدا کە ئەگەر ئەو پیاوە بیەوێ ئەو ژنە بکاتەوە بە ژنی خۆی و لەگەڵیا بژی، ئەبێ کە فارەت بدات، بەو شێوەیە کە لەئایەتی دواییدا روون کراوەتەوە. ئینجا باسی کەفارەتی ئەو وشەیە دەکا کە دەڵێ تۆ لەجێی دایکمی، یان تۆ بۆمن وەك پشتی دایکمی .

وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ(المجادلة ٣)

والذين يظاهرون من نسائهم} ئەوانەی لە ژنەکانیان (ظیهار)ئەکەن {ثم يعودون لما قالوا} لەپاشان دەگەڕێنەوەو پەشیمان دەبنەوە لە قسەی خۆیان و ئەیانەوێ

بیانکەنەوە بە ژنی خۆیان، ئەوە دەبێ پێش ئەوە یەکێ لەم سێ شتە بکەن: {فتحریر رقبة من قبل أن یتماسا} یەکەم: پێش ئەوە بگەنە یەك و تێکەڵیی ژن و مێردی بکەن ، بەندەیەك ئازاد بکەن، واتە: ئەگەر (ظیهار)کار ویستی هاوسەرەکەی بکاتەوە بەژنی خۆی، ئەوە نابێ نزیکی بکەوێتەوە تا کەفارەت ئەدا {ذلکم توعظون به} ئەوی خوا واجبی کردە سەرتان لە ئازادکردنی بەندە ئامۆژگارییەکە بۆتان، ئامۆژگاریتان پێ دەکرێ، تا جارێکی تر ئەو وتانە بەدەمتانا نەیەن {والله بما تعملون خبیر} خواش ئاگادارە بەوکارو کردەوانە ئێوە دەیکەن.)

فَمَن لَّم يَجِد فَصِيَامُ شَهرَينِ مُتَتَابِعَينِ مِن قَبلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّم يَستَطِع فَإِطعَامُ سِتِّينَ مِسكِينٗاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ وَتِلكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (المجادلة ٤)

فمن لم یجد فصیام شهرین متتابعین} دووەم: ئەو کەسەی کۆیلەی نەبوو ئازادی بکات، یان پارەی نەبوو پێی بکڕێت، ئەوە ئەبێ دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژوو بێت. ڕاڤەکارانی قورئان ئەڵێن: ئەگەر بێ بڕوو بیانووی شەرعیی مۆڵەتی بەخۆی داو رۆژێکی لێنەگرت، ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مانگەکە {من قبل أن یتماسا} بەر لەوە بەیەك بگەن و تێکەڵ ببن {فمن لم یستطع فإطعام ستین مسکینا} سێیەم: جا ئەوەی نەیتوانی دوومانگەکە بەڕۆژوو بێت (لەبەر پیری، یان لە بەرنەخۆشیی) با شەست هەژار لە ژەمێك خواردن تێر بکات، واتە: بەهەر کەسێکیان (٦٠٠) غم، گەنم، یان جۆ، یاخورما، یان برنج بدا، یان نرخەکەیان ، ئەو جانزیك بکەوێتەوە {ذلك لتؤمنوا بالله ورسوله} ئەو کەفارەتەش بۆ ئەوەیە کە باوەڕتان بتەو بێت بەخواو بە پەیامبەرەکەی ئەو، واتە: خۆتان ببەستن بەبەرنامەکەی خواوەو، جارێکی تر ئەو قسانە نەکەن {وتلك حدود الله} ئەمانەش سنوورو فەرمانی خوان، تێنەپەڕن بەسەریاندا {وللکفرین عذاب ألیم} بۆ ئەو بێ باوەڕانەش نکووڵی ئەو حوکمانە دەکەن سزایەکی بە

ئێش هەیە.
﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمۡتَحِنُوهُنَّۖ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّۖ فَإِنۡ عَلِمۡتُمُوهُنَّ مُؤۡمِنَٰتٖ فَلَا تَرۡجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلۡكُفَّارِۖ لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّۖ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّۚ وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ وَلۡيَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْۚ ذَٰلِكُمۡ حُكۡمُ ٱللَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡۖ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ﴾ (الممتحنة ١٠)

ژنی موسڵمان بە موشریك بەشوو نادرێ، موشریکیش بە موسڵمان ناشێ: {یا أیها الذین آمنوا إذا جاءکم المؤمنات مهاجرات} ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ژنە باوەڕدارەکان کە لەمەککەوە کۆچیان کرد بۆلای ئێوە لە مەدینە {فامتحنوهن} جا بۆخۆتان تاقییان بکەنەوە، بزانن راست ئەکەن لەبڕواکەیاندا؟ لەبەر ئیسلام هاتوون، یان لەمێردو کەس و کاریان هەڵاتوون ؟!. لەپەیمان نامەکەی (حودەیبیە)داهاتبوو: ئەو کەسەی لەمەککەوە دێت بۆلای موسڵمانەکان، نابێ وەری بگیرن، بەڵام ئەوانە لەلای موسڵمانەکانەوە بچن بۆلای کافرەکان، ئەوان دەتوانن وەریان بگرن ولای خۆیان بیانهێڵنەوە. جا پاش ماوەیەك ئافرەتێکی (أم کلثوم) ناو لەمەککەوە هات بۆمەدینە، پاشان دوو برای هاتن بەدوایدا تا بەپێی مەرجەکان بیبەنەوە، پەیامبەریش فەرمووی: ئەو مەرجانە تەنها بەرامبەر بەپیاوانە، ژنان ناگرێتەوە.. جاپاش ئەوە خوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە، ئەوسا ئیتر دوای ئەوە سوێندی ژنانیان ئەدا کە لەمێردیی و کەس و کاری نەتۆراوە و تەنها لەبەر خاتری ئایینی ئیسلام هاتووە {الله أعلم بإیمانهن} خواش زاناترە بەئیمانەکەیان، ئەو چاك ئەزانێ چۆن و بۆچی ئیمانیان هێناوەو کۆچیان کردووە؟ {فإن علمتموهن مؤمنات} جا ئەگەر زانیتان باوەڕدارن و، تەنها لەبەر ئیسلام هاتوون {فلا ترجعوهن إلی الکفار} مەیانگێڕنەوە بۆلای مێردە کافر و بێبڕواکانیان {لا هن حل لهم} چونکە ئەو ژنانە حەڵاڵ نین بۆ ئەو پیاوە

کافرانە {ولا هم يحلون لهن} و ئەو پیاوە بێبڕوایانەش حەڵاڵ نین بۆ ئەو ژنە بڕوادارانە، واتە: ژنی موسڵمان دەبێ تەنها بۆ پیاوی موسڵمان بێت {وآتوهم ما أنفقوا} وە بدەن بە مێردە کافرەکانیان ئەوەی خەرجیان کردووە بۆ ئەم ژنانە، بۆ ئەوەی تەنها ژنەکانیان لەدەست دەرچووبێت {ولا جناح عليكم أن تنكحوهن إذا آتيتموهن أجورهن} گوناحتان لە سەر نیە کە ئەو ژنانە نیکاح بکەن لە خۆتان، کاتێ مارەییەکەیانتان دانێ، چونکە بەموسڵمان بوونەکەیان پەیوەندی ژن ومێردییان لەگەڵ ئەواندا ئەپچڕێ، پاش تەواو بوونی عیدەش -ئەگەر پێشتر شوویان کردبوو- ئەتوانن مارەیان بکەن {ولا تمسكوا بعصم الكوافر} و ئێوەش ژنە کافرەکان رامەگرن، واتە: ئەو ژنانە کەلە (دار الكفر)دا بە جێماون و موسڵمان نەبوون، وا دابنێن هەرژنتان نەبوون، کەوابوو ئێستا ئەتوانن خوشکیان، یان پووریان مارەبکەن لە خۆتان {واسئلوا ما أنفقتم} ئێوەش (ئەی مێردە موسڵمانەکان)! داوای ئەومارەییە بکەن -لەو کەسەی مارەیکردووە- مەسرەفتان کردووە بۆیان {وليسألوا ما أنفقوا} و بائەوانیش داوای بکەن چیان خەرجکردووە، واتە: ئەگەر پیاوێك خۆی موسڵمان بوو و کۆچی کرد و، ژنەکەشی بەکافری مایەوە و پاشان مێردیکرد، دەبێ مارەییەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەم پیاوە موسڵمانەی، وە ئەگەر ژنێك هیجرەتی کردو موسڵمان بوو-پاش عیددەش- مێردی کردەوە، دەبێ مارەییەکەی بگێڕێتەوە بۆمێردە کافرەکەی {ذلكم حكم الله يحكم بينكم} ئا ئەوە حوکم و بڕیاری خوایە، حوکم و بڕیار دەدا لە نێوانتاندا سەبارەت بە ژن و پیاوی موسڵمان و کافر {والله عليم حكيم} خواش خوایەکی زانای دانایە.)

وَإِن فَاتَكُمۡ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ إِلَى ٱلۡكُفَّارِ فَعَاقَبۡتُمۡ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتۡ أَزۡوَٰجُهُم مِّثۡلَ مَآ أَنفَقُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ (الممتحنة ١١)

وإن فاتكم شئ من أزواجكم إلى الكفار} ئەگەر یەکێ لە ژنەکانتان لە دەستان

دەرچوو و گەڕانەوە بۆ لای بێباوەڕەکان و، ئەوانیش مارەیانکردو مارەییەکەیان بۆ ڕەد نەکردنەوە {فعاقبتم} جائێوەش تۆڵەتان لێکردنەوە، واتە: جەنگ لەنێوان ئێوەو کافراندا بەرپابوو و بەغەنیمەت شتێکتان لێگرتن {فآتوا الذين ذهبت أزواجهم مثل ما أنفقوا} جا لەودەستکەوتە بدەنە ئەوانەی ژنەکانیان ڕۆیشتوون، وێنەی ئەوەی خەرجیانکردووە لە مارەییەکەدا {واتقوا الله الذى أنتم به مؤمنون} وە لەو خوایە بترسن ئیمان و باوەڕتان پێی هەیە، و بڕیارەکانیشی سەرجەم جێبەجێ بکەن.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشۡرِكۡنَ بِٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡرِقۡنَ وَلَا يَزۡنِينَ وَلَا يَقۡتُلۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ وَلَا يَعۡصِينَكَ فِي مَعۡرُوفٖ فَبَايِعۡهُنَّ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (الممتحنة ١٢)

بەیعەتی ژنان بەپێغەمبەر: کاتێ پەیامبەر مەککەی ئازاد کرد، پیاوان دەهاتن پەیمانیان لەسەر فیداکاری بۆ ئیسلام لەگەڵ دەبەست، ئینجا سەبارەت بەو ژنانەش موسڵمان دەبوون دەهاتن ئەم ئایەتە هات و فەرمووی: {يا أيها النبى إذا جاءك المؤمنات} ئەی پەیامبەر! کاتێ ژنانی باوەڕدار هاتنەلات {يبايعنك} بەیعەتت پێ بکەن، جا تۆش لەسەر ئەم شەش خاڵە گرنگە: {على أن لا يشركن بالله شيئا} یەکەم: لە سەر ئەوەی هیچ شتێ نەکەنە هاوبەشی خوا، و بەتاك و تەنیای بزانن {ولا يسرفن} دووەم: دزی نەکەن {ولا يزنين} سێیەم: زینا نەکەن {ولا يقتلن اولادهن} چوارم: منداڵەکانی خۆیان نەکوژن و زیندە بەچاڵیان نەکەن وەك سەردەمی نەزانیی {ولا يأتين ببهتان يفترينه بين أيديهن وأرجلهن} پێنجەم: هیچ بۆختانێك نەکەن لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا، واتە: منداڵی خەڵکی نەکەنە منداڵی خۆیان، لە سەردەمی نەفامیدا هەرژنێك ترسی بووبا مێردەکەی -لەبەرئەوە منداڵی نابێت دەری بکا- دەچوو منداڵی دۆزراوەی

دەهێناو دەیکرد بەمنداڵی خۆیی و بە مێردەکەی دەگوت ئەمە لەتۆیە.. ئینجا خوای گەورە بەو ئایەتە ئەو کارەی لێ قەدەغە کردن. {ولا یعصینك فی معروف} شەشەم: لە هەموو کارێکی چاکەدا سەرپێچیی و نافەرمانێت نەکەن {فبایعهن} ئەوسا تۆش بەیعەتیان لێوەرگرە . بەڵێ.. لە رۆژی دووەمی ئازادکردنی مەککەدا، ژنانیش پاش هاتنی پیاوان، پۆل پۆل دەهاتنە (سەفا)و موسڵمان دەبوون، پەیامبەریش بەزمان - نەك بەدەس خستنە ناو دەس- لەسەر ئەو خاڵ و مەرجانەی سەرەوە- پەیمانی لێوەر دەگرتن، شیاوی باسە پێغەمبەر بەهیچ شێوەیەك دەستی لە دەستی ژنی نامەحرەم نەکەوتووە. فتح الباری: ٥٠٤/٨ {و استغفر لهن الله} وەلە خوای دلۆڤان داوای لێخۆشبوونیان بۆبکە {إن الله غفور رحیم} بەڕاستی خوا خوایەکی گوناهپۆشی میهرەبانە (تەفسیری ڕامان)

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوۡاْ قَوۡمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ قَدۡ يَئِسُواْ مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلۡكُفَّارُ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡقُبُورِ (الممتحنة ١٣)

یا أیها الذین آمنوا لا تتولوا قوما غضب الله علیهم} ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! دۆستایەتی کۆمەڵێ مەکەن (مەبەست لە جوولەکەیە) خوا غەزەبی لێگرتوون، واتە: نە بەنامەو نەبە کاغەز نووسین، و نەبە هیچ جۆرێکیتر هاوکارییان مەکەن {قد یئسوا من الآخرة} بەراستی نائومێدو بێ هیوا بوون لەقیامەت، چونکە باوەڕیان پێی نیە {کما یئس الکفار من أصحاب القبور} وەك بێ باوەڕەکان لەمردووی گوڕەکان بێ ئومید بوون زیندوو ببنەوە ، ئەوانەیش بەهیچ شێوەیەك بەهیواو ئومێدی هاتنی قیامەت و پاداشتی نین، کەوابوو دووربگرن لێیان و مەیانکەنە پشتیوان و دۆستی خۆتان و، ڕازو نیازی موسوڵمانانیان لا مەدرکێنن.

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ رَبَّكُمۡۖ لَا تُخۡرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخۡرُجۡنَ إِلَّآ أَن يَأۡتِينَ بِفَٰحِشَةٖ مُّبَيِّنَةٖۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥۚ لَا تَدۡرِي لَعَلَّ ٱللَّهَ يُحۡدِثُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ أَمۡرٗا

(الطلاق ۱)

ژن دەبێ لە عیدەی خۆیدا تەڵاق بدرێت: {بسم الله الرحمن الرحيم* يا أيها النبى إذا طلقتم النساء} ئەی پەیامبەر پێغەمبەر بە ئوممەتەکەت بڵێ: کاتێ ویستتان ژنەکانتان تەڵاق بدەن {فطلقوهن لعدتهن} جا لەکاتی دەست پێکردنی عیددەیاندا تەڵاقیان بدەن، واتە: لە حەیز پاك بن و،لەو پاکیەشدا مێرد لەگەڵیا دروست نەبووبێت. لەفەرموودەیەکدا هاتووە: (فليطلقها طاهرا قبل أن يمسها، فتلك العدة التى أمر الله تعالى أن يطلق لها النساء) بوخاریی (فتح البارى:٢٥١/٨) موسلیم:١٠٩٤/٢. واتە: ئەگەر ژنت تەڵاقدا، لەپاکیدا و پێش چوونەلای تەڵاقی بدە، هەر ئەوەیشە کە خوا فەرمووێ: ژنان لەکاتی عیددەیاندا تەڵاق بدەن. {وأحصوا العدة} حیسابی سەرەتاو کۆتایی عیددەیان بەوردیی بژمێرن، تا لێتان تێك نەچێو ژنەکەیش بە عیددەوە زۆر نەمێنێتەوە، نەوەك تووشی زیان ببێ {واتقوا الله ربكم} وەلە خوای گەورەو پەروەردگارتان بترسن و سنوورەکانی مەشکێنن و گوێرایەڵبن {لا تخرجوهن من بيوتهن} لەخانووەکانیاندا دەریان مەکەن پاش تەڵاقدان، تا عیددەیان تەواو ئەبێت، واتە: لەپێش تەڵاقداندا لەکوێ دەژییان با هەر لەوێ بمێننەوە {ولا يخرجن} ژنەکانیش بۆخۆیان بەبێ ڕەزامەندیی لەماڵ دەرنەچن، چونکە هێمان بەسراونەتەوە بەپیاوەوە {إلا أن يأتين بفاحشة مبينة} مەگەر کارێکی خراپی ئاشکرا بکەن .(ئیبن عەباس) و هەندێ لەهاوەڵانیتر ئەڵێن: مەبەست بە (فاحیشە) زیناو، هەموو جۆرە ڕەفتارێکی تری دزێوو نەگونجاوی ئەو ژنەیە. ئیمامی (شافیعی) ئەڵێ: مەبەست بەو (فاحیشە)یە، جنێوو دەم درێژی ژنەکەیە لەگەڵ خزم و کەس و کاری مێردەکەیدا. ئەو کاتە با لەوێ نەمێنن و بچن بۆ ماڵی مەحرەمی خۆیان. {وتلك حدود الله} و ئەمەیە بەرنامەو سنوورەکانی خوا لەبارەی تەڵاقەوە هۆشیاربن! دەست درێژی نەکەن {ومن يتعد حدود الله فقد

ظلم نفسه} هەرکەسێك لە بەرنامەو سنوورەکانی خوا تێپەڕێ، بێگومان ستەمی لە خۆیکردووەو سنوری خوای بەزاندووە {لا تدری لعل الله یحدث بعد ذلك أمراً} تۆ چووزانی دوای تەڵاقدانەکە چیدەبێ؟ لەوانەیە خوای کارزان کارێ تازە پێش بێنێت: ژن و پیاوەکە پەشیمان ببنەوە بۆ یەکتر، ئەو کاتە دەست بکەنەوە بەژن و مێردی خۆیان و ژیانێکی نوێ، بۆیە دەڵێین: با لە خانووەکانی خۆیاندا بمێننەوەو دەرنەچن.

فَإِذَا بَلَغنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمسكُوهُنَّ بِمَعرُوف أَو فَارقُوهُنَّ بِمَعرُوف وَأَشهِدُواْ ذَوَي عَدل مِّنكُم وَأَقِيمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَ لِلَّهِۚ ذَٰلِكُم يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ يُؤمِنُ بِٱللَّهِ وَٱليَومِ ٱلأَخِرِۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجعَل لَّهُۥ مَخرَجًا (الطلاق ٢)

لەگەڵ تەڵاقدراودا بە تەرزێکی پەسەند مامەڵە بکەن: {فإذا بلغن أجلهن} جاکە نزیکبوو- دوای یەك تەڵاق، یان دووتەڵاق- عیددەیان تەواو ببێ {فأمسکوهن بمعروف أو فارقوهن بمعروف} ئەوسا یان بەباشی ڕایانگرن و بیانهێننەوە ژێر نیکاحی خۆتان، هاوڕێ لەتەك هەڵس و کەوتی چاك و ڕەفتاری باشدا، یاخود وازیان لێبێنن و لێیان جیاببنەوە بەچاکی، ئەوانیش عیددەی خۆیان تەواو بکەن وهەرچییان ئەکەوێتە لاتان بەشێوەیەکی شەرعیی بیاندەنێ لەمارەیی و.. هتد {وأشهدوا ذوی عدل منکم} و بۆ ئەنجامدانی هەردوو بارەکە: (گێڕانەوەیان، یان تەڵاقدانیان بەیەکجاری) دووکەسی دادگەرو دادپەروەر لەخۆتان بگرنە شایەد {وأقیموا الشهادة لله} ئێوەیش -ئەی شاهێدەکان- بەڕێك وپێکی بۆ خوا شایەتی بدەن {ذلکم یوعظ به من کان یؤمن بالله والیوم الآخر} ئەوانە باسکران پەندێکن، ئامۆژگاری ئەو کەسەیان پێدەکرێت باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هەبێ {ومن یتق الله یجعل له مخرجاً} هەرکەسێك لە خوا بترسێ و سنوورەکانی بپارێزێ، خوا دەرووی خێری لێ ئەکاتەوە.

وَيَرزُقهُ مِن حَيثُ لَا يَحتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّل عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمرِهِۦۚ

قَد جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيۡءٖ قَدۡرٗا (الطلاق ٣)

ويرزقه من حيث لا يحتسب} وه ڕزق و ڕۆزی دەداتێ لەشوێنێکەوە کە خۆیشی گومانی نەدەبرد، واتە:ڕێنموونی دۆزینەوەی ڕێگای ژیانی دەکات {ومن يتوكل على الله فهو حسبه} وەهەرکەسێك پشت بەخوا ببەستێ دوای بەکار هێنانی هۆکار، ئەوە تەنیا خوای بەسەو کاروباری بۆ ئاسان دەکات {إن الله بالغ أمره} چونکە بێگومان هەرچی خوا بڕیاری لەسەر بێت، هەر ئەنجامی دەداو دەیگەیەنێتە جێ {قد جعل الله لكل شئ قدرا} بەڕاستی بۆ هەموو شتێك خوا کات و ئەندازەیەکی دیاریکردووە: خۆشیی و، ناخۆشیی، هەردووکیان تەواو دەبن و ئەبڕێنەوە.

وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشۡهُرٖ وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا(الطلاق ٤)

ژنانی مەیووس لە عوزرو، ئەوانەشیان عوزر ناشۆن: ئینجا پاش ئەوە لەسوورەتی (بەقەرە)دا عیددەی ئەو ژنانەی باسکرد حەیزیان هەیەو دەکەونە بێ نوێژی، ئیستا دێتە سەرباسی عیددەی ئەو ژنانە هێشتای بەتەمەن منداڵن، وەیان پیرن و حەیزیان نەماوە: {واللائى يئسن من المحيض من نسائكم إن ارتبتم} ئەو ژنانەتان کە بێهیوا دەبن لە بەر پیری لە تێکەوتنی (حەیز)، ئەگەر گومانتان هەبوو لەئەندازەی عیددەکەیاندا {فعدتهن ثلاثة أشهر} ئەوا عیددەیان سێ مانگە {واللائى لم يحضن} وەعیددەی ئەوانەش کەهێشتا حەیزیان نەبینیوە لەبەر باڵق نەبوون، یان هەر هۆیەکی تر، هەر سێ مانگە {وأولات الأحمال أجلهن أن يضعن حملهن} عیددەی ئەو ژنانەش دووگیانن، ئەوکاتەیە منداڵەکەیان دادەنێن، ئیتر تەڵاق درابن، یان مێردیان مردبێت {ومن يتق الله يجعل له من أمره يسراً} وەهەر کەسێك خۆ بپارێزێ لەبێ فەرمانی خوا، ئەویش کاروباری بۆ

ئاسان ئەکات.
ذَٰلِكَ أَمۡرُ ٱللَّهِ أَنزَلَهُۥٓ إِلَيۡكُمۡۚ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُعۡظِمۡ لَهُۥٓ أَجۡرًا (الطلاق ٥)
ذلك أمر الله أنزله إليكم} ئەوەی باسکرا لەحوکمی تەڵاق و عیددەو ڕەجعەت، فەرمانی خوایە بۆ ئێوەی دایبەزاندووە کاری پێ بکەن {ومن يتق الله يكفر عنه سيئاته} وە هەرکەسێك لەخوا بترسێ و کار بەتاعەتی خوا بکا، خواش لەگوناحەکانی پاکی ئەکاتەوەو چاوپۆشی لێ دەکات {ويعظم له أجراً} پاداشتێکی فرە گەورەی پێدەبەخشێت.
أَسۡكِنُوهُنَّ مِنۡ حَيۡثُ سَكَنتُم مِّن وُجۡدِكُمۡ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُواْ عَلَيۡهِنَّۚ وَإِن كُنَّ أُوْلَٰتِ حَمۡلٖ فَأَنفِقُواْ عَلَيۡهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ فَإِنۡ أَرۡضَعۡنَ لَكُمۡ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأۡتَمِرُواْ بَيۡنَكُم بِمَعۡرُوفٖۖ وَإِن تَعَاسَرۡتُمۡ فَسَتُرۡضِعُ لَهُۥٓ أُخۡرَىٰ (الطلاق ٦)
ژنانی تەڵاقدراو چۆن دەستاں دەڕوا جێیان بکەنەوە: {أسكنوهن من حيث سكنتم من وجدكم} ئەو ژنانەی تەڵاقێکیان ماوە، یان دوو تەڵاق، بەپێی تواناو دەسەڵاتتان لەو جێگەی خۆتان سکوونەتتان تیا کردووە دایان نێن و تفاقی باشیان بۆ دابین بکەن {ولا تضاروهن لتضيقوا عليهن} زیانیان پێ مەگەیەنن، تا تەنگەتاویان بکەن لە نەفەقەو لە جێگەدا بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن بە دەرچوون لە ماڵەکانیان {وإن كن أولات حمل} و ئەگەر ئەو ژنانە دوو گیان بوون، ئەگەرچی سێ تەڵاقەش درابن {فأنفقوا عليهن حتى يضعن حملهن} ئێوە نەفەقەیان بکێشن و بەخێویان بکەن هەتا سکەکەیان دائەنێن، واتە: ئەگەر ژنە تەڵاقدراوەکە دووگیان بوو، ئەوە دوو شتیان لەسەرتانە: جێگەی سکوونەت و، بەخێوکردن و نەفەقە {فإن أرضعن لكم فآتوهن أجورهن} ئینجا ئەگەر ئەو ژنە تەڵاقدراوانە - پاشداناني منداڵەکە - شیریان بە منداڵەکانتان داو گۆشیانکردن، ئەوا حەق و کرێی خۆیان بدەنێ، واتە: ئەگەر ژنە تەڵاق دراوەکە داوای کرێی کرد، ئەبێ پیاوەکە کرێی شیرپێدانەکەی بداتێ {وأتمروا بينكم

بمعروف} دەشکرێ لەناوخۆتاندا بەشێوەیەکی جوان و پەسەند راوێژ بکەن و رێك بکەون، ژنەکە بە رێك و پێکی شیرەکە بداو، پیاوەکەش کرێکەی بدات، واتە: کەسیان زیان بەمنداڵەکە نەگەیەنێت {وإن تعاسرتم فسترضع له أخرى} خۆ ئەگەر یەکترتان تەنگەتاو کردو پێکنەهاتن، واتە: باوکەکە ئەوەندە کرێی نەئەدا، دایکەکەش داوای زیاتری ئەکرد، یان شیری پێ نەئەدا، ژنێکی تر شیر بەمنداڵەکە بدا، دایەنی بۆ بگرێ و واز لەدایکە تەڵاقدراوەکە بێنێ.

لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِۦ ۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُۥ فَلْيُنفِقْ مِمَّآ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَآ ءَاتَىٰهَا ۚ سَيَجْعَلُ ٱللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا (الطلاق ٧)

لینفق ذو سعة من سعته} با دەوڵەمەنٰدو دەسەڵاتدار، بەپێی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتەکەی خۆی ماڵ بەخت بکاله سەر تەڵاقدراوەکان و شیردەرەکان {ومن قدر علیه رزقه} هەرکەسیش دەستکورت و هەژاربوو {فلینفق مما آتاه الله} با لەوە خوا پێیداوە ببەخشێت، واتە زۆر لەخۆی نەکا، چەندە دەتوانێ ئەوەندە ببەخشێت {لا یکلف الله نفسا إلا ما آتاها} چونکە خوا داوای بەخشین لەکەس ناکات، بەپێی ئەوە نەبێ پێیداوە {سیجعل الله بعد عسر یسرا} بێگومان پاش سەختی و تەنگانە ، خوا خۆشی دێنی و دەرووی خێر دەکاتەوە. تێبینی: ئایەتی (٦-٧): ١- بەرەواڵەت لەوە دەچێ کە ژنانی تەڵاقدراو مافی سوکنایان هەیەو پێویستە سوکنایان بۆ دابێن بکرێت. ٢- ژنی دووگیان هەتا سکەکەی دادەنێت، دەبێ نەفەقەی بکێشرێ، چونکە سەرقاڵە بە حەملی کابراکەوە. ٣- تەڵاقدراوی رەجعیی، لە حوکمی ژنی کابرای تەڵاقدەردایە، کەوابوو وەکو سوکنای واجیبە ئەبێ نەفەقەیشی بداتێ ، بەڵێ وایە، بەڵام سەبارەت بە ژنی تەڵاقدراو بەتەڵاقی بائین، لای ئیمامەکان خیلاف و قسەی جیاواز هەیە: ئیمامی(شافیعی) - رەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێ :حەقی نەفەقەی نیە، چونکە پەیوەندی بە مێردەکەیەوە نەماوە.ئیمامی (ئەبووحەنیفە) - رەحمەتی

خوای لێبێت - دەڵێت: حەقی نەفەقەی هەیە. ٤- ژنێ مێرد مردوو تەنها حەقی سوکنای هەیەو، هەقی نەفەقەی نیە، واتە: دەبێ لەوشوێنەدا بمێنێتەوە پێش جیابوونەوە تێیدابووە، مەگەر مانیعێکی شەرعیی هەبێ .

پوختەی باس

جاران لەنێو باوباپیرانماندا گەر کەسێك قسەیەکی نا لۆژیکی بکردایەو لە قوتابخانەدا بوایە گەرچی زۆریش منداڵ بوو بێت پێیان دەگوت خۆ تۆ خوێندەواریت؟! کەچی ئەمڕۆ کەسی وا قسەی نا لۆژیکی دەکات خاوەن بڕوانامەی بەرزی زانکۆکانی جیهانە! بەڵام بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەوەش هەر نەخوێندەوارە! دەزانێت بخوێنێتەوەو بنوسێت و لە بوارەکەی خۆیشدا توانای هەیە، بەڵام نەخوێندەوارە بە ئیسلام، نەخوێندەوارە بە یاسا قورئانیەکان، بێ ئاگایە لە مێژووی حوکمڕانیەتی ئیسلامی، نە خوێندەوارە بە دەق و یاسا ئوسوڵیەکان، نەخوێندەوارە بە ئامانجەکانی ئیسلام، نەخوێندەوارە بە جیاکاری لەنێوان ئیسلام و ئاینێکی دەستکردنی دونیایی، نەخوێندەوارە بە ژیانی عومەری کوڕی خەتاب، نەخوێندەوارە بەرانبەر سەلاحەدینی ئەیوبیش کە کورد بووەو نایناسێت.

نەخوێندەوارە گەر چی دالێکیش لە پێش ناوەکەیەوە بێت، نەخوێندەوارە گەر لاشانی و باخەڵەکانی چەندین قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگی پێوە بێت، نەخوێندەوارە گەرچی پلەو پایەو پۆستیشی هەبێت، جگە لە نەخوێندەواریش شەرم و نەنگیە درۆیەك بە دەم قورئانەوە کە هەر لاپەڕەیەکی قورئان بکەیتەوە درۆکە کەشف بکات.

کۆتایی

کە سەیری قورئان دەکەیت و هەڵوێستەی لەسەر دەکەیت توشی شۆك دەبیت لەوەی کە بە دەم قورئانەوە دەیڵێن، ئەوەی خۆت بەچاوی خۆت دەیبینیت، کە ورد دەبیتەوە لە ئایەتە یاساو ڕامیاریەکان دەگەیت بەو ئەنجامە چەند دادگەری تێدایە بۆ بنبڕکردنی گشت ئەو نادادگەریانەی کە دەکرێت، هەندێك ئایەت کە بەرچاوت دەکەوێت گریانت بۆ حاڵی زۆرکەس دێت کە چۆن خۆی کردووە بە گاڵتەجاڕی خەڵکی و خۆی پێناسەی خۆی بۆ خەڵکی دەکات، کە سەیری قورئان دەکەیت دەبینیت شتێك نی یە پێداویستی مرۆڤایەتی بێت و لەبیرکرابێت، باسی پەیوەندی وردی خێزان و چۆنیەتی هاوسەرگیری و جیابوونەوەو شیردان و مامەڵەکردن، کە سەیری قورئان دەکەیت چارەسەری گشت کێشەکانی تێدایە نەك خۆی کێشە بێت، کە سەیری قورئان دەکەیت بە ڕوونی سپی و ڕەشەکان لێك جیا دەکەیتەوە ،کە سەیری قورئان دەکەیت چەند ئەرکی مرۆڤایەتی ئاسانکراوەو خەڵکی خۆی پشتی تێ دەکات، کە سەیری قورئان دەکەیت لە بەرانبەریدا قسەیەکی حەقتر لە قورئان نابینیتەوە بۆ وتن، کە سەیری قورئان دەکەیت تاوانەکان بە ڕوونی دیاری کراوەو سزاکەشی بۆ دیاری کردووە، کە سەیری قورئان دەکەیت وەك چۆن گرنگی بە نوێژو عیبادەتەکان داوە ئاواش گرنگی بە گشت پەیوەندیەکانی تر داوە، کە سەیری قورئان دەکەیت چەند ڕۆحیە ئەوەندەش یاساییە، کە سەیری قورئان دەکەیت ئایەتەکانی درۆ دونیایەکان لە ڕیشە دێنێت.

کە سەیری قورئان دەکەیت ...کە سەیری قورئان دەکەیت...کە سەیری قورئان دەکەیت...

کە سەیری فەرموودەکان و کۆی مێژووی ئیسلامی دەکەیت هەمووی ئەوە

دەسەلمێنێت کە نەك سیاسەت لە ئیسلامدا نی یە بەڵکو سیاسەت گرنگترین پایەیە لەناو ئیسلامداو ئەو پایەش بە دادگەری الله ڕاگیراوە، چۆن خوای گەورە قبوڵیەتی ئیسلام لە نوێژو دوعادا کۆ بکرێتەوەو چارەنووسی خەڵکی لە دەستی حاکمێکی نادادگەردا بێت، چۆن خوای گەورە ئەم مرۆڤەی بەم گەورەییە دروست کردووەو وازیان لێ بهێنێت هەندێکی هەندێکی تری بچەوسێنێتەوە؟ ئایا باوکێکی دڵسۆز قبوڵ دەکات منداڵێکی منداڵەکەی تری بچەوسێننتەوەو مافەکانی بخوات و گەر حەزی کرد بیشی کوژێت؟! ئەی مەگەر ئێمە هەمووومان دروستکراوی خوای گەورە نین؟! چۆن قبوڵ دەکات لە ژێر ناوی یاساو دادگەریدا نا دادگەری بەوانی تر بکەیت، چۆن پایەیەك بە دادگەری ڕاگیراوە لە دیندا ڕازی دەبێت بەسەر خەڵکیدا بڕوخێنیت، گەر پایەکان ڕووخا بەسەرماندا عیبادەتیش چۆن لەژێر خانویەکی ڕووخاودا دەکرێت و ئەو هەموو شیش و چیمەنتۆ بەسەرتەوە بێت!

هەربۆیە گەر سکانێکی خێرای قورئان و کۆی ئیسلام بە گشتی بکەیت دەگەین بەو ئەنجامەی ئیسلام و سیاسەت نەك لێك جودا نی یە بەڵکو بەبێ یەك هەر نابێت و ناکرێت و زۆر نەگونجاوە، وە خوای گەورە پایە سەرەکی و بەهێزەکانی ئەو سیاسەتەی کێشاوەو دیکۆرات و هەندێك پێداویستی جێهێشتووە بۆ مرۆڤەکان خۆیان بیکەن، گەر مرۆڤەکان وازیان لە ئیشەکەی خۆیان هێناو نەیانکرد ئەوسا پایەکە بەسەر خۆیاندا دەڕوخێنن، تۆ کە وردە ئیشەکانت پێ نەکرێت چۆن پایەت بۆ دروست دەکرێت.

زۆرێك لەو کەسانەش خۆیان چاك دەزانن ئەوەی کە دەیڵێن درۆ دەکەن هەوڵی چەواشەکاری دەدەن، وەك چۆن وتراوە درۆ بکە درۆ بکە درۆ بکە تا بڕوات پێ دەکەن! زۆرجار ئەگەر کەسێکی نوێژخوێن هەڵەیەك بکات هەرخۆیان لۆمەی دەکەن و دەڵێن ئەوە چ مسوڵمانێکە لە خۆیدا نوێژ دەکات ! جا خۆ ئەگەر

به پێوەری تەنها عیبادەت بێت ئیتر مرۆڤەکە دوای نوێژەکەی ئازادە هەرچی دەکات و لێپرسینەوەی دینیشی نابێت لەسەر بێت، بەڵام لە ئیسلامدا عیبادەتەکانیش پەیوەستن بە کردارەکانەوە، زۆر کردار هەن نوێژ بەتاڵ دەکەنەوەو لە ئیسلامەتی خاوەنەکەی دەباتە دەرەوە. گەر دەستەڵاتداران خۆیان بۆ خۆیان پاك بن ئەوا ئیسلام باشترین سەرچاوەی ژیانەو ئاسانترین هۆکارە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی، زۆرینەی یاساکان لە قورئاندا بنەمای بۆ کێشراوە لە کۆڵ پەرلەمان کراوەتەوە، کە لەو یاسانەش باشتر دەست ناکەوێت، بەڵام کەسانێك دوای هەواو ئارەزوو بکەون و ئالودەبوون پێوەی ئەوا ئیسلام بۆ کێشەیە، چونکە ئیسلام زۆرینەی تاوانەکانی دەستنیشان کردووەو بە یاسایی قورئانی بڕاوەتەوە، کەسێك ئەخلاقیەن خۆی پێ کۆنترۆڵ نەکرێت و ئالودەی خواردنەوەو زیناو شوێن هەواو ئارەزووکانی بکەوێت ئەوا ئەو کەسە کەسێکی دواکەوتووە ئەخلاقیەن نەك قورئان، قورئان کەسەکان بۆ چڵەپۆپە دەبات و فێری بەرزترین بەهای ئەخلاقی دەکات، کێ هەیە پەیڕەوی قورئانی کردبێت و توشی کێشەی بوو بێت، ئەوەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن و دەیخەنە چوارچێوەی ئازادی کەسێتی و ڕەنگ و ناوی جوانی بە بەردا دەکەن هەر هەمان کاران لە کاتی تەنگانەدا وەك چەك بەرانبەر یەکتر بەکاری دەهێنن! زۆرجار بە فۆتۆشۆپ و بە دۆرش لەو کارە نا ئەخلاقیانە بۆ بەرانبەر دادەتاشن.
بەوە کۆتایی پێ دەهێنن ئیسلام و سیاسەت دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و دەکرێت ناوی سیاسەت بەچەند ناوی تر ببرێت و مانای تری بۆ بتاشریت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت و سیاسەت و حوکمڕانیەتی پێ دەکرێت لە ئیسلامدا دادگەری لە جێگەکەیدایە.

سەرچاوەکان

١-قورئانی پیرۆز چۆن بخوێنینەوە نوسینی مامۆستا صلاح الدين محمد بهادين چاپی دووەم ١٩٩٧ ز (ناوەندی ڕۆشنبیر : سلێمانی)

٢-تيسير علم اصول الفقه تأليف عبدالله بن يوسف الجديع ١٤٢٥ه -٢٠٠٤م (مؤسسة الريان: ليدز بريتانيا)

٣- مباحث في علوم القران ، مناع القطان ١٤١٨ ه ١٩٩٨ (مؤسسة الرسالة: بيروت لبنان)

٤- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان نووسینی بورهان محمد امين ٢٠٠٢

٥- دەنگی قورئان و سود وەرگرتن لە تەفسیرەکان، ڕامان، گوڵشەن، ئاسان، پوختەی قورئان.

پێڕست

پێشەکی: ٣
تێگەیشتن لە قورئان ١٠
قورئان... ١٤
ناوەکانی قورئانی پیرۆز... ١٥
سیفەتەکانی قورئانی پیرۆز.. ١٦
تایبەتمەندیەکانی قورئان... ١٧
ئەو حوکمانەی کە لە قورئاندا هەیە.............................. ٢٠
تێگەیشتن لە سونەت... ٢٢
پێناسەی سونەت لە ڕووی زمانەوانیەوە: ٢٣
پێناسەی سونەت لە ئیستیلاحدا: ٢٣
جۆرەکانی سونەت ٢٤
حوجەتی سونەت ٣١
ئەو حوکمانەی کە لە سونەتدا هاتووە........................... ٣٣
حوکمەکانی سونەت دەکرێن بە دوو بەشەوە..................... ٣٤
گەشتێك بەناو قورئاندا... ٣٦
نموونەی پشت کردنە حوکمی خوا لەناو جولەکەدا ٣٨
نموونەی گۆڕینی ڕاستیەکان لای مەسیحیەت ٣٨
لادان لە ڕاستیەکان و شێواندنی هەتا عیبادەتیش لای مەسیحیەت ٣٩
دادگەری لە حوکمدا! حوکم نەك عیبادەت! ٣٩
ئیمان بەبێ ڕازی بوون بە حوکمی خوا ڕەد کراوەتەوە لە قورئاندا............ ٤٠
قورئان بۆ حوکم کردن دابەزیووە بە حەق ٤١

حوكم كردن تەنها بۆ خوایە هەرئەویش چاكترینە ٤٢
حوكمی خوا لە باسی خواردندا ٤٢
پەیامە ئاسمانیەك بۆ حوكم پێكرن دابەزیوون ٤٣
غەرامەی كەسی تاوانكار... ٤٥
وشەی حوكم لە یەك ئایەتدا دووبارەش دەبێتەوە ٤٦
لادان لە حوكی خوا ئارەزوو پەرستیە ٤٧
ئاگاداری لەلادان لە حوكمی خوا ٤٩
حوكمی جگە لە ئیسلام دواكەوتن و بۆ دوا گەڕانەوەیە ٥٠
عیبادەت و حوكم و سنورەكان پێكەوە گرێدراوە لە قورئاندا ٥١
جێگەی پرسیارە هەڵبژاردنی حوكمی غەیری خوای گەورە ٥٣
لادان لە حوكمی خوا هاوەڵ دانانە، چ حوكمێكە ئەوە ٥٥
قورئان حوكم بە حەق دەكات، ئایا لە قورئان حەقانی تر هەیە.............. ٥٥
إن ٱلحكۡم إلا لله ٥٦
هەڕەشە لە لادانی حوكی خوای گەورە ٥٨
پەندو ئامۆژگاری لە چیرۆكە قورئانیەكاندا ٥٩
خوای گەورە پێویستی بە شەریك نی یە لە حوكمدا ٦٠
لە تەورایشدا حوكم هەبووە نەك قورئان كە بۆ هەتا هەتایی دابەزیووە ٦١
خوای گەورە حوكمی فێری پێغەمبەران كردووە بۆ پاك و پیس جیاكردنەوە ٦١
حوكم لەسەر كێڵگەیەك چ جای وڵات و مەلاین دۆنم و سامانی سروشتی!.... ٦٢
حوكم و زانست لای خوای گەورەیە ٦٢
پەنای ڕاستەقینە لای خوای گەورەیە كە حەقی تەواو لە حوكمەكانیدایە....... ٦٣
سەرنجی وشەی حوكم و گەلانی پێشووش بدە.. ٦٤
دەستەڵات و حوكم هەر بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە ٦٦

کێن ئەوانەی پشت لە حوکمی خوای گەورە دەکەن؟! ٦٧
حوکمی خواو دوعای پێغەمبەرمان ٦٨
گەر دین پەیوەندی نێوان خوای گەورەو بەندەکانی بوایە لێپرسینەوەش تەنها لە بواری عیبادەتدا دەبوو!..٦٨
حوکم عیلم دیسان لە پاڵ یەکدا ٦٨
کەس هاوشێوەی نی یە نە لەپەرستندا نە لە حوکمدا ٦٩
فریاد ڕەسی حەقیقی تەنها لای خوای گەورەیە ٦٩
حوکمی هەڵە جێگەی پرسیارە ٧٠
نموونەی پێشین لە حوکم کردن... ٧٠
دینی خوای گەورە پوخت و تەواوە ٧١
کەسێك زانای پەنهان و ئاشکرا بێت بەرنامەکەی شایستەی حوکمە ٧٢
بڕیارو دادوەری کردن تەنها بۆ خوایە ٧٣
پوختەی باس ١٦٥
کۆتایی.. ١٦٦
سەرچاوەکان ١٦٩

پرسیاریان لە عومەری کوڕی عەبدول عەزیز کرد چۆن توانیت بەو ماوە کەمەی حوکمڕانیەت دادگەری جێبەجێ بکەیت؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: من نێوانی خۆم و خوای گەورەم چاك کرد، خوای گەورەش نیوانی من و خەڵکەکەی چاك کرد.

ئیسلام بریتیە لە چاککردنی نێوان خود لەگەڵ کۆمەڵگەداو خود لەگەڵ خوای گەورەدا، بەو پێوەرە ئاسمانیەی کە لە قورئانی پیرۆزدا پایەکانی بۆ دانراوە

ئیسلام و سیاسەت

دوو چەمک و یەک هەڵوێست

پەیامی حوکمڕانی

د.عومەر عەلی

٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6